نەتەوە یەکگرتووەکان: کۆشتنی بە ئەنقەستی خۆپیشاندەرانی عێراق لەلایەن کەسانی چەکدارەوە هیچی کەمترنییە لە وەحشیگەریی

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

کەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5888) یەک شەممە 9ی کانوونی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

نەتەوە یەکگرتووەکان سەرکۆنەی هێرشی سەر خۆپیشاندەرانی عێراق دەکات و رایدەگەیێنێت، تەقەکردنێکی بە ئەنقەستی لەمجۆرە هیچی کەمترنییە لە وەحشیگەری. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

شاندێکی حکوومەتی هەرێم سەردانی بەغدا دەکاتەوە

دوای رێککەوتنی هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی بودجە و نەوت، بڕیارە پاش گەیشتنی پرۆژەیاسای بودجە لە حکوومەتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، شاندێکی حکوومەتی هەرێم سەردانی کوتلە سیاسییەکانی نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکەن، سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمیش لە بەغدا جەخت دەکاتەوە، کە هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە رێککەوتنەکە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بارودۆخی ئێستای عێراق بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور نەگونجاوە

لە هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەکانی لێژنەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق بەردەوامن و تا ئێستا پێنج کۆبوونەوەی راوێژکاری ئەنجام دراوە بۆ دانانی نەخشەڕێگایەک تا بزاندرێت بە چ شێوەیەک دەست بە هەموارکردنەوەی دەستوور بکرێت، وە ئەو ماددانەش دیاری بکرێن کە هەموار دەکرێنەوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



لەسەری سااڵی نوێوە

یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە

ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە رۆژنامەی خەبات تەئکیدی کردەوە کە سەرۆک کۆمار مافی ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی نییە و بڕیاری پەسەندکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوی عێراق لەسەری سااڵی نوێوە 2020 دەکەوێتە حاڵەتی جێبەجێکردن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

داعش لەناو مووسڵ سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەیە

دوای ئەوەی لە سنووری خانەقین و کەرکووک داعش دەستی بە جموجۆڵ و کردەوەی تیرۆریستی کرد، ئێستا بە شێوەیەکی بەرچاو سەری هەڵداوەتەوە و جوواڵنەیان زیادی کردووە، بەرپرسی لقی 14ی پارتیش دەڵێ، لە مووسڵیش بە هەمان شێوە داعش سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەیە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

میدیاکانی عێراق بەگرنگییەوە وتارەکەی مەسرور بارزانی بااڵو دەکەنەوە

ژمارەیەکی بەرچاوی میدیای عێراق و ناوچەکە بە بایەخەوە وتارەکەی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بااڵوەکەنەوە کە بە بۆنەی تێپەڕبوونی 100 ڕۆژ بەسەر کارکردنی کابینەی نۆیەم پێشکەشی کردو دەستکەوتەکانی حکوومەتی بۆ هاوواڵتیانی کوردستان خستەڕوو. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بە وازهێنانی عەبدولمەهدی دۆخی بەغدا ئاڵۆزتربووە

شکستی حکوومەتەکانی رابردوو عێراقی بە ئەمڕۆ گەیاندووە

بەرپرسی لقی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستان باس لە دۆخی ئەمنیی پایتەختی عێراق دەکات و رایگەیاند کە لە دوای دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق، دۆخەکە ئاڵۆزتر بووە. لای خۆیەوە، بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق کە ئەکادیمیەکی کوردە، باسی دۆخی ئاڵۆزی عێراق دەکات و ناشکرای دەکات کە خۆپیشاندەران داوای گۆڕینی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش دەکەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی:

لەگەڵ ئەوەین سەرجەم فەرمانبەرانی گرێبەست بکرێنە هەمیشەیی

چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا فەرمانبەرانی گرێبەست لە دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکرێنە هەمیشەیی. لەئێستاشدا وەزارەتی دارایی و ئابووری سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر فەرمانبەرانی گرێبەست. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



ئاستەمە لەماوەی دیاریکراودا سەرۆک وەزیرانێکی تازە لە عێراق دابنرێت

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق باس لە ئەگەرەکانی بۆشایی دەستووری لە عێراق دەکات و ئاشکرای دەکات کە ئەستەمە لە ماوەی دیاریکراودا سەرۆک وەزیرانێکی تازە بۆ ولاتەکە دابنرێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

هێمن هەورامی: فەرهەنگی پێکەوەژیان ڕەگوڕیشەی لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدایە

هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە پەرلەمانی کوردستان پێشوازیی لە شاندێکی کلێساکانی بەریتانیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەرۆکایەتیی مارکا سیاریلی کرد. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



گەڵاهەڵوەرینەکان پاییز، سرووشتی هەورامانیان جوانتر کردووە

خێرخوازێک تەنها ئەمساڵ 200 بەرمیل نەوتی بەسەر قوتابخانەکاندا دابەشکردووە

کەسێک کەلەناو خەڵک بەهاوکاری بواری پەروەردە ناسراوە (عەبدولواحید برادۆستی)ە، ماوەی چەند ساڵێکە هاوکاری قوتابخانەکان دەکات لە دابینکردنی پێداویستییەکانی قوتابخانەکان و دابەشکردنی سووتەمەنی. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

بەرپرسێکی پارتی لە مووسڵ:

داعش لەناو مووسڵ سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەیە

خەڵک داوا دەکەن پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکە بۆ ئەوەی بیانپارێزێت

دوای ئەوەی لە سنووری خانەقین و کەرکووک داعش دەستی بە جموجۆڵ و کردەوەی تیرۆریستی کرد، ئێستا بە شێوەیەکی بەرچاو سەری هەڵداوەتەوە و جوڵەیان زیادی کردووە، بەرپرسی لقی 14ی پارتیش دەڵێ، لە مووسڵیش بە هەمان شێوە داعش سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەیە.

دەشڵێ: "خەڵک داوا دەکەن پێشمەرگە بگەڕێتەوە ناوچەکە.

عەلی خەلیل، بەرپرسی لقی 14ی پارتی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە: لە مووسڵ داعش جوولەیان زیادی کردووە و شانە نووستووەکانیشیان خەریکی خۆڕێکخستنەوەن و بە شێوەیەکی نهێنی کاری خۆیان دەکەن، چەند جارێکیش هەڵمەتی پشکنینی ئەنجام دراوە و چەندین گومانلێکراو گیراون، کە گومان دەکرێت داعش بن، هەروەها پێش چەند رۆژێک لە ناوچەی سەلامیەش تەقە لە ئەفسەرێک کراوە، بۆیە داعش سەربەهەڵداوەتەوە خۆیان ڕێکدەخەنەوە بۆ ئەوەی کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدەن.

بەرپرسی لقی 14ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مووسڵ دەشڵێت: هۆکاری تێکچوونی دۆخەکە و سەرهەڵدانەوەی داعش، بۆ نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و بوونی هێزێکی زۆری میلیشیا دەگەڕێتەوە، بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە، ئەو هێزانە لە ناوشار ڕادەستی پۆلیس بکرێت. خەلیل باسی لەوەش کرد، لە دەشتی نەینەواش دۆخی ئەمنی خراپە و خەڵکی ئەو ناوچانە بە هەموو پێکهاتەکانەوە، داوا دەکەن هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکە بۆ ئەوەی بیانپارێزێت.

وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ «خەبات»:

لەگەڵ ئەوەین سەرجەم فەرمانبەرانی گرێبەست بکرێنە هەمیشەیی



خەبات/ عەلی بانیشاری

چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا فەرمانبەرانی گرێبەست لە دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکرێنە هەمیشەیی. لەئێستاشدا وەزارەتی دارایی و ئابووری سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر فەرمانبەرانی گرێبەست. وتەبێژی فراکسیۆنی پارتیش لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ: حکوومەتی هەرێم ڕەتی نەکردووەتەوە فەرمانبەرانی گرێبەست بکاتە هەمیشەیی.

پێشەوا هەورامانی، وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە (خەبات)ی ڕایگەیاند: هەڵوێستی فراکسیۆنەکەیان ڕوونە و پشتگیری ئەوە دەکەین سەرجەم فەرمانبەرانی گرێبەست لە هەرێمی کوردستان بکرێنە هەمیشەیی.

هەورامانی گوتیشی: پێش ئەوەی پەرلەمانی کوردستان داوای بە هەمیشەیکردنی فەرمانبەرانی گرێبەست بکات، حکوومەت بڕیاری ئەوەی دابوو فەرمانبەرانی گرێبەست بکاتە هەمیشەیی.

وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەشڵێت: حکوومەتی هەرێم خەریکی بەدواداچوون و زانیاری کۆکردنەوەیە لەسەر فەرمانبەرانی گرێبەست، بۆ هەمان مەبەست نوسراوی ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان کردووە و داوایکردووە مۆڵەت بدرێت تا زانیارییەکان کۆ دەکرێنەوە، لەگەڵ تەواوبوونی ڕێکارە هونەرییەکان حکوومەت وەڵامی پەرلەمان دەداتەوە.

ئەوەشی گوت: حکوومەتی هەرێم باسی ڕەتکردنەوەی بە هەمیشەیکردنی فەرمانبەرانی گرێبەستی نەکردووە.

پێشەوا هەورامانی گوتیشی: هەوڵی تەواوبوونی ڕێکارە هونەرییەکان دەدرێت و بەرگریکاری مافەکانیان دەبێت.

هەروەها باسی لەوەشکرد سااڵی ڕابردوو فراکسیۆنی پارتی چەندین دانیشتنی لەگەڵ مامۆستایانی گرێبەست و فەرمانبەرانی گرێبەست لە پارتی لە پەرلەمانی کوردستان پاڵپشتی داوای فەرمانبەرانی گرێبەست دەکات و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و تەندروستی ئەنجامداوە. وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکراشی کرد زۆربەی لیژنەکانی پەرلەمان داوایان لە وەزارەتەکان کردووە فەرمانبەرانی گرێبەست بکەنە هەمیشەیی.

13ی مانگی ڕابردوو پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پێشنیازی بڕیاری (دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست لە هەرێمی کوردستان) کرد. هەر هەمان ڕۆژ ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا لیژنەیەک بۆ بەدواداچوون بۆ بارودۆخی کارمەندانی گرێبەست پێکبهێنێت.

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لە 2019/11/28 بە نوسراوی ژمارە10373 کە ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستانی کردووە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە (وەزارەتی دارایی سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر فەرمانبەرانی گرێبەست، هەر کاتێک زانیارییەکان تەواو بوون پەرلەمان ئاگادار دەکاتەوە). بەپێی ئامارەکان 29 هەزار فەرمانبەری گرێبەست لە سەرجەم دام و دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەن.

پەرلەمانتارێکی عێراق بۆ «خەبات»:

لەسەری سااڵی نوێوە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە

کەمترین مووچەی خانەنشینی لەعێراقدا لە نێوان 500 هەزار بۆ 600 هەزار دینار دەبێت و تەمەنی خانەنشینبوونی فەرمانبەران دەبێتە 60 ساڵ

خەبات- مەریوان نەقشبەندی:

ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات تەئکیدی کردەوە کە سەرۆک کۆمار مافی ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی نییە و بڕیاری پەسەندکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوی عێراق لەسەری سااڵی نوێوە 2020 دەکەوێتە حاڵەتی جێبەجێکردن.

حوسێن عیقابی جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە گوایە د.بەرهەم سااڵح سەرۆک کۆماری عێراق یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ڕەتکردۆتەوە کە لەپەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر دراوە و بەپێی یاساکە کەمترین موچەی خانەنشینی لەعێراقدا لە نێوان 500 هەزار بۆ 600 هەزار دینار دەبێت و سااڵنە 15 ڕۆژ دوای دەرچوونی هەر یاسایەک لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەران تێبینی لەسەر یاساکە بدات بەاڵم مافی ڕەتکردنەوەی نییە و دوای 15 ڕۆژ لەدەرچوونی یاساکە لە وەقائیعی عێراقی باڵاوەدەکرێتەوە و دەکەوێتە حاڵەتی جێبەجێکردن و بەوەش لەسەرتای سااڵی تازەوە 2020 یاسای خانەنشینی یەکگرتوو لەسەرتاسەری عێراق دەکەوێتە حاڵەتی جێبەجێکردن.

شوان محەمەد تەها بۆ «خەبات»:

بە وازهێنانی عەبدولەهدی دۆخی بەغدا ئاڵۆزتربووە

بەرپرسی لقی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستان باس لە دۆخی ئەمنیی پایتەختی عێراق دەکات و ڕایگەیاند کە لە دوای دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق، دۆخەکە ئاڵۆزتر بووە.

شوان محەمەد تەها، بەرپرسی لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا، بە خەباتی ڕاگەیاند: ڕەوشی عێراق بەرەو هەڵدێرێکی ترسناک دەڕوات، ئەوەی شەوی هەینی ڕووی دا لە کوشتنی خۆپیشاندەرانی سڤیل، کارێکی زۆر نامرۆڤانە بوو.

ئەوەشی نەشاردەوە کە ئەم دۆخە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەبەکترگەیشتنی هێزە سیاسییەکانی عێراق بە بنبەست گەیشتووە ، بۆیە ڕەوشەکە ئاڵۆزە وبەرەو ترسناکی دەڕوات.

ئەو بەرپرسەی پارتی بە دووری دەزانێت دۆخی عێراق هێور ببێتەوە، بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی کە ناکۆکی لە نێوان لایەنە شیعییەکاندا هەیە و خۆپیشاندەرانیش قسەی خۆیان هەیە.

گوتیشی: وازهێنانی عادل عەبدولەهدیش دۆخەکەی هێور نەکردەوە و بگرە ئاڵۆزتری کرد، ڕەنگیشە پێکدادان دروست ببێت.

ئەمە لە کاتێکدایە کە شەوی هەینی لەسەر شەمە6 لەسەر 2019/12/7 گرووپێکی چەکداری لە گۆڕەپانی خەلانیی ناوەڕاستی بەغدا، پەلاماری خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکانیشیان دا و بۆ ماوەیەکی زۆر تەقەی ڕاستەوخۆیان لێکردن، لە ئەنجامیشدا لانی کەم25 کەس کوژران و زیاتر لە 120 کەسیش بریندار بوون کە کارمەندانی هێزە ئەمنییەکانیش لەنێو قوربانییان دان.

بەرپرسێکی کورد لە بەغدا:

شکستی حکوومەتەکانی ڕابردوو عێراقی بە ئەمڕۆ گەیاندووە

خۆپیشاندەران لە خواروی عێراقەوە بەرەو بەغدا دەچن و خۆپیشاندانەکان فراوانتر دەبن

بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق کە ئەکادیمیەیەکی کورەد، باسی دۆخی ئاڵۆزی عێراق دەکات و ئاشکرای دەکات کە خۆپیشاندەران داوای گۆڕینی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی پەرلەمانی عێراقیش دەکەن.

د.سەلام خۆشناو، بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند، لە دوای ساڵی 2003ـەوە تاوەکوو ئێستا، ئەوانەی هاتوونەتە سەر دەسەاڵت لە عێراق، لە ڕووی کارگێڕییەوە شکستیان هێناوە، بۆیە دۆخەکە بەمڕۆ گەیشتووە. ڕوونیشی کردەوە کە ئەگەر خۆپیشاندانەکانی ئێستای عێراق «هەڕەمەکی» ش بێت، ئەوا دەبێت ڕێکخستنێکی بەهێزی بۆ بکرێت و دەیانەوێت بە ئاماژەکانیان بگەن کە ئەوانیش بریتین لە نەمانی هەژموونی دەرەکی بەسەر عێراق، بەتایبەتیش ئێران.

هەروەها دەیانەوێت وڵاتەکە لە کێشەی تایفی و مەزهەبی دەربازی بێت. باسیشی لەوە کرد کە هەرچەندە عادل عەبدولەهدی لە پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەستی لەکار کێشاوەتەوە، بەاڵم خۆپیشاندەران بەردەوامن و داواکاریی دیکەیان هەیە.

گوتیشی: پەرلەمان بڕیاری داوە 205 هەزار کەس خانەنشین بکات کە هەڵەیەکی گەورە بوو خۆی خانەنشین لە عێراق 63 ساڵ بوو، ئەوان کردیان بە60 ساڵ، ئەوەش نارەزایی خەڵکی لێکەوتەوە.

سەلام خۆشناو ئاشکرای کرد کە ئێستا داواکاریی خۆپیشاندەران فراوانتر بووە و داوا دەکەن سەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆکی پەرلەمانیش دەست لەکار بکێشنەوە. ئاماژەشی بەوە کرد کە لە ڕۆژی 2019/12/ 10ـەوە، خۆپیشاندەران لە خواروی عێراقەوە بەرەو مەیدانی تەحریر لە بەغدا دەچن و خۆپیشاندانەکان فراوانتر دەبێت.



کۆڵۆمبیا لەماوەی دوو هەفتەدا ڕووبەڕووی سێیەم مانگرتن بۆوە دژی حکوومەتی دۆکی

نزیکەی 14 هەزار کەس خۆیان بۆ بەرلەمانی ئێران کاندید دەکەن

نزیکەی 14 هەزار کەس خۆیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کاندید دەکەن، کە بڕیارە ساڵی ئایندە بەڕێوە بچێت. دوێنێ یەکشەمە 2019/12/8 ئیسماعیل موسەوی، سەرۆکی لیژنەی هەڵبژاردنەکانی ئێران بە میدیاکانی ڕاگەیاندووە، کۆتایی بە وادەی ناونوسکردنی ئەو کەسانە هات، کە دەیانەوێ خۆیان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان کاندید بکەن. ئیسماعیل موسەوی هەروەها ڕایگەیاندووە، 12 هەزار و 291 پیاو و 605 ژن خۆیان بۆ ڕکابەریکردن لەسەر 290 کورسیی پەرلەمانی ئێران، کاندید کردووە. بڕیارە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران لە 2020/2/21 بەڕێوە بچێت.

میدیاکانی عێراق بە گرنگییەوە وتارەکەی مەسرور بارزانی بڵاو دەکەنەوە

ژمارەیەکی بەرچاوی میدیای عێراق و ناوچەکە بە بایەخەوە وتارەکەی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوەدەکەنەوە کە بە بۆنەی تێپەڕبوونی 100 رۆژ بەسەر کارکردنی کابینەی نۆیەم پێشکەشی کردو دەستکەوتەکانی حکوومەتی بۆ هاووڵاتیانی کوردستان خستەڕوو.



رۆژنامەی الصباح کە رۆژنامەی فەرمی حکوومەتی عێراقە، لە ژمارەی دوێنێ یەکشەممە 2019/12/8 و لاپەڕە دوو راپۆرتێکی لەسەر تەوەرە سەرەکی و گرنگەکانی وتارەکەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڵاوکردووەتەوە و نوسیوویەتی، مەسرور بارزانی رایگەیاندووە، هەوڵ دەدەن رێککەوتنێکی گشتگیر لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە بەرژەوەندی گشتی بکەن و باشبوونی پەیوەندییەکانیش لەگەڵ بەغدا دەرهاویشتەی پۆزەتیڤی هەبووە.

هەروەها رۆژنامە "الزمان" کە بەربڵاوترین رۆژنامەی عێراقە و لە لەندەن چاپ دەکرێت لە لاپەڕە سێی ژمارەی دوێنێ یەکشەممەیدا راپۆرتێکی لەسەر دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەم بڵاوکردووەتەوە و بە ناونیشانێکی گەورە نوسیوویەتی: "مەسرور بارزانی گرنگترین دەستکەوتەکانی 100 رۆژی کارکردنی حکوومەتی هەرێم و ئەوانەی لەگەڵ بەغدا بەدەستهێناون خستەڕوو".

هەروەها رۆژنامەی المدی کە فەخری کەریم خاوەندارێتی دەکات، بایەخی زۆری بە گوتارەکە داوە و جگە لەلاپەڕەی یەکەم، لە لاپەڕەی سێدا راپۆرتێکی تێروتەسەلی لەسەر دەستکەوتەکانی حکوومەت بڵاوکردووەتەوە.

شەوی 2019/12/7 مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وتارێکی تەلەڤزیۆنیدا وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە بەشێکی گوتارەکەیدا کە تایبەت بوو بە 100 رۆژی کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند، لە سەرەتاوە گوتوومانە کە حکوومەتێکمان دەوێت خزمەتی خەڵک بکات نەک بە پێچەوانەوە.

سەرۆکی حکوومەت دواتر بەشێکی گوتارەکەیشی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاوکردەوە کە ئاماژە بە وەبەرهێنانی بیانی دەکات لە هەرێمی کوردستان و رایدەگەیەنێت، خەڵکێک زۆر ئارەزوو دەکەن بێنە هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان بکەن، ئێمەش ئاسانکاریان بۆ دەکەین، لە هەمانکاتدا هانی وەبەرهێنانی ناوخۆیش دەدەین.

سەرۆک وەزیران ئاماژە بەوەش دەکات و دەڵێت: لە 100 رۆژی کارکردنماندا دەستکەوتی باش بەدەست هاتوون، بەڵام هێشتا کاری زۆرمان ماوە، ئابووری و داهاتی ئێمە تا ئێستا بەشی زۆری بەنەوتەوە و کەرتەکانی دیکە فەرامۆش کراون، بۆیە یەکێک لە کار و ئەرکی لە پێشینەمان بەهێزتر و سەقامگیرتر و گەشەسەندووتر، کوردستانێک کە پەیوەندییەکی هاوسەنگی ئاشتیانەی لەگەڵ دراوسێکان هەبێت و جێگەی متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێت.

گوتیشی: "ئێوە شایستەی حکومەتێکی کارا و چالاکن، کە بتوانێت خزمەتێکی شایستەتان پێشکەش بکات، ئێمە هەموو هەوڵێک دەخەینەگەڕ بۆ خزمەتکردنی ئێوە".

جەختیش لەوە دەکاتەوە، حکوومەتی هەرێم هی هەموو هاووڵاتیانە، بۆیە چاوەڕوانن هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەرێم لە بەهێزکردنی ئەو حکوومەتە پاڵپشت بن، لە کارە باشەکان هاندەر بن وهەڵەکانیش دەستنیشان بکەن.

لە K24ـەوە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بۆ «خەبات»:

ئەستەمە لەماوەی دیاریکراودا سەرۆک وەزیرانێکی تازە دابنرێت



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق باس لە ئەگەرەکانی بۆشایی دەستووری لە عێراق دەکات و ئاشکرای دەکات کە ئەستەمە لە ماوەی دیاریکراودا سەرۆک وەزیرانێکی تازە بۆ وڵاتەکە دابنرێت. د. ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە خەباتی راگەیاند: زۆر ئەستەمە لە ماوەی دیاریکراودا سەرۆک کۆمار کاندیدی سەرۆک وەزیران دیاری بکات، ئێستا خۆپێشاندەران دەڵێن لە مەیدانی خۆپیشاندانداا پێنج سندوق دادەنێین بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە کاتێکدا ئەم پۆستەش بەرکەوتەی کوتلەی گەورەیە لە عێراقدا.

رووندیشی کردەوە، ئەگەر سەرۆک کۆمار نەیتوانی لەم ماوەی 15 رۆژدا کەسێکی تازە بۆ پێکهێنانی حکوومەت ڕاسپێرێت،15 رۆژی دیکەش درێژ دەکرێتەوە، بەڵام ‘‘ئەگەر ئەوەش نەکرا، حکوومەتی عێراق دەکەوێتە بۆشایی یاساییەوە.

بە بڕوای ڤیان سەبری، ئەم ڕووداوانەی لە عێراق ڕوویان داوە، کاریگەریان هەبووە لەسەر نەناردنی بودجە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام تەواوی ڕێککەوتنی بودجە ئامادەیە. جێی باسە لە هەفتەی ڕابردوودا و لەسەر داوای عەلی سیستانی، مەرجەعی شیعەکانی عێراق ، عادل عەبدولمەهدی دەست لەکار کێشانەوەی خۆی لە پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕاگەیاند.



هێمن هەورامی: فەرهەنگی پیکەوەژیان ڕەگوڕیشەی لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدایە

پێشنیوەڕۆی دوێنێ یەکشەممە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە پەرلەمانی کوردستان پێشوازیی لە شاندێکی کڵێساکانی بەریتانیاو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەرۆکایەتیی مارکا سیارێلی کرد.

لە دیدارێکدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسی لە ڕۆڵی شانەکە کرد کە لەماوەی چەند ساڵی رابردوو و لەسەروبەندی هەڵگیرسانی جەنگ لە دژی داعش خزمەتێکی بەرچاوی مادی و مەعنەویی ئەو ئاوارانەیان کردووە کە پەنایان هێنابووە بەر هەرێمی کوردستان. لە تەوەرێکی ترەوا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسی لەوە کرد کە هەرێمی کوردستان مۆڵکی سەرجەم پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانەو هەموویان بەپێی یاسای ژمارە 5ی ساڵی 2015ی پەرلەمانی کوردستان مافیان پارێزراوە، پاشان تیشکی خستەسەر ڕۆڵی پێکهاتەکان بەتایبەت پێکهاتەی کریستیان کە هەمیشە لەجومگەکانی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی کارایان هەبووە، لە دەستووری هەرێمی کوردستانیش مافەکانی سەرجەم پێکهاتەکان بە گرنگییەوە لەبەرچاو دەگیرێت.

لەلایەن خۆیانەوە شاندی میوان سوپاسی جێگری سەرۆکی پەرلەمانیان کرد بۆ ڕوونکردنەوەکانی و سەرسامیی خۆیان بەو پێکەوەژیانەی نێوان سەرجەم ئاین و نەتەوەو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان دەربڕی، بەڵێنیشیان دا نزا بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن لە ڕووبەڕووبوونەوەیان بەرامبەر تیرۆریستانی داعش و بەردەوامیش بن لەهاوکارییە مادی و مەعنەوییەکانیان بۆ هەرێمی کوردستان. لە کۆتایی دیدارەکەشدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەرامبەر بەو ماندووبوون و هاوکارییە مادی و مەعنەویانەی پێشکەش بە ئاوارەکانیان کردووە قەڵغانی پەرلەمانی کوردستانی پێشکەش بە شاندی میوان کرد.

لەلایەن گرووپێکی چەکدارەوە بە تۆندی ئەشکەنجە دراون

دەیان گەنجی عێراقی بە دەست و چاو بەستراوی دۆزرانەوە

تۆمارێکی ڤیدیۆیی بڵاو دەکرێتەوە کە تێیدا دەیان گەنجی عێراقی دەردەکەون، لەلایەن گرووپێکەوە دەست و چاویان بەستراوە و ئەشکەنجە دراون. چالاکوانانی عێراقی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە بەرفراوانی تۆمارێکی ڤیدیۆییان بڵاو کردووەتەوە کە تێیدا دەیان گەنج بە دەست و چاو بەستراوی دەردەکەون کە ئەشکەنجە دراون و لەسەر زەوی دریژ کراون.

لە تۆمارە ڤیدیۆکەدا یەکێک لە گەنجەکان ئاشکرای دەکات کە چەکدارێک لە شەوی هەینی لەسەر شەممە 6 لەسەر 2019/12/7 و لە دوای هێرشەکەی خەلانی و سنک، بانگی کردووە و هەڕەشەی کوشتنی لێ کردووە، کاتێکیش چووە، چاوی بەستووەتەوە و بە قۆنداخە تفەنگ لێی داوە. هەر لە ڤیدیۆکەدا دەنگی کارمەندێکی هێزە ئەمنییەکانی سەر بە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا دەبیسترێ کە بە گەنجێکی دەست بەستراو دەڵێت: ئێمە لە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغداین، نەترسن ئازادتان دەکەین، ئەوانەی ئێوەیان والێکردووە چەکدارانی حزبوڵا بوون. جێی باسە شەوی هەینی لە گۆڕەپانی خەلانی و پردی سنک لە بەغدا، گرووپێکی چەکدار هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران و لە ئەنجامدا لانی کەم 25 کەس کوژران کە چواریان لە هێزە ئەمنییەکان بوون، دەوروبەری 120 کەسیش بریندار بوون.

سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە بەغدا:

شاندێکی حکوومەتی هەرێم سەردانی بەغدا دەکاتەوە

هەوڵەکانمان بۆ ئەوەیە ڕێککەوتنەکە لە پەرلەمانی عێراق وەک خۆی پەسند بکرێت



دوای ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی بودجە و نەوت، بڕیارە پاش گەیشتنی پرۆژەیاسای بودجە لە حکوومەتەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، شاندێکی حکوومەتی هەرێم سەردانی کوتلە سیاسییەکانی نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکەن، سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمیش لە بەغدا جەخت دەکاتەوە، کە هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە ڕێککەوتنەکە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت.

فارس عیسا ، سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە بەغدا، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ڕێککەوتن لە نێوان هەردوو حکوومەتی هەرێم و بەغدا لەبارەی بودجە و نەوتەوە کراوە و بڕیار بوو هەفتەی ڕابردوو پڕۆژەبودجەی ساڵی 2020ی عێراق ڕەوانەی ئەنجومەنی نوێنەران بکرایە، بۆیە ئێمە لای خۆمانەوە چاوەڕێین تاوەکو ئەو پڕۆژەیاسایە بگاتە پەرلەمان و هەوڵەکانیشمان بۆ ئەوەیە لە پەرلەمانی عێراق وەک خۆی پەسند بکرێت.

عیسا گوتیشی: بە گەیشتنی پرۆژەیاساکەش بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، شاندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات و لەگەڵ کوتلە سیاسییەکانی نێو ئەنجومەن کۆدەبێتەوە، شاندەکەش بە هاوکاریی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە، کە ئەو شاندە سیاسییە لە هەموو کوتلە کوردییەکانی نێو پەرلەمانی عێراق وەک خۆی پەسند بکرێت.



شێرکۆ حەبیب

دەنگی کردەوەکان لە دەنگی وشەکان بەرزترە

سەرەتای کارکردنی هەر حکوومەتێک یا هەر کارێک لەسەرەتاوە رووبە یان سەرکەتوو دەبێت یا شکست دێنێت، هەر بۆیە سەد رۆژی یەکەمیان وەک پێوەرێک داناوە بۆ نیشاندانی سەرکەوتن و توانای حکوومەت لەسەر کارکردن بەشێوەیەکی دروست و زاڵبوون بەسەر تەگەرەکان و هەروەها نیشاندانی پلان و رێچکەی ئەو حکوومەتە، وەک کورد گوتەنی: مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە. لە ماوەی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی رێزدار مەسرور بارزانی، لە ماوەی سەد رۆژی یەکەمدا هێڵە گشتییەکان دیاریکران، کە لە هەموویان گرنگتر جەنگی دژ بە گەندەڵی، بێگومان ئەرکێکی سەختە، بەڵام سووربوونی سەرۆکی حکوومەت لەو ئەرکەدا متمانە زیاتر بە هاوواڵتیان دەبەخشێت، کە دەبێ کۆتایی بەو دیاردە ناسرووشتییە بێت، بێگومان زاڵبوون بەسەر گەندەڵی رێگا بۆ زۆرکاری چاکسازی ئاسان دەکات، کە سەرۆکی حکوومەت لە وتاری سەد رۆژەی دەستبەکاربوونی پێشکەشی هاوواڵتییانی کرد، هەڵبەتە بڕیارێکی لەو جۆرە یان هەر بڕیارێک بەشەو و رۆژێک نایەتەدی، هەروەها بێ هاوکاری هاوواڵتییان بۆ چاکسازیی لە گشت بوارەکاندا ئەستەم، گەندەڵی رێگرە لە پێشکەوتنی سەرجەم بوارەکان، بۆیە گرنگە سەرەتا گەندەڵی بنبڕ بکرێت، ئەوسا چاکسازی لە سەرجەم بوارەکان بکرێت، هەر لە نەهێشتنی بن دیوار و پلەی سەربازی و مەدەنی کە بەبێ هیچ بنەمایەکی یاسای تەخش و پەخشان کراوە، هەروەها پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەروەت و سامانی کەسانێک بکرێت کە بە مووچەی فەرمانبەرایەتی مەحاڵە ئەو سەروەتە کۆبکرێتەوە، لە باڵەخانە و.. هتد، هەروەها دۆزینەوەی هەلیکار و دامەزراندن دابین بکرێت، جگە لەوەش ئەوەی پێویستە بایەخی زیاتری پێبدرێت کەرتی کارەبا و دابینکردنی بۆ هاوواڵتییان بەشێوەیەکی رێکوپێک، هەروەها دەبێت سزادانی خێرای هاتوچۆ و پابەندنەبوون بە یاساکانی هاتوچۆ بەرزبکرێتەوە، ئەوندی کارەساتی رووداو رووی داوە، بەو هۆیەوە گیان لە دەست دراوە، مەگەر لە بەرەکانی جەنگ رووی دابێت، لە هەمان کات دەبێت حکوومەت بایەخ بدات، بە چاککردنەوەی رێگاوبان.

بێگومان لە ماوەی سەد رۆژی رابردوو کارەکانی حکوومەت ئەوەی سەلماند کە لەسەر رێچکەیەکی پتەو و دروست کارەکان ئەنجام دەدرێن و سووربوونی سەرۆکی حکوومەت لەسەر جێبەجێکردنی کارنامەی حکوومەت کە هەر لە سەرەتاوە بەڵێنی دا دڵەڕاوکێی لای هاوواڵتییان نەهێشت، هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بڵێین ئەگەری هەندێ لایەنی ئەم لاو ئەولا ببنە بەربەست لە ئەنجامدانی کارەکان، بەڵام هەموو ئاواتەکانیان زیندەبەچاڵ دەکرێت، چونکە بەرژەوەندی میللەت لە سەرووی سەرجەم بەرژەوەندییەکانە و لە ماوەی سەد رۆژی رابردوو هەروەک پەندێکی ئینگلیزی هەیە کە دەڵێت: دەنگی کردەوەکان بەرزترە لە دەنگی وشەکان. مانەی کارکردن بە کردەوە دەسەلێندرێت، نەک بە گوتنی دروشمی بریقەدار و لە ماوەی سەد رۆژی رابردوودا کارەکان ئەنجام دران و بە بێدەنگی.

بەرپرسی لقی 12:

بارودۆخی ئێستای عێراق بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور نەگونجاوە

چەند پرسێکی گرنگ هەیە پێویستە لە دەستوور رووبنتر یەکلایی بکرێتەوە



لە هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەکانی لێژنەی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق بەردەوامن و تا ئێستا پێنج کۆبوونەوەی راوێژکاری ئەنجام دراوە بۆ دانانی نەخشەڕێگایەک تا بزاندرێت بە چ شێوەیەک دەست بە هەموارکردنەوەی دەستوور بکرێت، و ئەو ماددانەش دیاری بکرێن کە هەموار دەکرێنەوە.

بەسام عەلی، بەرپرسی لقی 12ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵەبجە و شرۆڤەکاری سیاسی، بە کوردستان تیڤی راگەیاندووە: بارودۆخی ئێستای عێراق ناسەقامگیرە و بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور نەگونجاوە، چونکە هەموارى دەستوور پێویستی بە کەشێکی گونجاو هەیە بۆ ئەوەی هەموارەکە لە خزمەتی ولات و سەرجەم پێکهاتەکاندا بێت. ناوبراو دەشڵێت: سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بە ڕوونی ڕایگەیاندووە، دژی پێکهێنانی لێژنەکە نین و گەر بێت و هەموارى دەستوور لە خزمەتی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراقدا بێت کارێکی زۆر باشە، بەڵام گەر بێت و بۆ کەمکردنەوەی مافە سیاسی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان بێت، ئەوا قبوڵ ناکرا و نابێت.

لە بەرانبەر گۆڕینی سیستمی پەرلەمانی بۆ سەرۆکایەتی، بەرپرسی لقی 12 دەڵێت: بە دڵنیاییەوە بۆ ولاتێکی فرە پێکهاتەی وەک عێراق، سیستمی پەرلەمانی باشترین سیستمی حوکمڕانییە، لەم سیستەمدا کابینەی حکوومەت لە پەرلەمان متمانەی پێ دەبەخشرێت و تەواوی دەسەلاتی ڕاپەڕاندن ملکەچە بۆ لێپرسینەوەی پەرلەمانی. گەر بێت و سیستمی حوکمڕانی بگۆڕدرێت بۆ سەرۆکایەتی تەواو، ئەو کات سەرۆک ڕاستەوخۆ لە لایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرێت و خۆی کابینەیەکی وەزاری بۆ خۆی دادەنێت، لەم کاتەشدا شیعەکانی عێراق کە زۆرینەی دانیشتووان پێکدەهێنن، بەردەوام سەرۆک دادەنێن و سەرۆکیش کابینەیەکی وەزاری بەسەرجەم وەزیرەکانەوە بۆ خۆی دیاری دەکات و بە هۆکاری ئەوەی لە پەرلەمان متمانەیان پێ نادرێت پێویستیان بە ڕەزامەندی پەرلەمانی نییە، هەر بۆیە سەرجەم پێکهاتەکانی تر لە دەسەلاتی ڕاپەڕاندن بێ بەش دەبن، لە هەمان کاتدا وەزیرەکان بەرامبەر سەرۆک بەرپرسیار دەبن نەک بەرامبەر پەرلەمان، هەر بۆیە گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی، تەنها لە بەرژەوەندی پێکهاتەی شیعەدایە.

سەبارەت بە هەموارکردنەوەی خاڵەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق، لە ئەگەری دەستبردن بۆ مافە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ئەو شرۆڤەکارە سیاسییە دەڵێت: تا ئێستا ئەو خاڵانەی لێژنەی هەموارى دەستووری ئامادەی کردووە، هیچ خاڵێکیان دەستبردن نەبووە بۆ ئەو مادانەی کیانی هەرێمی کوردستان و مافە سیاسی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستانی تێدا چەسپێنراوە. مەرج نییە هەموارى دەستوور هەموو بە زیان بشکێتەوە، بە هۆکاری ئەوەی هەرێمی کوردستانیش ڕەخنەی لەو دەستوورەی ئێستا هەیەو چەند پرسێکی گرنگ هەیە پێویستە لە دەستوور رووبنتر یەکلابکرێتەوە.

ئەو شرۆڤەکارە ڕامیارییە دڵنیایی دەداتە هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان کە لە ئەگەری دەستبردن بۆ مافە سیاسیی و دارایییەکانی هەرێمی کوردستان لە دەستووردا، مافی ڤیتۆ لەبەرانبەر ئەگەرەکان بەکار دەهێندرێت و دەڵێت: هاوواڵتییانی کوردستان لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا بەشداریییەکی گەورەیان کرد، لە کاتێکدا هەندێک لایەن کاریان لەسەر ئەوە کرد هاوواڵتیان بەشدار نەبن. وە هەروەها لە کاتێکدا پرسێکی نیشتمانی دیتە پێشەوە، سەرجەم ناکۆکییە ناوخۆییەکان وەلا دەنرێن، هەربۆیە بە دڵنیاییەوە ئەگەرهەموارى دەستوورەکە لە خزمەتی پرۆسەی سیاسی کوردستان و هاوواڵتیانی کوردستاندا نەبێت ئەوا ڤیتۆ دەکرێت لە لایەن سێ پارێزگاوە.

سەبارەت بە لێکنزیکبوونەوەی هەرێمی کوردستان و بەغدا، بەسام عەلی گووتی: بێگومان گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، چونکە دوای ئاڵۆزیەکانی عێراق سەردانیکردنی ڕێزداران سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغداد، گرنگییەکی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق هەبووە و هەیە بەرهەمی ئەو سەردانانەیە، لە ئێستادا ڕێکەوتننامە سەبارەت بە پرۆژەی بودجەی عێراق، لە نێوان هەرێم و بەغداد دەکرێت. جگە لەوەش سەرکردایەتی کوردستان بە ڕوونی ڕایگەیاندووە لەگەڵ ئارامی و سەقامگیری عێراقن و پێویستە گیانی خۆپیشاندەران بپارێزرێن و گۆڕانکارییەکان بە ڕێوشوێنی یاسایی و دەستووری ئەنجام بدرێن.

هۆنگ کۆنگ.. لایەنگرانی دیموکراسی گەورەترین ڕێپێوانیان کرد



لە شەشەمین مانگی بەردەوامی خۆپیشاندانەکانی هەرێمی خۆرئاوەری هۆنگ کۆنگ‌ی چین لایەنگرانی دیموکراسی گەورەترین ڕێپێوانیان ئەنجامدا.

ڕۆژنامەی South China Morning Post بڵاویکردەوە کە لە مانگی ئابەوە بۆ یەکەمجار لایەنی ئەمنی ڕێگەی داوە بەرەی داکۆکیکردن لە مافەکانی خەڵکی مەدەنی کە پرچەماوەریترین گرووپی لایەنگری دیموکراسییە لە هەرێمەکە ڕێپێوان ئەنجام بدات.

ڕێپێوانەکە بە بەشداری زیاتر لە 10 هەزار کەس بە بەرزکردنەوە و گوتنەوە دروشم لە پارکی ڤیکتۆریا دەستیپێکرد و لە ناوچەی سەنترالْ کۆتایی پێهات.

لە لایەکی دیکەیشەوە پۆلیس بەر لە ڕێپێوانەکە ڕایگەیاند کە 11 کەسیان دەستگیرکردووە و دەستیان بەسەر دەمانچەیەکیشدا گرتووە. بەپێی داتا فەرمییەکان لە حوزەیرانەوە تاکو ئێستا شەش هەزار کەس لە هۆنگ کۆنگ دەستگیرکراون کە نزیکەی 500 کەسیان تۆمەتی یاخیبوونیان دراوەتە پاڵ.

لەو خۆپیشاندانانەی لە مانگی حوزەیراندا لە هۆنگ کۆنگ دژبە پرۆژەیاسای گەڕانەوە بۆ چین دەستیپێکردووە لە هەفتەکانی ڕابردوودا شەڕ و پێکدادان و ڕووداوی تووندوتیژی لەنێوان پۆلیس و خۆپیشاندەران لێکەوتەوە.

سەرەڕای ئەوەی پرۆژە یاساکە لە 23ی تشرینی یەکەمدا بە فەرمی کشێندرایەوە، بەڵام خۆپیشاندەران بە داخوازی «چاکسازی دیموکراسی» بڕیاریاندا دژبژە بە خۆپیشاندانەکانیان بدەن.

خۆپیشاندەران پێنج داواکاری دەخەنەڕوو، ئەوانیش بریتین لە؛ کۆتاییهێنان بە لەقەڵەمدانی خۆپیشاندانەکان بە «ڕاپەڕین» کە لە دوای کشانەوەی پرۆژە یاساکە بەو شێوەیە لەقەڵەم دەدرێت، دروستکردنی لێژنەی سەربەخۆ بۆ لێکۆڵینەوە لە تووندوتیژی پۆلیس، دەرکردنی لێبوردن بۆ خۆپیشاندەرە دەستبەسەرکراوەکان و دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی چاکسازی سیاسیی لە شارەکەدا. بەگوێرەی ئامارە فەرمییەکان لە مانگی حوزەیرانەوە تا ئێستا، نزیکەی پێنج هەزار خۆپیشاندەر دەستگیرکراون.

عێراق.. ئازادکردنی دوو هەزارو 626 خۆپیشاندەر

ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی لە عێراق ڕایگەیاند، دوو هەزارو 626 خۆپیشاندەر ئازادکراون کە لەمیانی خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەت و پارتە دەسەڵاتدارەکاندا دەستگیرکرابوون. نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا هاتووە "بەپێی دەستەکانی تایبەت بە وردبینی بە پرسەکانی خۆپیشاندنەکان، تا ئێستا دوو هەزار 626 خۆپیشاندەر ئازاد کراون کە لەمیانی خۆپیشاندانەکانی دژبە حکوومەت و پارتە دەسەڵاتدارەکاندا دەستگیرکرابوون". بەپێی ڕاگەیەندراوەکە هێشتا 181 خۆپیشاندەری دیکە کە لەمیانی خۆپیشاندانەکاندا دەستگیرکراون، ئازاد نەکراون و لەئێستادا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت لەبارەی ئەو تاوانانەی کە بەپێی یاسا ئاراستەیان کراوە. پشتبەستن بە ئامارەکانی کۆمیسیۆنی بالای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکان لە بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق کە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە تا ئێستا بەردەوامە، نزیکەی 485 کەس کوژراون و 17 هەزاری دیکە لە خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکان بریندارببوون.

خۆپیشاندانی خوێندکاران لە تارانی پایتەختی ئێران

دروشمەکانی «شەقامەکان بوونە گۆمی خوێن، بەسە بۆ فشار» بەرزکرانەوە

لە تارانی پایتەختی ئێران بەمەبەستی پرۆتستۆکردنی بەکارهێنانی زەبروزەنگ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لەکاتی بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانەکانی زانکۆکانی تاران دژی بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین، چەندین گردبوونەوە ئەنجامدرا. خۆپیشاندەران دروشمەکانی "نان، کار، ئازادی، ئیدارەی شورا"، "خەباتی ئێران، عێراق، لوبنان، چیلی و فەڕەنسا وەک یەکن" و"شەقامەکان بوونە گۆمی خوێن، بەسە بۆ فشار" بەرزکرابوونەوە.

لەم نێوەندەدا خێزانی ئەو کەسانەی لە خۆپیشاندانەکانی پێشووی دژی بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین دەستگیرکرابوون، لەبەردەم گرتووخانەی ئەڤین لە تاران گردبوونەوە و داوای ئازادکردنی کەسوکارییان دەکرد. جگە لەوەش خوێندکاران داوای ئازادکردنی بەندکراوە سیاسییەکانیان دەکرد.

لە کاتی بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانەکانیشدا لەنێو زانکۆی تاران، بەمەبەستی ڕێگریکردن لە هاتنە دەرەوەی خوێندکاران لە زانکۆکە و یەکگرتنیان لەگەڵ هاوواڵتییان کە لەدەرەوە چاوەڕێیان دەکردن، ڕێوشوێنی ئەمنیی توند لەبەردەم زانکۆی تاران لەسەر شەقامی ئینقیلاب گیرابوویە بەر. لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی فارس، سەربازێک لە بەندەر لەنگە بەهۆکاریکی نەزانراو دەستڕێژی لە بنکەیەکی سەربازیی دەریایی کردووە و لە ئەنجامدا ستێ پۆلیس کوژراون.





بە مەبەستی کۆکردنەوەی کوردو لەژێر ئاڵای کوردستاندا

تاهیر هەورامی پەیامی سەرۆک بارزانی بە رەوەندی کورد گەیاند

رۆژی هەینی رێکەوتی 2019/12/6 کاک تاهیر هەورامی گەیشتن بە فڕۆکەخانەی ڤانتا لە هیلسینگی، لە لایەن لیژنە ڕێکخراو بە گەرمی پێشوازیان لێکرا بە مەبەستی لۆجستی و ئەمنیەت، هەڤاڵ تاهیر هەورامی بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ بەشێک لە رەوەندی کوردی و بینینی سەرۆکی فیدراسیۆنی کورد لە فینلەند لە شاری ئیسپۆ کۆبوونەوە، تێیدا تاهیر هەورامی تیشکی خستە سەر ئەم سەفەرە تایبەتەیان و گەیاندنی پەیامی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ رەوەندی کورد لە فینلەند کە چالاکانە لە لایەن کوردانی بەشداربوو پێشوازی لێکرا، لەگەڵ سەرۆکی فیدراسیۆن و بەشداربووانی کۆبوونەوەکە گفتوگۆیەکی گەرم دەستیپێکرد بۆ دەستپێکێکی باش تا رەوەندی کوردی لە ژێر یەک چەتر و ئاڵای کوردستان کۆ بکرێنەوە.

هەروەها رۆژی شەممە 2019/12/7 تاهیر هەورامی لەگەڵ بەرپرسی بزووتنەوی گۆڕان لە فینلەند سیروان سەبری و شاندێکی بزووتنەوی گۆڕان کۆبوونەوە و بە هەمان شێوە پەیامی جەنابی بارزانی گەیاند و گفتوگۆ و چەندین پێشنیاز هاتنە بەر باس، دواتر بەرەو شوێنی بەستنی کۆبوونەوە گشتییەکە چوون کە لە کتێبخانەی شاری ئیسپۆ بوو، تێیدا زیاتر لە60 بەشداربوو لە نوێنەرانی لایەنی سیاسی و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵەکانی کوردی و فیدراسیۆنی کورد بەشدار بوون، لەلایەن هەندێک لە چالاکوانانی رەوەندی کورد دوور لە بەشداری کەسانی حزبی کۆبوونەوەکە بەڕێوەدەبرا، تاهیر هەورامی پەیامی سەرۆک بارزانی بە کوردانی دانیشتووی فینلەند گەیاند، تا بتوانرێت کورد کۆبکرێتەوە لە ژێر یەک چەتر و لە ژێر ئاڵای کوردستان، دواتریش لەلایەن بەشداربووانەوە سەرنج و تێبینی خرانەڕوو.

وەزیری بەرگریی ئیسرائیل: سووریا دەبێتە ڤیەتنامێکی نوێ بۆ ئێران



وەزیری بەرگری ئیسرائیل رایدەگەیەنێت، سووریا دەبێتە ڤیەتنامێکی نوێ بۆ ئێران. دوێنێ یەکشەممە نەفتالی بینێت وەزیری بەرگری ئیسرائیل هەڕەشەی لە ئێران کردو رایگەیاند: ئەمەی ئێران لە سووریاو لوبنان ئەنجامی دەدات وامان لێدەکات کە سووریا ببێتە ڤیەتنامێکی بۆ ئەوان.
ڕۆژنامەی مەعاریق لەسەر زاری وەزیری نوێی بەرگری ئیسرائیل گواستوویەتییەوە کە ئیسرائیل وەلامی هەر هێرشێک دەداتەوە ئەگەر بکرێتە سەری، کە پێشتر وێنەی نەبووە. هەروەها نەفتالی رایگەیاندووە، ئەگەر ئێران سوور بێت لەسەر دەرنەچوونیان لە سووریا، ئەوا سووریا دەبێتە ڤیەتنامێکی نوێ بۆ ئێران و وڵاتەکەشی بەهەر شێوەیەک بێت کار بۆ ئەمە دەکات.

نەتەوە یەکگرتووەکان: کوشتنی بە ئەنقەستی خۆپیشاندەرانی عێراق لەلایەن کەسانی چەکدارەوە هیچی کەمترنییە لە وەحشیگەریی



نەتەوە یەکگرتووەکان سەرکۆنەی هێرشی سەر خۆپیشاندەرانی عێراق دەکات و ڕایدەگەیەنێت، تەقەکردنێکی بە ئەنقەستی لەمجۆرە هیچی کەمترنییە لە وەحشیگەری. جێنین هێنیس، نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری عێراق لە ڕاگەیێندراوێکدا دەڵێت، بە تووندترین شێوە سەرکۆنەی دەستڕێژیکردنە سەر خۆپیشاندەرانی بەغدا دەکەین.
جێنین هێنیس ئاماژەی بەوە کردووە کوشتنی بە ئەنقەستی خۆپیشاندەرە بێ چەکەکان لەلایەن کەسانی چەکدارەوە هیچی کەمترنییە لە وەحشیگەریی لە دژی خەڵکی عێراق. دەشڵێت دەبێت ئەنجامدەران بناسێندرێن و بەبێ دواخستن بە سزای خۆیان بگەیێندرێن. داواش لە هێزەکانی عێراق دەکات کە بەبێ دڕێغیکردن پارێزگاری لە خۆپیشاندەران بکەن و داواش لە خۆپیشاندەران دەکات هاوکاربن تاوەکو خۆپیشاندانەکانیان بە سەلامەتی بەڕێوەدەچن .

پەنابەران لە بەردەرگای یەکێتیی ئەورووپا لە هەلومەرجێکی سەختدا دەژین



نزیکەی 500 پەنابەر کە لە کەمپی ڤوجاک نزیک شاری بیهاچ باکووری ڕۆژئاوای بۆسنیا و هەرزەگۆڤینا دەمێننەوە و ڕێگەیان پێنادرێت زیاتر بڕۆن، بەهۆی نزمبوونەوەی پلەکانی گەرما بۆ 10 پلەی ژێر سفری سەدی لە هەلومەرجێکی سەختدا دەژین.
لەگەڵ یەکەم بەفرباریی ئەمسالدا هەلومەرجی پەنابەران کە هەر خۆیان لە هەلومەرجێکی نالەباردا لەژێر خێوەتدا دەژین و بەدەست نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی پاکوخاوێنییەوە دەنالێنن، دژوارتر بووە.
کەمپەکە نزیکەی 15 کیلۆمەتر لە سنووری وڵاتی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا، کرواتیا دوورە و پەنابەران چاوەڕوانی کردنەوەی دەروازە سنوورییەکان دەکەن، داوا دەکەن ڕێگەیان پێ بدرێت ڕووبکەنە وڵاتانی وەک: ئەڵمانیا، فەڕەنسا، هۆڵندا و ئیتاڵیا.
پەنابەران بەهۆی ڕێگە پێنەدانیان دوو ڕۆژە ئەو خواردنە ناخۆن کە خاچی سوور بەسەریاندا دابەشی دەکات، بە بەفری تواوە خۆیان دەشۆن و بە سووتاندنی ئەو دارانە خۆیان گەرم دەکەنەوە کە لە دارستان کۆیان کردوونەتەوە.
لە کەمپەکەدا مندالانی تەمەن 13 تا 14 ساڵیش دەبیندرێن و دروشمی "ئێمە لێرە دەمرین. دەمانەوێت یەکێتیی ئەورووپا سنوورەکانی بە ڕوومادا بکاتەوە" هەڵواسیووە. پەنابەرانی کەمپەکە ئاماژە بەوە دەدەن داواکاری ئەوان کردنەوەی سنوورەکانە بە ڕوویاندا، نەک پێشکەشکردن و دابینکردنی هاوکاری لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازییەکانەوە.



شێخ ستار عەوڵانی

جددیەت لە ئەرکی دەوڵەتداری و دڵسۆزی لە جێبەجێکردندا

دوای ئەوەی کابینەی نێیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکهات، جەنابی کاک مەسرور بارزانی لە دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانی کوردستاندا سوێندی یاسایی خوارد، هەر دوای ئەوەش وەک لە کارنامەی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا دیاری کرابوو جەنابی کاک مەسرور کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی خوێندەوە.
بەڕای من کارنامەیەکی گشتگیر و پەیوەندیدار بە هەموو جومگەکانی کاری حوکمڕانی و خستنەڕووی تەواوی کار و بەرنامەکان و دیاریکردنی نەخشەڕێگەی ڕاست و دروست، زۆر بەڕاشکاوانە و بەشێوەیەکی قۆناغبەندی لەو نەخشەڕێگەیەدا بەدی دەکرا و ئاماژەیەکی ڕوون دیار بوو بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان، لەلایەکی ترەوە، ئەوەی من بەدیکرد کە نەخشەڕێگەکە حەتمییە و جێبەجێکردنیشی مەحاڵ نییە، لە هەمووی گرنگتر بەلای منەوە بەدواداچوونی ئەو کارنامەیەی وەک سەرەتای دەسپێک و ئێستاش دوای تێپەڕبوونی 100 ڕۆژ لە پێکهاتنی حکوومەت، ئەوەبوو لە وتارەکەی ڕێزدار کاک مەسرور زۆر بەڕوونی بۆمان دەرکەوت و بەرچاوڕوونی پێداین ئەو هەنگاوانەی حکوومەت ناویەتی، گەیشتوون بە کوێ و لەچی ئاستێکدان، ئەم وردەکاری و بەدواداچوونەی بۆ تەواوی کاروبارەکان لە ماوەی ئەم سەد ڕۆژەدا جێ بایەخن و بوونەتە مایەی دڵخۆشی بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان، هیوابەخشن بۆ ئایندەی وڵاتەکەمان.


بوودجەکە بە 134 ملیار و 200 ملیۆن دۆلار خەملێندراوە

ئێران.. حەسەن روحانی بوودجەی گشتی 2020ی پێشکەش بە پەرلەمان کرد

سەرکۆماری ئێران، حەسەن روحانی بوودجەی گشتی ساڵی 2020 کە بە پێنج تریلیۆن و 638 ملیار و290 ملیۆن ریال خەملێندراوە، پێشکەش بە پەرلەمانی وڵاتەکەی کرد. ئاژانسی هەواڵیی (ئیرنا) بڵاویکردەوە، حەسەن روحانی لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندووە، بوودجەی گشتی داهاتوو لە 21ی ئاداری 2020 دەستپێدەکات کە بوودجەی خۆڕاگری و بەرپەرچەدانەوەی سزا سەپێندارەکانی سەر ئێران دەبێت. سەرکۆماری ئێران، حەسەن روحانی ئاماژەی بەوەیشکردووە کە ئەمریکا و ئیسرائیل شکستیانهێناوە لە پلانی تووندکردنی سزاکان دژبە گەلی ئێران و گوتوویەتی: بەپێی ئامارەکان، ئابووری ئێران بەشێوەیەکی باش گەشەی کردووە.
بەپێی داتاکان، بوودجەی گشتی ساڵی 2020ی ئێران بە پێنج تریلیۆن و638 ملیار و 290 ملیۆن ریال " 134 ملیار و 200 ملیۆن دۆلار" خەملێندراوە کە تیایدا داهاتەکانی گشتی بە چوار تریلیۆن و 845 ملیار و960 ملیۆن ریال و داهاتی کەرتەکان بە 790 تریلیۆن ریال و بانک و دامەزراوە تایبەتەکان بە 14 تریلیۆن و 830 ملیار ریال خەملێندراوە. هەروەها بوودجەکە، فرۆشتنی پشک و سەندەکانی وەبەرهێنان بە98 تریلیۆن و 80 ملیار ریال لەگەڵ فرۆشتنی پشک و سەندەکانی دارایی بە یەک تریلیۆن و 240 ملیار ریال دەگرێتەوە، هاوکات داهاتەکانی باج و گومرک لە بوودجەکەدا، بە یەک تریلیۆن و 950 ملیار ریال خەملێندراوە. هەر لە چوارچێوەی بوودجەکەدا، حکوومەت چەکی پارە بە800 تریلیۆن ریال دەخاتەڕوو، جگە لەوەش لە بوودجەکەدا فرۆشتنی نەوت بە980 تریلیۆن ریال دیاریکراوە.
حەسەن روحانی گوتی: بەپێی خەملاندنەکان، ئاستی ئابووری وڵاتەکەمان لەمساڵدا بەبێ نەوت زیادبوون تۆمار دەکات کە لە 20ی ئاداری 2020 کۆتایی دێت و ئومێد دەکەین ئەو زیادبوونە بۆ ساڵی داهاتوویش بەردەوام بێت. سەرکۆماری ئێران، حەسەن روحانی جەختیکردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە بوودجەی گشتی ساڵی داهاتوو، پشتی نەبەستووە بە داهاتەکانی هەناردەکردنی نەوت کە تەنها لە پڕۆژەکانی ئاوادەنکردنەوە خەرج دەکرێت.



بڕیار درا لەڕێگەی هەماهەنگی هەردوو وەزارەت کاری ستراتیژی بکرێت لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاریی



وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بڵاوی کردەوە کە دوێنێ یەکشەممە ڕێکەوتی 12/8 /2019 کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بە یاوەری شاندێکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سەردانی وەزارەتی ناوخۆیان کرد ولە لایەن ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ پێشوازیان لێکرا.

ڕایدەگەیەنن کە لەو دیدارەدا باس لە ڕێکارەکانی هاتنی کرێکاری بیانی و گرفتەکانی بەردەمی کرا ،کە چۆن بتوانرێت لە ڕێگەی هەماهەنگی هەردوو وەزارەت کاری ستراتیژی بکرێت لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بە جۆرێک کە ببێتە هەوێنی دارشتنی ڕێنمایی تایبەتمەند بەم بوارە. وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم ئامارە بەوەش دەکات کە هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنفرانسێک کە تێیدا سەرجەم وەزارەت و فەرمانگە و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بەشدار بن تێیدا بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ڕاسپاردەی پێویست هەوڵی بنبڕکردنی ئەم کێشەیە بدرێت.

بەرپرسێ لقا ئێک: شەهید حەمید هەمی ژیانا خوە ژ بۆ ئازادی و سەربەستیا مللەتی خوە تەرخانکری



پرسە و سەرەخۆشی

بەڕێزان خانەوادەی برایم ئاغا عەزیز ئاغا بەرسیرینی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی تێکۆشەری دەڤەری باڵەکایەتی و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، برایم ئاغا عەزیز ئاغا بەرسیرینیمان پێگەیشت. لەم بۆنە خەمناکەدا پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لەخوای گەورە داواکارین گیانی برایم ئاغا بخاتە بەر دلۆڤانی خۆی و سەبر و ئارامیش بەهەموو لایەک ببەخشێت.

إنا لله و إنا اليه راجعون

بارەگای بارزانی

سوپاس و پێزانین

بەناوی خودای میهرەبان

بەناوی خانەوادەی ئیسماعیل ئاغای بەرسیرین، سوپاس و پێزانینمان بە گشت خزمان و دۆستان و هەڤاڵان بەرپرسانی حزبی و ئیدارای ڕادەگەینین، ئەرکیان کێشا لە پرسەی مامم ئیبراهیم ئاغای بەرسیرینی بەشداریان کرد، خودای گەورە جەزای خێر و چاکەتان بداتەوە، زۆرسوپاس بۆ برایەتیتان.

برای دڵسۆزتان/مزەفەر ئیسماعیل ئاغا بەرسیرینی

پارتی.. ساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمانی پیرۆز دەکات



ڕۆژی 2019/12/8 ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکانی کوردستانی و عێراق و کارگێڕانی لقی دوو و ئەندامانی مەکتەبی پەیوەندیەکان، سەردانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمانیان کرد و پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندنیان لێکردن و ئومێدی بەردەوامیان بۆ خواستن لە خزمەتکردن بە کلتووری تورکمانی و کلتووری پێکەوە ژیان لە کوردستان کە بۆتە نموونە لە ناوچەکە.

هاوکات دووپاتیان لەوە کردەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان پارێزەری پرەنسیپی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی پێکهاتەو نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانە لە کوردستان،هەڵوێستی تورکمانەکانیان لە بزاوتی ڕزگاریخوازی کوردستان و پرسە چارەنووسسازەکان بە گرنگ و کاریگەر وەسفکرد، پێشیان وابوو هەوڵێر شارێکە هەمیشە سیمای پێکەوە ژیانی تێدا بەدی دەکرێت و زیندووە.

سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمانیش وێڕای سوپاس و پێزانینی بۆ پەیامی پیرۆزبایی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاماژەی بە وتەیەکی بارزانی نەمر کرد کە دەڵێ :تورکمانەکان پشتی ئێمەن ،و سوپاسی سەرۆک مەسعود بارزانی کرد کە لە نووسینەوەی دەستووری عێراق، پێداگری لە پاراستنی مافی نەتەوەکان کرد.

هاوکات بوونی کەسێکی تورکمانیان لە بارەگای بارزانی بە دەستکەوتێکی گەورە بۆ تورکمانەکان وەسفکرد، پێشی وابوو بارەگای بارزانی مانای هەمووانە و بارزانیش هی هەمووانە.

ل هندەک دەڤەرێن پارێزگەهێ بەفر هاتیە لێ نەگەهشتیە وی رادەی جادە بهێنە گرتن



دیوالی حەمێ برێندار، ڕێڤەبەرێ سەخبیری و پاراستنا ڕێک و پرا ل پارێزگەها دهۆکێ دیارکرکو هەتا نوکە ل سەرزێری بەفر هاتیە لێ نەگەهشتیە وی رادەیی جادە بهێنە گرتن و ئاستەنگ بۆ هاتن وچوونێ دروست بن و تیمێن مە بێن ڤەکرنا جادەیان ل سەرزێری و دێرەلوک و سوارەتووکا و زاخۆ و ئامێدیێ و بامەرنێ بەلاڤکرینە بۆ وێ چەندێ هەکە ل دەڤەرێن چیایی بەفر هات و ڕێک بهێنە گرتن ب زووترین دەم ڕێبا ڤەکەن ونەهێلن ئاستەنگ بۆ هاتن وچوونێ دروست بن. و گوت: ئەڤ ساڵە بۆ وەرزێ زڤستانێ حەفت تیم هاتینە پێک ئینان هەموو ئامیرێن پێدڤی لبەر دەستی وان هەنە داکو هیچ ئاستەنگەکا هاتن و چوونێ دروست نەبیت بتایبەتی ژی دەڤەرێن چیایی و دناڤبەرا گۆند و قەزا و ناحیا بۆ پاریزگەها دهۆکێ.

ئەوانەی ڕووبەری خانووی زێدەڕۆیان کەمە، بە سوودمەند هەژمار ناکرێن

هەفتەی ڕابردوو و دوای گەڕاندنەوەی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، پەرلەمانی کوردستان جارێکی دیکە یاسای تاپۆکردنی خانووی زێدەڕۆی پەسەند کرد، ئەندامێکی لیژنەی شارەوانییەکانیش دەڵێ، لە کاتی تاپۆکردنی خانووی زێدەڕۆدا، ئەگەر ڕووبەرەکەی زۆر زیاد نەبێت، خاوەنەکەی بە سوودمەند هەژمار ناکرێت.

نزار مەلا غەفار، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: بەپێی ناوەڕۆکی یاسای تاپۆکردنی خانووی زێدەڕۆ، هەر خانوویەک لەنێو سەنتەری شارەکان ئەگەر ڕووبەڕەکەی لە 200 مەتر زیاتر نەبێت، بە سوودمەند هەژمار ناکرێت، لەنێو سەنتەری قەزاکانیش خانووی زێدەڕۆ ئەگەر لە 300 مەتر زیاتر نەبێت، بە سوودمەند هەژمار ناکرێت، بەڵام لەنێو سەنتەری ناحیەکان خانوو ڕووبەرەکەی لە 500 مەتر زیاتر نەبوو، ئەویش خاوەنەکەی بە سوودمەند هەژمار ناکرێت .

پەیوەست بە زەویی زێدەڕۆ، ئەندامەکەی لیژنەی شارەوانییەکان دەڵێت: یاساکە ئەو زەویانە ناگرێتەوە کە زێدەڕۆن، چونکە زەویی زێدەڕۆ زۆرە و ئەگەر تاپۆ بکرێن ئەوە کێشەی کۆمەڵایەتی لەنێو خەڵکیدا دروست دەکات، بۆ نموونە زەویی زێدەڕۆ هەیە لەوانەیە چەندین هاووڵاتی تەماحی تێدا بێت و کێشەیان لەسەر بێت، لەبەر ئەوەش یاساکە ئەو زەویانە ناگرێتەوە کە زێدەڕۆن، کە لە لایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی زێدەڕۆ لەسەر زەوییەکان .

مەلا غەفار ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: یاساکە دوای پەسەندکردنی دەچێتە لای سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ واژۆکردن و دواتر گشاندنی بۆ دەکرێت و دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، تا ڕێنمایی پێویستی بۆ دەربکرێت، کە پێشبینی دەکرێت ژمارەی ئەو خانووانەی بە شێوەی زێدەڕۆ دروست کراون، لە نێوان 250 هەزار تا300 هەزار بێت، واتە بەپێی یاساکە نزیکەی 300 هەزار خێزان سوودمەند دەبن و لە بەرژەوەندیدایە هاووڵاتیاندایە.

وەزارەتی بازرگانی:

ڕۆژ بە ڕۆژ جووڵەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان لە زیادبووندایە

گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی، بە هۆی بوونی سەقامگیرییەوە لە هەرێمی کوردستان، ڕۆژ بە ڕۆژ جووڵەی بازرگانی لە زیادبووندایە و دۆخی بازرگانیش وەکو پێش هاتنی قەیرانی دارایی، ئاسایی بووەتەوە.

فەتحی مەجید، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند: لەمساڵدا جموجۆڵی بازرگانی لە هەموو ڕووەکانەوە زیادی کردووە و هەرێمی کوردستان بۆ کاری بازرگانی بۆ عێراق بووەتە دەروازەیەکی گرنگ و ڕۆژ بە ڕۆژیش جووڵەی بازرگانی لە ڕووی ئالوگۆڕی بازرگانی و هاتنی کۆمپانیا بیانییەکان و کارکردنەوەی کارگەکان لە زیادبووندایە، بۆیە ئێستا دۆخی بازرگانی زۆر باشە و وەکو پێش هاتنی قەیرانی دارایی ئاسایی بووەتەوە .

مەجید گوتیشی، هۆکاری زیادبوونی جموجۆڵی بازرگانی، بە پلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەرێمی کوردستان سەقامگیرە و زەمینەشی زۆر لەبارە بۆ کاری بازرگانی، هەر بۆیە بەردەوام لە زیادبووندایە.

وەزارەتی کشتوکاڵ ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی نووسراوێک بڵاو کردەوە

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

وتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی نووسراوێکی ساختە بڵاو کردەوە. لە ڕوونکردنەوەکەدا ڕاگەیەندراوە، کەسێکی ساختەکار، بە نووسراوێکی ساختە هەوڵی هاوردەکردنی بڕێکی یەکجار زۆر (دووسەد ملیۆن)ی بەستووی داوە، کە زیاتر لە 10ساڵە هاوردە کردنی بە گوێرەی یاسای کەرەنتینەی ڤێتەرنەری لە سەرتاسەری عیراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە قەدەغەیە.

ئەوەش خراوەتە ڕوو، نووسراوەکە لەسەر کڵێشەیەکی ساختە و دروستکراو کە جگە لە ساختەیی کڵێشەکە و لەیەکنەچوونی لەگەڵ کڵێشەی وەزارەتمان، دەقی نووسراوەکەش پڕە لە هەڵەی تەکنیکی و ئیداری زەق، هەر وەها ئیمزای ساختە بە ناوی وەزیری کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو خراوەتە سەر نووسراوەکە و ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی باشماخ کراوە. ئاماژە بەوەش دراوە، کە خۆشبەختانە ستافی گومرگی باشماخ وریایانە درکیان بە ساختەیی نووسراوەکە کردووە و ڕێکاری یاساییش گیراوەتەبەر، لە ئێستادا لە پێناو بەڕێوەچوونی بەدواداچوونە یاساییەکان تەنیا هێندە زانیاری دەخەینە بەردەست.

بەشێک لە دەروازەی قەیسەریی کۆنی کفری داڕما



سەرلەبەیانی ئەمڕۆ یەکشەمە بەهۆی بارانبارینی زۆرەوە بەشێکی زۆر لە دەروازەی بەغدادی قەیسەریی کۆنی کفری ڕووخا. عوبێد محەمەد عەلی، بەڕێوەبەری شوێنەواری کفری، ڕایگەیاند: دوێنێ 2019/12/8 بەهۆی بارانبارینی زۆرەوە، بەشێکی زۆر لە دەروازەی بەغدادی قەیسەریی کۆنی کفری داڕووخاوە. گوتیشی: قەیسەرییەکە سێ دەروازەی هەیە، کە دەروازەکانی ڕۆژهەلات و سلێمانی و بەغداد ـ ن، دەروازەکانی ڕۆژهەلات و سلێمانی لە ساڵانی ڕابردوودا ڕووخاون و تەنها دەروازەی بەغداد ماوەتەوە، ئەمڕۆ بەشێکی زۆری ئەو دەروازەیەش داڕووخا کە پێکهاتبوو لە نزیکەی6 دووکان. ئاماژەی بەوەش دا: ئێستا دوو بەشی دەروازەی بەغدادی قەیسەرییەکە ماون و ئەوانیش بەهۆی باران بارینەوە مەترسیی ڕووخانیان زۆرە.

قەیسەریی کفری یەکێکە لە قەیسەرییە گەورە و گرنگەکانی باشووری کوردستان، میژووەکەی بۆ سێ سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە، ژمارەیەکی زۆر دووکانی هەبووە و جگەلە چەندین خان (خانی خەڵووز، خانی مەلا عەباس ناسراو بە خانی گەنم و خانی موحسین ئاغا) قەیسەرییەکە کۆمەڵێک یەکەی بیناسازیی ناوازە و جوانی بۆ کراوە وەک گومەزی و تاقی کەوانەیی جۆراوجۆر و دەروازەی فراوان و تونێلی، هەروەها سیستەمی خان و بینای دوو نهۆمی سەرنجڕاکێش و زۆرێکیتر .

www.xebat.net
دووشەممە 2019/12/9 ژمارە (5888)



بەکر کەریم حەسەن*

پرۆگرامەکان بەرپرسیاریەتی میژوویی و پەروەردەیی و نیشتمانییە

نوسەری بەناوبانگی ئەمریکی مارک توین دەڵێ: «نەچێنی سەرکەوتن و پێشکەوتن لە ئیش، بریتییە لەوەی دەست بە ئیش دەکەین».

بێگومان جەخت کردنەوەمان لە سەر هەموارکردنەوەی پرۆگرامەکان بە گشتی بەکارێکی هەرە لە پێش و پێویستی وەزارەتی پەروەردە دەبینم، چونکە هەر گۆڕانکاری و هەموارکردنێک لە پرۆگرامەکان بریتی دەبێت لە پەرەسەندن و گەشەسەندن و قایم کردن و مکوم کردنی زیاتری بەها باش و ئیجابییەکانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییە لە پێش هەموویان بەرەو بنیاتنانی تاکێکی پۆڵایین و تۆکمە بۆ نیشتمان .

شک لە وەدانییە هەمومان کۆکین لەسەر پێویستیمان بە پەرەپێدان و گەشەپێدانی پرۆگرامەکان هەیە بەگشتی، چونکە گەر بمانەوێت هەر هەنگاوێک بنێین بەرەو گەشەپێدان و چاکسازی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەبێت لە پرۆگرامەکان دەست پێبکەین، پرۆگرامەکان قوتابی لە ناخەوە دروست دەکات و ئامادەی دەکات بۆ نیشتمان، گەر پرۆگرامەکان لە ئاستی پێویست نەبێت ئەوا تاکێکی مەبەست دار و بەهێز دروست نابێت، بەڵکو تاکێکی دەستەمۆ و مەلوول دروست دەبێت. بۆیە هەردەم شارەزایانی بواری پەروەردە و فێرکردن هاوڕا و کۆکن لە سەر ئەوەی هەر کاتێک پرۆگرام لاواز بوو، ئەوا هۆکاری سەرەکییە لە دابەزینی ئاستی خوێندن و دابەزینی دەریچە و دەروازەکانی جۆری فێرکردن، چونکە پرۆگرامی لاواز ناتوانێت نەوەیەکی وەکو شاخ و بەهێز و خاوەن ئیرادە و بڕوا دروست بکات، وە پرۆگرامەکان پەیوەست نییە بە کەسێک و دووکەس، پرۆگرامەکان پەیوەندی بە چارەنووس و پاشەڕۆژ و مافی میللەتەکەمان هەیە .

بۆیە پێویستە هەردەم چارەنووس و پاشەڕۆژی میللەتەکەمان لە بەرچاو بگیرێ و ئامانجەکانی پەروەردەی لێ بێتەدی و لەلایەن کەسانی شارەزا و بە ئەزموون و پسپۆڕ لە بواری جیاجیاکانی پەروەردە و فێرکردن بەرێوەببرێن و بڕیاریان لە سەر بدرێ، کەسانێک کار لە پرۆگرامەکان بکەن هەڵقوڵاوی ناو پرۆسەکە بن و شارەزای بارودۆخی قوتابخانە و قوتابی و ژینگەی فێرکردن بن و بە قۆناغەکانی پەروەردە و فێرکردن گوزەریان کردبێت، چونکە بەرپرسیاریەتی پرۆگرامەکان دەستکەوت و پۆست نییە، بەڵکو بەرپرسیاریەتییەکی میژوویی و نیشتمانی و پەروەردەیی گەورە دەکەوێتە سەرشانیان، چونکە پرۆسەی گەشەپێدان و پەرەپێدان لە پرۆگرام واتا گەشەپێدان و ئامادەکردن و دروست کردن و بنیاتنانی مرۆڤی پاشەڕۆژ و پیاوی سبەی، کە هەر ئەوانن رێگاکان دەبڕن بەرەو داهاتوویەکی گەش و پڕشنگدار و ئامادەکردنی نەوەی پاشەڕۆژ، هەردەم پرۆگرامەکان هۆکار و ئامرازی سەرەکی و کاریگەر بوونە وڵاتان بەکاریان هێناوە لە پێناو بنیاتنان و دروست کردنی تاک و کۆمەڵگە و وڵات. لە سەر دەمانێک چەند وڵاتێک دەستیان کرد بە ئەنجامدانی چەند هەموارکردنێک لە پرۆگرامەکان کە هەموارکردنی فراوان و گشتگیری گرتەوە، هەر ئەو هەموارکردنەش بووە هۆکاری پێشکەوتن و گەشەکردنی وڵاتەکانیان لە بواری پەروەردە و فێرکردن و بوارەکانی تریش نموونە(فیلەندا، سەنگاپورە، مالیزیا، ئەڵمانیا، ژاپۆن). هەموو ئەو وڵاتانە و چەندەها وڵاتی تریش هەموارکردنەوەیان لە پرۆگرامەکانیان کردو بووە هۆکاری پێشکەوتنیان لە هەموو رووبەکەوە هەردەم لە ریزی پێشەوەی وڵاتانی جیهانن لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

بۆیە لێرەوە جەخت دەکەمەوە لە سەر ئەوەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان لەلایەن وەزارەتی پەروەردە گرنگی بە هەموارکردنەوەی پرۆگرامەکان بدەین، هەرچەندە پرۆگرامەکان جێی بایەخی وەزارەتی پەروەردە بووە بە تایبەت لەو کابینەیە، بەڵام گرنگە بە پلانێکی دیراسەت کراو هەوڵی هەموار کردنەوەی فراوانی پرۆگرامەکان بە گشتی بدەین، ئەویش لە ڕێگای دامەزراندن و پێکهێنانی سەنتەرێکی نیشتمانی بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی پرۆگرامەکان، کە ئەو سەنتەرە هەرە شارەزایانی بواری پەروەردە و فێرکردن بگرێتەوە لە کەسانی پەروەردەیی و ئەکادیمی کە پێشتر کاریان کردبێت بە کردار لە ناو پرۆسەی پەروەردە و قۆناغەکانیان بڕیبێت لە وەزیر و سەرۆکی زانکۆ و راوێژکاران و بەرێوەبەرانی گشتی کە پێشتر مامۆستایەتیان کردبێت و شارەزایی کرداریان هەبێت، لەگەڵ کەسانی تری بە ئەزموون و پسپۆڕ، چونکە ئەو بەرپرسیاریەتیە بەرپرسیاریەتیەکی میژوویی و نیشتمانی و پەروەردەییە، دەبێت ئازایانە و راستگۆیانە بە بوێری و دڵسۆزی قۆناغ لێ هەڵماڵین و ئەمانەتە میژوویییەکە بپارێزین.

*** بەرێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر.**

14 ساڵە هاوکاری قوتابخانەکان دەکات

تەنها ئەمساڵ 200 بەرمیل نەوتی بەسەر قوتابخانەکاندا دابەشکردووە



پارە هەرگیز بە خوێندن بەراورد ناکرێت خوێندن بە پارە ناکڕدرێت ئەگەر بشکڕدرێت بێ بەهایە

عەبدولواحید برادۆستی: ئەگەر وەزارەتی پەروەردە زەویم بۆ دابینبکات ئامادەم قوتابخانەیەکی 28 پۆلی لە سیدەکان دروستبکەم

خەبات ڕۆشنا عەلی

قەیرانی دارایی هاوکاری کەسانێکی خێرخوازی بۆ بواری جیاوازەکان کردە ڕاستی و زەرورەتی سەردەم ، جا لەهەر بواریک لە بوارەکان ئەم کەسانەی دۆزییەوە یەکێکیش لەو کەسانەی کەلەناو خەڵک بەهاوکاری بواری پەروەردە ناسراوە (عەبدولواحید برادۆستی)ە کەلەساڵی 1980لە دایکبووەو وەک خۆی ئاماژەی پێدا خاوەنی دوو کارگەی پاککردنەوەیە ، ناوبراو ماوەی چەند ساڵێکە هاوکاری قوتابخانەکان دەکات لە دابینکردنی پێداویستییەکانی قوتابخانەکان و دابەشکردنی سوتەمەنی بە تانکەر بەسەر قوتابخانەکانی سنوری ناحیەی کەسنەزان و سیدەکان بە جۆرێک هیچ قوتابخانەیەک لەو سنورانە بێبەش ناکات لاپەڕەی پەروەردە بە پێویستی زانی دیمانەیەک لەگەڵ ناوبراو ڕێکبخات:

*** پرسیارمان لەبارەی قۆناغی خوێندن لێکرد برادۆستی ئامادەی بەودا کە تەنها تا شەشی ئامادەیی خوێندووە؟**

ـ شەشی ئامادەییم خوێندووە ئەویش ساڵی 2017تەواوم کرد ، بەڵام کاتی خۆی نەمخوێندوو وازم لە خوێندن هێنا لەبەر ئیش و کارو بژێوی ژیانی خێزانەکەم ، لەبەر ئەوەی من کوڕە گەورەی ماڵ بووم و بە منداڵیش هاوسەرگیریم کرد حەزم لە خوێندن بوو نیستاش ئەو حەزم هەیەو قوتابی زیرەکم زۆر خۆش دەوێت کاری بزنس ئەکەم خاوەنی دوو کارگەم مەواد دەدەمە هەمو عێراق و ساڵی 2018یەکەم بووم لەسەر ئاستی عێراق لە کوالێتی فاست.

2005تازە بەڕێوەبەرایەتی کارەبا لە کەسنەزان کرابۆوە چوومە ئەوێ کورسییەکانییان باغە بوو وتم بۆ ئەم کورسیانەتان داناوە وتییان پارەمان نییە منیش هەرئەوکاتە پێداویستییەکانم بۆ کڕین و کاک حسێن کە ئەو کات بەڕێوەبەری کارەبا بوو ڕێزوو سوپاسی پێدام ئەوە یەکەم ڕێزوو سوپاسە وەرمگرتووە دوای ئەوەش بەردەوام بووم تا ئێستا.

*** ئایا هاوکارییەکانی ئێوە تەنها سوتەمەنییە و بەڕێکەوتە یان شتێوازی ئەم هاوکارییە چۆنە ؟**

ـ لەڕاستییا من زۆر حەزم لە هاوکاری قوتابخانەکانە بە بەرنامە نییە تەنها بزانم پێویستی بە فلانە شتە هەندێکیش لە ڕێگای پەروەردەوە تەنها ژمارەکان وەردەگرم 108بەرمیلم تا ئێستا لە کەسنەزان دابەشکردووە جگە لە 50 بەرمیلی دیکە بۆ کەمدەرامەت ئەگەر نا خۆشم زەویەکە دابینەدەکەم کاری من خێر خوازییە و دەمەوێت لە بواری پەروەردە بێت زیاتر منداڵی کورد سوودی لێ وەربگرێت.

*** وتیان یەکێک بووی لەوانەی هاوکاری پێشمەرگەشت کردبوو لە شەڕی دژی داعش ئەم هاوکاریکردنە لەچ ڕوویەکەوە بوو؟**

ـ بەڵێ من خۆم بە خزمەتکاری پێشمەرگە ئەزانم شانازییە بۆ زۆیم بۆ تەرخانبکەن بە زۆترین کات لەسەر کوالێتییەکی بەرز قوتابخانەیەک دروستدەکەم ئەگەر نا خۆشم زەویەکە دابینەدەکەم کاری من خێر خوازییە و دەمەوێت لە بواری پەروەردە بێت زیاتر منداڵی کورد سوودی لێ وەربگرێت.

*** وتیان یەکێک بووی لەوانەی هاوکاری پێشمەرگەشت کردبوو لە شەڕی دژی داعش ئەم هاوکاریکردنە لەچ ڕوویەکەوە بوو؟**

ـ بەڵێ من خۆم بە خزمەتکاری وەک خۆم هاوکاری حکومەت بە واجب دەزانم.

*** تاچەند ئەم هاوکاریانەی تۆ بەبایەخەوە تەماشا دەکرێت و هاندەدات بۆ هاوکاری زیاتری خەڵک و حکومەتیش لەلایەن خەڵک و بەرپرسان؟**

ـ ئەوەی لای من جێگای خۆشحاڵییە بەردەوام ڕێزلێنانە لە کارەکانم بە شانازییەوە تەماشای دەکەم بۆفوونە وەزیری پەروەردەی پێشوو د. پشتیوان ڕێز لێنانی پێدام بۆمن زیاتر هاندانە وەزیری نوێ مامۆستا ئالان تەلەفۆنی بۆکردم ئەمە دیارە ئەوانیش پێزانینییان هەیە بۆ کارەکانی من ڕاستە من تەنها بۆ خەڵک ئیش ئەکەم، بەڵام بێگومان ئەو پێزانینانەش مایەی دڵخۆشییە من هیچ شتێیەکم بەبەرامبەر نەکردووە و بە نیازی نە پۆست و نە پلەو نەهیچ شتێیەکم هەیە ئیشی خۆم بە هیچ شتێیەک ناگۆڕمەوە 109ڕێزوو سوپاسم هەیە لە 2006وە تا ئێستا.

جگە لە پەروەردە بینام بۆ لاوانی کەسنەزان دروستکردووە هەفتەی داهاتوو لەڕێورەسمێکدا دەکرێتەوە لە 2007وە ماوەی 12ساڵە مۆلیدەیەکم داناوە بۆ چل ماڵ بەبێ بەرامبەر

*** ئەگەر بەم ئیمکانییەتەی ئێستات بکەڕێیتەوە بۆ کاتەی واز لە خوێندن هێنا چی ئەکەی و لە کوێوە دەستپێدەکەیتەوە؟**

ـ یەکەم شت دەچم دەخوێنمەوە بریا بمخوێندبا دکتۆر بام یان موهەندیس ، کۆبوونەوەیەکی زۆر زەحمان هەبوو لە سێ نزیکەی 45شەریکە بووین هەموی خۆی ئەناساند چی تەواو کردووە گەشتە سەرەی من بوومە ئارەقە ئەوە ڕاستییە لەو وەختەوە هاتمەوە چووم پۆلی 12دم تەواو کرد ، چونکە من ئەو بڕوایەم هەیە هیچ شتێیەک نابێتە خوێندن ئەگەر بگەڕێمەوە ئەو کاتە تەنها دەخوێنم پارە هەرگیز بە خوێندن بەراورد ناکرێت و زانست و خوێندن بە پارە ناکڕدرێت ئەگەر بشکڕدرێت بێ بەهایە هەمیشە ئامۆژگاری منداڵەکانم دەکەن کە تەنها بخوێنن هیوایەتم تەلەبەی زیرەکە دەیان دیاریم بۆ قوتابی کڕیوە کە 90بەسەرەوەی هێناوە نەشم ناسیوە بە ڕێکەوت بینیومەو بەڵێنم پێداوە و ئەو داهاتەی هەمە بەشی هەمووی قوتابییەک ناکات بریا ئەوەندە بوایە هەر هەموو قوتابییەکم بەسەر بکردایەتەوە تەنها بۆ قوتابی زیرەک کەس وەک من نازانێت موعاناتی بێ بڕوانامەیی چەندە و کەس بە قەدەر من خەفەتی لە نەخوێندن نەخواردووە.

*** ئەم هیوایەت و خۆشەویستییەت بۆ قوتابی زیرەک لە چیەوە هاتووە خۆتۆ پۆلی 12ت تەواوکردووە بۆت ئاسانە هەر شوێنێ بتەوێ بخوێنی؟**

ـ لەبەر خۆم من بە هەزار حاڵ پۆلی شەشم تەواوکردووە بە نەخوێندەوار حسابم پاش 35 ساڵ ئەوە ناکاتە خوێندن لە بەرنامەمدایە زۆربەی ئەو قوتابیانەی سەرووی نەوەد ئەهێنن خەڵاتییان بکەم .

*** ئەو بودجەیەی لە داهاتی خۆت بۆ خزمەتی قوتابی خەرجی ئەکەی چەندە دیاریتکردووە؟**

ـ من داهاتەکەی خۆم دابەشی سێ ئەکەم بەشێکی ئەخۆم بەشێکیشی ئیشەکانی پێئەکەم واتە ئیشی دیکەم هەیە بەشێکیشی دەکەمە خێر جگە لە مەسەلەی قوتابخانەو قوتابی ، مووچەم بۆ بیست تا سی ماڵ بڕیوەتەوە تەنها لە کەسنەزان هەندێک شت پێم خۆش نییە باسی بکەم من هیچم ناوێت خۆشەویستی خەڵک بەسە بۆمن لە قوتابخانەیەکی ناحکومی لە سیدەکان بێ ئەوەی هیچ سوودێکم هەبوو بێت بڵێان کە ناحکومییە قوتابخانەکە هۆڵێکییان بە ناوی من کردۆتەوە تەنها وەک کەسێک کە کارم بۆ قوتابی کردووە بێ ئەوەی خۆم ئاگادار بم.



هیوایەتم قوتابی زیرەکە دەیان دیاریم بۆ قوتابی کڕیوە کە 90 بەسەرەوەی هێناوە نەشم ناسیوە

* ئایا ئەم هاوکارییەی ئێوە بۆ قوتابخانەکان سەرچاوەکەی تەنها خۆتان یان لە ڕێگای تریشەوە دەعم دەکرێن بۆ بەردەوامبوون لە کارەکانتان ؟

نەخێر من تەنها کاری خێر خوازی دەکەم و هیچ کەس و لایەنێک شەریک و هاوکاری من نییە جگە لە خۆم.

*** لەساڵی چەندەوە ئەم بیرۆکەی هاوکارییەی قوتابخانەکان لای ئێوە گەلاڵە بووە؟**

ـ من کاتی خۆی نوسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانوو زەویم هەبوو لەساڵانی - 2004 پێداویستی قوتابخانەیەک بە هاوکاری من پڕدەکرێتەوە دەیکەم ، جا شەرت نییە هەر سوتەمەنی بێت زۆر جار دۆلاب و کەل و پەلی قوتابخانە و مۆبیلیات ومۆلیدەو هەموو ئەو شتانەشم بۆ قوتابخانەکان دابینکردووە نەوتم بۆ هەموو قوتابخانەکانی کەسنەزان بردووە قوتابخانە هەیە سێ دەوامە بۆهەر سێ دەوامەکەم بردووە بەبێ جیاوازی هەندێک لەڕێگای خەڵکەوە هەندێکیش لەڕێگای حیزبەوە کە داوام لێدەکەن فلانە قوتابخانە کاتێک دەمانەوێت لەسەر پرسێکی پەروەردەیی قسە بکەین زۆر جار ئاڕاستە کردنی گەورەکان لەبیر دەکەین یاخود لە دواوەی پۆلێنی ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی پەروەردەییدا دایان دەنێین و بەردەوام زمانی نەشتەرگەریمان لەسەر گیان و دەروونی زارۆ و منداڵەکانمانە و گەورەکانمان تاڕادەیەک فەرامۆش کردووە، لە کاتێکدا دەبوو بە پلەی یەکەم تیشکمان لەسەر ئەوان بوایە نەک بە پێچەوانەوە، چونکە منداڵانی سروشت پاک و فریشتە ڕەفتار هەویری دەستی دایک و باوکیانن ئەوانن ڕەفتار و گوفتار و ئاکاری جوان لەسەر نەخشەی ژیانیان ئەنەخشێنن، یاخود تاکێکی لاسار و خراپ..جنێودەر و سەرەڕۆ و لادەر پێش کەش بە کۆمەڵگە دەکەن و دەبنە مایەی سەرئێشە و نەگبەتی بۆ هەمووڵایەک.لەبەر ئەوە زۆر پێویستە زیاتر سەرنجی لایەنی پەیوەندیدار و ئەو بەڕێزانەی ئەرکی ئیسلاح و پەروەردەکردنیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان بەتایبەتی و لە پلەی یەکەمدا مامۆستا و زانایانی ئایینی لەسەر چۆنێتی ئاڕاستەکردنی دایک و باوک بێت و جەخت لە سەر ڕاستکرنەوە و بارهێنانی دایک و باوکێکی سالح بکەنەوە، ئەگەر دایک و باوک ڕاسالّ و سالح بوون ڕەنگدانەوەیان لەسەر منداڵەکانیان دەبێت. ئەو پەندە فارسیە باوەی وتراوە (مادەر ببینەو دوختەر بخوازە) زۆر جوانیان گوتووە ئەمە بەهەمان شێوە بۆ باوکیش ڕاستە چ کوڕ بێت یا کچ ئاوێنەی کرداری دایباباینن.

زنجیرە و دراماکان

کاتێک دایباب پەروەردەی منداڵەکانیان دەکەنە قوربانی حەز و ئارەزووە کانی خۆیان بێ ئەوەی هیچ بەرپرسیاریەک لە ئەستۆ بگرن دەبێ چاوەڕێی ڕەوشتی نەخوازراوی منداڵەکانیشیان بکەن، جارێکیان لە دیدەنیەکدا باسیان لە ڕووداوەکانی زنجیرە دراما (.....)تورکی لەیەکێک لەکەنالەئاسمانیە کوردیەکان دەکرد کە ئەم درامایە پڕی بوو لە گوفتار و کرداری نا پەروەردەیی دوور لەداب و نەریتی کوردەواری، وەک ئەوەی باسیان لێوە دەکرد و لەگەڵیدا پێدەکەنین. گوتم تەماشا کردنی ئەم زنجیرانە زیانیان زۆرە بۆ سەرلایەنی دەروونی و ئیمان و ڕەوشتی ناو خێزان پرسیم باشە ئەم درامایە لەبەرچاوی منداڵەکانتان سەیر دەکەن؟ گوتیان بەڵێ گوتم لانی کەم هەر تەماشای دەکەن با لەبەر چاوی ئەوانداً نەبێت..چونکە منداڵی ساوا بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی زانایانی دەروونناسی لە تەمەنی دوو مانگیدا دەرک بە بینینی ڕەفتاری سێکسی دەکات چ جای ئەوەی تەمەنی لەسەروتر بێت..تکایە حەز و ئارەزووەکانی خۆتان کۆنترۆڵ بکەن لە پێناو ئەواندا موتابعەی ئەو جۆرە کەنالانە مەکەن و لە سەتەلایتەکانتاندا بیانسڕنەوە دوایی خۆتان گرفتار دەبن بە دەستیانەوە لە تافی هەرزەکاری و پێگەشتنیاندا ناتوانن بە شێوازێکی دڕووست ئاڕاستەیان بکەن کەی ڕاستە منداڵەکانتان ناوی ئەکتەرە کچ و کوڕەکانیان لەبەرە و دواتر لە جل پۆشاک و ڕفتاریشدا لاساییان دەکەنەوە..ئەمە نموونەیەکی بچووکی ناو خێزانەکانە مناڵ گیرۆدەبە بە دەست دایک و باوکیەوە زۆر جار لەبەر زنجیرە ناڕەوشتیەکان ناهێڵن تەماشای فیلمەکارتۆنیەکان بکەن هەرچەندە ئەوانیش زیانیان هەیە بەڵام هەرچۆنێک بێت بە ڕێژەیەکی کەم باشترە لەو زنجیرە درامایانەی کە زیانی بۆ گەورەکانیش هەیە نەک منالان..ئیستر نابێت ئێمە گلەو گازندە لە ڕەفتاری نەشیاوی مناڵ یا هەرزەکارێک بکەین ئەوە دایک و باوکە دەبێت ئارەقەی شەرمەزاری بسڕن و بەرهەمی هەڵسوکەوتە نا پەروەردەییەکانیان بچنەوە.

دایک و باوکی نابەرپرس



ستران محمد فرج

بەڕاستی هەڕشە و نەفرەتەکانی دایک و باوکی نابەرپرس بەسەر کۆمەڵگەوە کەمتر نین لەمەترسیەکانی دوژمنی دەرەکی و بێگانە، چونکە سەرچاوەی هەموو دەردە کۆمەڵایەتیەکان و بونیادی ڕەسەنی هەرنەتەوەیەک بەندە بە ئاستی ڕۆشنبیری باوک و قوتابخانەی پێگەیاندنی تاک لەلایەن دایکەوە، هەرکات بناغەی ئەم پێگەیە تۆکمە و بەهێز بێت بێگومان تەلار و بالەخانەی ژیانی کۆمەڵگە جێگیرتر و دامەزراوتر دەبێت، ئەوسا هەموو کایەکانی تری ژیان لەژێر سایەیدا گەشە دەکات و دەحەوێتەوە.

گەورەکان نابینن

لەدیدەنیەکی شەوانەماندا سەرنجمان چووە سەر منداڵێکی تەمەن 2بۆ 3ساڵان کە ئەو پەپولەیە چۆن سلوکی سێکسی بەسەر ڕەفتارەکانیەوە دیار بوو! زۆر جار لەدەم و لێوی ئاڵی منداڵێکەوە جنێو و قسەی زبر و نابەجێ دەبیستین! ئێمەی پەروەردشیاران و ئەرکی ئیسلاح و پەروەردەکردنیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان بەتایبەتی و لە پلەی یەکەمدا مامۆستا و زانایانی ئایینی لەسەر چۆنێتی ئاڕاستەکردنی دایک و باوک بێت و جەخت لە سەر ڕاستکرنەوە و بارهێنانی دایک و باوکێکی سالح بکەنەوە، ئەگەر دایک و باوک ڕاسالّ و سالح بوون ڕەنگدانەوەیان لەسەر منالەکانیان دەبێت. ئەو پەندە فارسیە باوەی وتراوە (مادەر ببینەو دوختەر بخوازە) زۆر جوانیان گوتووە ئەمە بەهەمان شێوە بۆ باوکیش ڕاستە چ کوڕ بێت یا کچ ئاوێنەی کرداری دایباباینن.

زنجیرە و دراماکان

کاتێک دایباب پەروەردەی منالەکانیان دەکەنە قوربانی حەز و ئارەزووە کانی خۆیان بێ ئەوەی هیچ بەرپرسیاریەک لە ئەستۆ بگرن دەبێ چاوەڕێی ڕەوشتی نەخوازراوی منالەکانیشیان بکەن، جارێکیان لە دیدەنیەکدا باسیان لە ڕووداوەکانی زنجیرە دراما (.....)تورکی لەیەکێک لەکەنالەئاسمانیە کوردیەکان دەکرد کە ئەم درامایە پڕی بوو لە گوفتار و کرداری نا پەروەردەیی دوور لەداب و نەریتی کوردەواری، وەک ئەوەی باسیان لێوە دەکرد و لەگەڵیدا پێدەکەنین. گوتم تەماشا کردنی ئەم زنجیرانە زیانیان زۆرە بۆ سەرلایەنی دەروونی و ئیمان و ڕەوشتی ناو خێزان پرسیم باشە ئەم درامایە لەبەرچاوی منالەکانتان سەیر دەکەن؟ گوتیان بەڵێ گوتم لانی کەم هەر تەماشای دەکەن با لەبەر چاوی ئەواندا نەبێت..چونکە منالّی ساوا بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی زانایانی دەروونناسی لە تەمەنی دوو مانگیدا دەرک بە بینینی ڕەفتاری سێکسی دەکات چ جای ئەوەی تەمەنی لەسەروتر بێت..تکایە حەز و ئارەزووەکانی خۆتان کۆنترۆڵ بکەن لە پێناو ئەواندا موتابعەی ئەو جۆرە کەنالانە مەکەن و لە سەتەلایتەکانتاندا بیانسڕنەوە دوایی خۆتان گرفتار دەبن بە دەستیانەوە لە تافی هەرزەکاری و پێگەشتنیاندا ناتوانن بە شێوازێکی دڕووست ئاڕاستەیان بکەن کەی ڕاستە منالەکانتان ناوی ئەکتەرە کچ و کوڕەکانیان لەبەرە و دواتر لە جل پۆشاک و ڕفتاریشدا لاساییان دەکەنەوە..ئەمە نموونەیەکی بچووکی ناو خێزانەکانە منالّ گیرۆدەبە بە دەست دایک و باوکیەوە زۆر جار لەبەر زنجیرە ناڕەوشتیەکان ناهێڵن تەماشای فیلمەکارتۆنیەکان بکەن هەرچەندە ئەوانیش زیانیان هەیە بەڵام هەرچۆنێک بێت بە ڕێژەیەکی کەم باشترە لەو زنجیرە درامایانەی کە زیانی بۆ گەورەکانیش هەیە نەک منالان..ئیتر نابێت ئێمە گلەو گازندە لە ڕەفتاری نەشیاوی منالّ یا هەرزەکارێک بکەین ئەوە دایک و باوکە دەبێت ئارەقەی شەرمەزاری بسڕن و بەرهەمی هەڵسوکەوتە نا پەروەردەییەکانیان بچنەوە.

شۆڕشی ئەیلوول پێناسەی راستەقینەی وجودی کوردستان بوو





محەمەد عومەر پێنجوێنی

پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، زۆرجاران بۆ تێگەیشتن لە مانا و پێناسەی (بوون و وجوود)ی کوردستان، هەوڵماندراوە بزانین، ئایا رۆژهەڵاتناس، یان خەڵکانی بیانی چۆن پێناسەی مانا و بوونی ئەو جوگرافیایە دەکەن، کە پێی دەگوترێت (کوردستان)، بەڵام ئەم پێناسەیە بۆ وجوودی کوردستان پێناسەیەکە بۆ مانای ئەو (بوون)ەی کە ئەوان وەک بیانییەک دەیبینن، نەک وەک ئەو مانایەی لە رۆحی هەر هاووڵاتییەکی کوردستاندا هەیە.

مارتن هایدگەر فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمانی، تێڕوانینێکی تایبەتی سەبارەت بە پێناسەکردن و مانای (بوون)ی هەر شتێک هەیە، هەر بۆیە ئەو پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە بوونی هەر شتێک ئەو چوارچێوەیە پێناسەی دەکات و مانای پێ دەبەخشێت، کە تێایدا پێناسە، یان مانا بۆ (بوون)ی دیاری دەکەیت، هەر بۆیە ئەگەر (بوون)ی کوردستان بۆ رۆژهەڵاتناسێک، یان کەسێکی بیانی کە وەک تۆێژەر، یان رۆژنامەنووس لەسەر کوردستانی نووسیوە، شتێک بێت، ئەوا ئەمە تەواوی مانا و وجوودی کوردستان نییە لە هەموو ڕوویەکەوە، مانا و پێناسەکردنی ئەم بوونە لە تێڕوانینێکەوە بۆ تێڕوانینێکی دیکە، یان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێت و دەبێت لە پێناسەکردنەوە و ماناکردنەوەی ئەو بوونەدا، ڕەچاوی ئەم لایەنانە هەمووی بکرێت.

لەم بازنەیەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نا و میژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان، دەبینین (مانا و بوون)ی کوردستان وەک نیشتمان و هێمایەک بۆ پیشاندانی سەروەری و ناسنامەی نەتەوەیەک بوونی نەبووە، کوردستان بوو، هەروەها شۆڕشی ئەیلوول، شۆڕشێکی فیکریشە بۆ وەرچەرخان لە مانا و پێناسەکردنەوەی بوونی کوردستاندا. سەرنج بدەن، شۆڕشی ئەیلوول مانا و بوونی گەلی کوردستانی هاوتا کردووە بەو مانا و بوونەی کە شۆڕشی ئەیلوول بۆ کوردستانی دارشتۆتەوە، بە تێڕوانینێکی هایدگەرییانە، شۆڕشی ئەیلوول (مانا و بوون)ی کوردستانی گرێ داوەتەوە بەو مانا ڕۆحییەی کە لە ناو ڕۆحی میللی و نیشتمانی گەلی کوردستاندا پێناسە کراوە و، بەدەنگی بەرز و لە چوارچێوەی گوتارێکی نیشتمانیی هاوچەرخدا بە دۆست و دوژمن دەڵێت، مانا و بوونی (کوردستان) بەو مانا و بوونەی کە ڕۆحی نیشتمانی و نەتەوەیی گەلی کوردستان سەردەمێکی دیکە دەگۆڕێت و دەبێت لە پێناسەکردنەوە و ماناکردنەوەی ئەو بوونەدا، ڕەچاوی ئەم لایەنانە هەمووی بکرێت.

لەم بازنەیەدا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نا و میژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان، دەبینین (مانا و بوون)ی کوردستان وەک نیشتمان و هێمایەک بۆ پیشاندانی سەروەری و ناسنامەی نەتەوەیەک بوونی نەبووە، ئەو واقیعەدا بنێت و لەسەر بنەمای ئەو واقیعە رازی بێت، بە پێکەوە ژیانێکی ئاردزوومەندانەی هەر دوو نەتەوەی (کورد و عەرەب) لە نیشتمانی هاوبەشی خۆیاندا.

ئەوجا لەگەڵ ئەوەی ئاراستەی گوتاری سیاسیی شۆڕشی ئەیلوول ڕاستەوخۆ ئاراستەکراو بووە بۆ شەڕ و دیالۆگ لەسەر مانا و بوونی کوردستان لەگەڵ حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی عێراقدا، بەڵام ئەم گوتارە بۆتە گوتارێکی میللی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و گەلی کوردستان لە هەر چوار پارچە لەسەر بنەمای ئەو مان و بوونە پێناسەی کوردستان دەکات کە شۆڕشی ئەیلوول چوارچێوەکەی بۆ دیاریکردووە.

بە درێژایی شەش دەیەی ڕابردوو کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، شەڕ و دیالۆگی ناوبەناوی لەگەڵ تێکڕای حکومەتە جیاوازەکانی عێراق کردووە (ئێستاشی لەگەڵدا بێت)، هیچ لایەنێکی سیاسیی کوردستانی ناتوانێت لە چوارچێوەی پێناسەی ئەو (مانا و بوون)ەی کوردستان دەربچێت، کە شۆڕشی ئەیلوول پێناسەی بۆ کردووە.

شۆڕشی ئەیلوول لەبەر ئەوەی هەڵقوڵاوی ڕاستەقینەی ئیرادەی ڕۆحی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کوردستانە و بەرهەمی ئەو ئیرادە خێرایە کە مەزڵوومییەتی گەلی کوردستان بەرهەمی هێناوە، ئەوا چەند ناو و پێناسەی داتاشراو بۆ خەباتی چەکداری لەلایەن حزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە دروست بکرێت، بەڵام کە هاتە سەر شێوازی سەلماندنی (مانا نا خۆبەندی بۆ چینی سیاسیی دەسەڵاتدار موکرە. لەو باسەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت، خولانەوەی پاڵاوتنی فلان کەسایەتی لەماوەی یاساییدا (15ڕۆژ) دەست پێ دەکات، چونکە بە دڵنیاییەوە کەسی پاڵێوراو لەو ماوە کەمەدا، ناتوانێت زۆرینەی پێویست بەدەست بێنێت و لەلایەنی میللیشەوە قبوڵکراو بێت، بەمەش کەسێکی دیکە دەپاڵێورێت و ئەویش شکست دەهێنێت، کەسیش نازانێت ئەو خولانەوەیە لە پاڵاوتن و شکستهێنان چۆن کۆتایی دێت، کە لەوانەیە مەبەست لێی، وەرە بەرزکردنەوە و زیادکردنی موکرپی خۆپیشاندەران بێت، ئەوەش لە لێکدانەوەی جوولەی شەقامەکاندا نییە، هەر بۆیە دەبێتە هۆکارێک لە لێکەوتنەوەی گاڵتەی جەماوەر و تووڕەیی میللی زیتر، کە بۆی هەیە بۆ شێوەیەکی دیکەی گوزارشتکردن پەرە بستێنێت.

ئەوەی دێمەنەکەی ئاڵۆزتر کردووە، داواکاریی دادگاییکردنی سەرانی پرۆسەی سیاسیی، دەرکردنی یاداشتی دەستگیرکردن و هەندێ بڕیاری دیکەیە، لەبارەی تۆمەتباراران بۆ بەردەم دادگاکاندا بکات، لەبەر بوونی کەسانێک، کە پشتیوانی لەو کەسانە دەکەن و ڕێگە نادەن، ڕێوشوێنی یاسایی دەرهەقیان بگیردرێتە بەر، ئەوەش مانای وایە، ئەگەر ئەو فەرمانە جێبەجێ بکرێت، بە دڵنیاییەوە پێکدادانی چەکداریی توند لەنێوان هەردوو لادا ڕوو دەدات. هەروەها داتەپینی ئابووریش هەیە، کە هەر لە بنەڕەوتەوە بەهۆی گەندەڵی، پشێوی گشتیی و وەستانی نیمەچەیی ناردنی نەوتی بە ئاشکرا (نەوەک ئاودیوکراو بۆ وڵاتانی دراوسێ) لە دەرگاکان دەدات، ئەوەش لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا، تەنیا نابێتە هۆی وەستانی پڕۆژە کەمە هەتیوەکان، بەڵکو دەبێتە هۆی وەستانی میکانیزمی جێبەجێکردنی کارگێڕی دامودەزگاکانی دەوڵەتیش، لەبەر نەبوونی توانای لە دانی مووچە و شایستەی دارایی فەرمانبەران، بەکارهێنەران و کرێکاران، بەمەش قەبارەی بارستەی نەختینە کەم دەبێتەوە، نرخەکان بەرز دەبێتەوە و.. تادوایی. بەهۆی شکستهێنان لە گەیشتن بە پاڵێوراوی سازشکردنی قبوڵکراو لە لایەن جولانەوەی میللی (کە شتێکی نیمچە دڵنیاییە)، نەبوونی توانای دادگا لە جێبەجێکردنی یاسا و دادپەروەری و خاوبوونەوەی ڕەوڕەوەی ئاسایی، ئەگەرەکانی کەوتن لە تەنگژەی پەنابردنە بەر توندتیژی زیادەڕۆ، کوشتاری ناوخۆ، هەتا جەنگی ئەهلی و پارچە چارەبوونی دەوڵەتی عێراقیش زیاتر دەبێت. قبوڵ نەکردنی لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان، لە پەنابردنە بەر هەڵبژاردنی پێشوەختە (بەهۆی ترسیان لە دۆڕاندن)، بە گوێرەی یاسای تازەی هەڵبژاردنەکان، کە نوێنەرایەتییەکی دادپەروەرانەی چینەکانی گەل مسۆگەر دەکات، واتای داخستنی دەرگاکانە، لەبەردەم تاکە چارەسەری ڕێگەتێچوو و کردەیی، بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانەی ئێستا. هەرچەندی هێزە جێبەجێکارەکان، زیاترپەنا بۆ توندتیژی ببەن، زیاتر لەوە نزیک دەکەونەوە، عێراق بکەنە گۆڕەپانی جەنگێکی گشتیی، بە هەموو ماناکانی نەهامەتی، کاولکاریی و کارەساتباری.. ئەڕێ کەس هەیە گوێ بگرێت؟

و: ڕەمزی میرەکانی



عیماد تەها

عێراق بەرەو کوێ؟

هۆکاری ئەو ئاڵۆزییانەی عێراق و بارودۆخە نالەبارەکەی و خراپیی ژیان و گوزەرانییەکانی عێراق لە ئەستۆی کێیە؟ گومان لەوەدا نییە کە پێکهاتە و دروستبوونی عێراق بە ئیرادەی عێراقییەکان نەبووە، بەڵام لێرەدا مەبەستم دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و کەوتنی سەدام حسێنە. هەر لە ساڵی 2003 دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و لە ناوچوونی دیکاتۆرەکەی بەڕێوەبردنی عێراق کەوتە دەستی کۆمەڵێک کەسانی دیکە کە هەریەکیان بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ خۆیان سەدامێک بوون و بە هەمان عەقڵییەت و هەمان بۆچوونی جاران و سەردەمی بەعسییەکان هەڵسوکەوتیان کردووە و فارس گوتەنی هەموویان یەک کراسن، بەڵام ڕەنگیان جیاوازە. کەسیان نەیانتوانیوە لە ئاستی خواست و ویستی داواکارییەکانی گەلانی عێراقدا بن و بتوانن بەو هەموو پارە و سامانەی کە عێراق پێی دوڵەمەندە تەنانەت خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانیان پێشکەش بکەن بە هەموو پێکهاتەکانیەوە. بە پێچەوانەوە هەریەکە و بە شێوەیەک هاتن سیاسەتی دژایەتیکردن بەرامبەر بە مەزهەب و نەتەوە و ئایینەکانیشیان پەیڕەو کرد بە تایبەتی کورد و دەستووریان پەروایێز خست. هەرچی لە بەرژەوەندیی تاکەکەسی و حزبیی خۆیان و ئاغاکانیان بوو کردیان و ئەوەی دیکەیان پشتگوێ خست، تاکو کار گەیشتە ئەوەی ئەمڕۆ خەڵک بڕژێتە سەر شەقامەکان و بەرهەمی سیاسەتی چەوت و تاکڕەوانەی خۆیان وەربگرن و شەپۆلی گەورەی ناڕەزایی لە شەقام و گۆڕەپانی خۆیان سەری هەڵدا و تەشەنەی سەند. هەر زوو جەنابی سەرۆک بارزانی هۆشداری دا لە هەموو مەترسییەکانی سەر عێراق و بە گوێی هەموو دەسەڵاتداران و هێز و لایەنە سیاسییەکان عێراقی و کوردستانی دا و پێشبینی لێکەوتەی ئەو سیاسەتە هەڵەیە و ئەم بارودۆخەی ئێستای کرد. بە داخەوە هەڵوێستەکانیان پێچەوانەی ئامۆژگاری و تێبینییەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی بوو و دەیانگوت گوایە کێشەی سەرۆک بارزانی کێشەی تاکەکەسییە! هەموو سەردانەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی چ وەکو سەرۆکی هەرێم و چ وەکو سەرۆکی حکوومەتی ئەو کاتە، هەروەها دوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەم و سەردانەکانی بەڕێز مەسرور بارزانی وەک سەرۆکی حکوومەت بۆ نیشاندای نییەت پاکی هەرێمی کوردستان بوو بەرامبەر بەغدا و بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاوتر بۆ باشکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر بۆ هەموو عێراقییەکان و هەموو پێکهاتەکان لە هەموو ناوچەکان. بە هەموو شێوەیەک دەسەڵاتدارانی پێشووی عێراق هەوڵیاندا دژایەتیی ئێمە بکەن، هەر لە سیاسەتی برسیکردنی گەلی کوردستان تا کار گەیشتە ئەوەی بە قورسترین چەک و هێز پەلاماری کوردستانیان دا!

لێرەدا هەڵوەستەیەک پێویستە و دەبێت ئەو پرسیارە بکەین: ئایا گۆڕینی دەموچاوەکان یان هەموارکردنەوەی دەستووری جێبەجێنەکراو چارەسەری دەرد و کەسەری جەماوەری ڕاپەڕیوی سەرشەقام و گۆڕەپانەکان دەکات ؟ ئایا خوێنی ئەو هەموو قوربانییە دەکرێت نادیدە بگیرێت و کەس لێی بەرپرسیار نەبێت و بێ باج بڕوا؟، بێگومان نەخێر. پێویستە بکەڕانی ئەو تاوانانە و ئەوانەی عێراقیان بەم ڕۆژە گەیاند دادگایی بکرێن و سزای کردەوەکانیان بدەنەوە، وەلامی داواکاری و مافی ڕەوای خۆپێشاندەران بدەنەوە. پێویستە لەمەودوا سامان و داهاتی عێراق بۆ خۆشگوزەرانی عێراقییەکان بێت نەک بۆ دژایەتیی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی، نەک بۆ ئەوەی بەکاربێت بۆ قایمکردی بناغەی سیاسەتی تاکڕەوانە و خزمەتکردنی ئەجێندا ئیقلیمییەکان.



عێراق بەرەو کوێ؟



سەربەست بامەرنی

دوای ئەوەی بەڕێز، عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، دەست لەکارکێشانەوەی خۆی و حکومەتەکەی پێشکەش کرد، عێراق ئێستا کەوتووەتە نێو تۆنێلێکی تاریک و هیچ تروسکاییەک لە کۆتاییەکەیدا نییە، چونکە خۆپیشاندەرانی سەر شەقامەکان، بە کەمتر لە گۆڕانکاریی تەواوی چینی سیاسیی دەسەڵاتدار، لێپرسینەوەیان لەسەر گەندەڵی، شکستهێنانی و بالادەستی ئێران بەسەر هەموو جومگەکانی ژیانی سیاسی، دارایی و ئابووری ڕازی نین.

زێدەباری ئەنجامدانی چاکسازی یاسایی گشتیی، بۆ یاسای هەڵبژاردنەکان و کۆمسیۆنە بالاکەی، چوون بەرەو هەڵبژاردنێکی پێشوەختە و.. تا دوایی. واتە نیوەی چارەکان (هاوشێوەی پێشکەشکردنی عادل عەبدولمەهدی، وەکو بەرانی قوربانی)، جوولەی سەر شەقامەکان ناوەستێنێت، چ لەلایەنی شەقامی عێراقی، پلیشاوە و بێبەش لە ژیانێکی خۆش و کامەران و چ لەلایەن ئەو لایەنەی زۆرانەی، کە لە دواوەی ئەو هەژاندنە وەستاون و هەوڵ دەدەن سواری شەپۆلی ڕاپەڕینی میللی گشتیی بێن، بۆ بەدیهێنانی ڕۆژهەڵاتێکی تایبەتییەکانیان. ئەمە بۆ پارت و هێزە دەسەڵاتدارەکانیش هەمان شتە، کە بەهۆی مۆچیاریی دەرەکی و ڕێکنەکەوتن لەسەر پاڵێوراوێکی دیاریکراو، بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەستەمتر دێتە بەرچاو، نەخاسمە دوای ئەوەی گەورەترین فراکسیۆن (سائیروون)، دەستبەردارى مافی خۆی لە دیاریکردنی سەرۆک وەزیرانی تازە بوو و داوای دادگاییکردنی ژمارەیەک بەرپرسیش دەکات، ڕەوشەکە ئاڵۆزتر بووە، چونکە دووەم گەورەترین فراکسیۆنیش بە گوێرەی ڕیزبەندی (فەتح)، لەلایەن جوولەی شەقامەوە قبوڵکراو و نییە و ڕەتکراوەیە، چونکە شەقام لەسەر بێلایەنی پاڵیوراوی سەرۆک وەزیران و





یادی دوو عەللامەی باوک و کوڕ لە ناوچەی هەورامانی ژاوەرۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

مامۆستا مەلاعەبدولغەفار و مامۆستا مەلاحەمەمینی پایگەلان

مامۆستا مەلاعەبدولغەفار جگە لە زمانی کوردی (زاراوەی هەورامی) زمانەکانی فارسی و عەرەبی، تورکی و ئینگلیزی و فەڕەنسیشی زانیوە!

ئامادەکردنی: عەبدوللا مەلاتەحمەد ئەحمەدئاوایی*

هەورامان بە هەردوو بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشوری کوردستانەوە، بەدرێژایی مێژوو لانکەی زانست وخوێندەواری بووە، هەرکاریگەریی ئەم مەڵبەندی خوێندەواریيە بووە وایکردووە بۆ ماوەیەکی زۆر زاراوەی هەورامی فەرمی نووسین بێت، چ نامە فەرمییەکانی دەسەڵاتی ئەو سەردەمە و چ نووسینی ئەدەبیات و شیعر، چ بواردکانی تری نووسین، هەر ئەم کاریگەرییە وایکردووە چەندین شاعیری مەزن چ جای ئەوەی هەورامیش نەبوون باڵاترین بەرهەمی شیعریی بە هەورامی پێشکەش بە گەلەکەیان بکەن، لەنێویاندا عەللامە سەییید عەبدولڕەحیمی مەولەوی و چەندی دیکەیش، هەورامان بەسەرجەم بەشەکانی هەورامانی لهۆن و هەورامانی ژاوەرۆ و هەورامانی ئەردەڵانەوە هەزاران زانای مەزنی پێشکەش بەهەورامان و کورد و جیهانی ئیسلامی کردووە، ئەمجارەیان لە هەورامانی ژاوەرۆ و لە ئاوایی پایگەلانی شیکە گوندی ئەو مەڵبەندەوە یادی دوو عەللامەی باوک و کوڕ بۆ مێژوو دەنووسینەوە.

مامۆستا مەلاعەبدولغەفاری پایگەلان
1851 ـ 1921 ز

مامۆستا مەلاعەبدولغەفاری پایگەلان، ساڵی (1230هـ/1851ز) لەدایکبووە، باوک و دایکی ئەم مامۆستایە زۆر هاندەری کوڕەکەیان بوون لەسەر خوێندن، هەر لە تافی نەوجەوانیدا بووە کە باوکی بەڕێزی کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ئەم کارداستە نەک نەبووەتە ڕێگر لە بەردەم خوێندنیدا، بەڵکو زیاتر هانیداوە کە عەودالی ڕێبازی زانست ببێت و ئاواتە شیرینەکەی باوکی ڕەحمەتی بەدیبهێنێت و ووڵات بە وڵات کەوتە گەڕان بە شوێن دەسخستنی زانستدا، وانە سەرەتاییەکانی لە شاری (سنە) و لە خزمەت زانایانی ئەوێدا خوێند، پاشان شۆڕ بووبەوە بەرەو وڵاتی گەرمەسێری باشوری کوردستان و گەیشتە شارەکانی سلێمانی و کەرکووک و دوای ماوەیەک خوێندن لە خزمەت زانایانی ئەم دوو شارەدا، گەشتی کرد ڕووەو شاری بەغدا، لێرەیش دروێنەیەکی زانستی بەرفراوانی ئەنجامدا و لێرەیشەوە و بە هەمان مەبەست بەرەو ئەستەمبوڵی پایتەختی ئەوکاتی جیهانی ئیسلام بەڕێکەوت، کە ئەوکات بارەگایەکی بەپێتی زانایان و تامەزرۆیانی زانستی شەرعی بوو، لێرە لە دوای خوێندنێکی چڕوپڕی زانستە ئیسلامییەکان، دەستیدایە فێربوونی زمانە بیانییەکان و لەبەرئەوەی کە شاری ئەستەمبوڵ دراوسێی وڵاتانی ڕۆژئاوا بوو، فێربوونی زمانە بێگانەکان تیایدا ئاسان بوو، بۆیە مامۆستا مەلاعەبدولغەفار جگە کوردی (زاراوەی هەورامی) و فارسی و عەرەبی کە لە شوێنەکانی پێشتر فێری ببوو، زمانەکانی تورکی و ئینگلیزی و فەڕەنسیش لێرەو لە شاری ئەستەمبوڵ فێربوو و دوای ئێرەیش بڕیاری حەج کردنی دا و مامۆستا ڕووەو شارە پیرۆزەکانی مەکەو مەدینە بەڕێکەوت، نزیکەی سێ ساڵ تیایاندا مایەوە، لێرە سەرەڕای زانستە ئیسلامییەکان، سەرقاڵی فێرکردنی زمانی فارسی بوو بۆ ئەوانەی کە خوازیاری فێربوونی بوون، ئیتر لێرە بەدوا بە تەواوی دەگات بەوپەڕی زانایەتی هەم لە زانستە دێرینەکاندا و هەم لە زانستەکانی ڕۆژدا، بە پێی گێڕانەوەکان شەوێکیان لە خەونیدا بە خزمەتی پێغەمبەر دەگات و فەرمانی پێدەکات کە بگەڕێتەوە بۆ گوندی (پایگەلان)ای زێدی خۆی، ئەویش گوێڕایەڵی فەرمانەکە دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەکەی خۆی، دوای کاروباری مەلایەتی و وانەوتنەوە لە چەند گوندێکی تری هەمان دەڤەر، دواجار لە پایگەلان سەقامگیر دەبێت و تەواوی ژیانی لە خزمەت ئایین و زانستدا بەڕێ دەکات، مامۆستا لە ماوەی ژیانیدا بە کەسێکی نەترس لە بەرامبەر ستەمکاران و مکوڕ لە سەرهەق و هەقبێژی ناسراوە، تا دواجار لە دەوروبەری ساڵی (1300هـ/1921ز) کۆچی دوایی دەکات، لە دوای خۆی کوڕێکی عەللامە کە ئەویش مامۆستا مەلاحەمەمینی غەفاری پایگەلانە بەجێدەهێڵێت.

مامۆستا مەلاحەمەمینی پایگەلان
1899 ـ 1974 ز

مامۆستا مەلاحەمەمینی غەفاری پایگەلان، کوڕی عەللامە مامۆستا مەلاعەبدولغەفاری پایگەلانە، زانای پایەبەرز و کەمۆێنەی سەردەمی خۆی بووە لە سەرجەمی زانستە ئیسلامییەکاندا، ناوبراو لە ساڵی (1278 هـ/1899ز) لە گوندی (پایگەلان)ی ناوچەی (ژاوەرۆ) سەر بە شاری (سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی ئایینی و زانستی لەدایک بووە، هەر لە منداڵییەوە قورئانی پیرۆز و پەرتووکە سەرەتاییەکانی لە خزمەت باوکیدا "عەللامە مامۆستا مەلاعەبدولغەفاری پایگەلان" خوێندووە و هەر لە تافی نەوجەوانیدا باوکی بەڕێزی کۆچی دوایی کردووە و بە مەبەستی خوێندن ڕێگای زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانی گرتۆتەبەر و لە خزمەت ئەم مامۆستایانە و لەم جێگایانەدا وانەی زانستەکانی شەریعەتی خوێندووە:

(1). مامۆستا مەلائیسماعیلی پێنجوێنی، لە گوندی (قەڵاگا)ی سەر بە شارۆچکەی (قەڵاجێ)ی سەر بە شاری (مەریوان)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

(2). مامۆستا زانا و ناودارەکانی بنەماڵەی عەللامە "مەلائەبوبەکری موصەنیف"، لە حوجرەکانی گوندی (چۆڕ) لە هەمان ناوچە.

(3). عەللامە مامۆستا سەییید بابەشێخی ئەڵمانە، لە گوندی (ئەڵمانە) لە چەمی (شەمیان) لە هەمان ناوچە.

(4). مامۆستا زانا و ناودارەکانی زانستگەی (بیارە) لە دیوی باشووری کوردستان.

(5). عەللامە مامۆستا شێخ عومەر ئیبنولقەرەداغی، لە شاری (سلێمانی).

(6). عەللامە مامۆستا مەلائیسماعیل ئەفەندی لە شاری (هەولێر).

(7). مامۆستا مەلاخەلیل مەنگوڕی لە شاری (سەردەشت)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

تا دوای ئەم گەشتە زانستییە بەرفراوانەی و خوێندنی سەرجەمی زانستە جۆربەجۆرەکانی شەریعەت، لەلایەن سێ زانای گەورەی هەر دوو دیوی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانەوە ئیجازەی عیلمی ژ مەلایەتی پێدراوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

(1). عەللامە مامۆستا مەلائیسماعیل ئەفەندی لە شاری (هەولێر).

(2). عەللامە مامۆستا شێخ عومەر ئیبنولقەرەداغی لە شاری (سلێمانی).

(3). عەللامە مامۆستا سەییید بابەشێخی ئەڵمانە.

دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە چەندین شوێن سەرقاڵی مەلایەتی و تەدریس بووە بە تایبەتی ماوەیەکی زۆر لە گوندی (ئەڵمانە) ماوەتەوە، تا دواجار لە ساڵی (1317 هـ/1938ز) بە دەربایەک زانستەوە گەڕاوەتەوە گوندی (پایگەلان)ی زێدی خۆی و سەرقاڵ بووەتەوە بە کاروباری مەلایەتی و تەدریسەوە، هەر لەم ماوەیەشدا لە لایەن دەزگای فەرمی کاروباری ئایینی شاری (سنە)وە بڕوانامەی فەرمییان پێبەخشیوە و دوای ماوەیەک لە گوندی (پایگەلان)ەوە کۆچی کرد بۆ گوندی (ماسان) هەر لە هەمان ناوچە، تا ساڵی (1338 هـ/1959ز) جارێکی تر گەڕایەوە گوندی (پایگەلان)ی زێدی خۆی و تا کۆتایی ژیانی لێرە مایەوە و بە خزمەتی مەلایەتی و وانە وتنەوەوە سەرقاڵ بوو، لەم قۆناغەدا پایگەلان بووبوویە سەرچاوەی زانست و خوێندەواری و پێگەیاندنی زانایانی بەرجەستە و تەواوی زانستەکان لەم حوجرەیەی پایگەلاندا لە لایەن ئەم عەللامە کەمۆێنەیەوە دەگوترانەوە و حوجرەکەی بووبوویە کاروانسەرای زانستخوازان و ناوی (پایگەلان) وەک پێگەیەکی زانستی تەقی بوو بە تەواوی ناوچەکەدا، بە ڕۆژهەڵات و باشوورەوە و لەم ماوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە فەقێیان و قوتابیان لەسەردەستی سوودمەند بوون، ژمارەیەک لەوانە بریتین لە:

(1). مامۆستا شێخ جەلال شێخ عەبدوللا دەمەیەوی.

(2). مامۆستا مەلاشێخ ئەحمەدی ئەحمەدئاوا.

(3). مامۆستا مەلاشێخ زاهیدی فارۆقی نەسەب - برای مامۆستا مەلائەحمەدی ئەحمەدئاوا.

(4). مامۆستا مەلاعەبدولڕەحمید مەولانایی.

(5). مامۆستا شێخ بورهان مەردۆخی - کامیاران.

(6). مامۆستا مەلاعەلی سورچی.

(7). مامۆستا مەلاعەلی میرزایی دۆلابی - سنە.

(8). مامۆستا مەلاسەعید بەشیری - کامیاران.

(9). مامۆستا مەلاحەمەمینی ئیمامی جوانڕۆیی.

(10). مامۆستا مەلا تاهیر ڕەحمانی.

(11). مامۆستا مەلافەتحوللا ئەحمەدی هەرسینی.

(12). مامۆستا مەلافاتیح پالنگانی.

(13). مامۆستا مەلاسەعەددین سدێقی ژێنێنی.

(14). مامۆستا مەلاعەبدولڕەزاق ئەحمەدی.

(15). سەییید عومەر فارۆقی، دەمەیەوی، مەدەنی فەڕ" و دەیانی تریش ...

سەرەنجام مامۆستا مەلاحەمەمینی پایگەلان، لە ساڵی (1338 هـ/1974ز) کۆچی دوایی کرد و حوجرەی پایگەلانی بۆ دواجار بە بێنازی بەجێهێشت، مامۆستا سێ کوڕی لە دوای خۆی بەجێهێشتوون، بە ناوەکانی (مامۆستا محەممەد)و (مامۆستا مەحموود)و (مامۆستا موقتەدیر)، بەداخەوە (مامۆستا محەممەد) لە تەمەنی گەنجیدا و دوای ئەوەی بۆتە مامۆستا لە ئاودا خنکاوەو (مامۆستا مەحموود)و (مامۆستا موقتەدیر) هەردووکیان ئێستا مامۆستای خانەنشینن.

ڕێدەرەکان:

(1) .علما و دانشمندان کردستان در 200 سال أخیر، نووسینی: سەییید عەبدولحەمید حیرەت سەجادی، لاپەڕە (387 3881) چاپی یەکەم ساڵی (1391)ی هەتاوی، بڵاوکردنەوەی ئاراس لە شاری سنە.

(2). ئەزموون و بەدواداچوونەکانی نووسەر بۆ ئەم ژیاننامانە.

* قوتابی دکتۆرا لە ئیسلامناسی- زانکۆی سلێمانی



بەشێنەیی

کاروان محەمەد سینۆ

ئەمرۆ عێراق لەبەردەم قەیرانێکی گەورەدایە

پاش ئەوەی عادل عەبدولمەهدی دەستکێشانەوەی خۆی لە سەرۆکایەتی وەزیرانی عێراق پێشکەش بە پەرلەمانی عێراق کرد و ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو 1ی کانوو یەکەم،پەرلەمانی عێراق لە دانیشتنێکی نائاساییدا، دەستەکار کێشانەوەی عادل عەبدول مەهدی پەسندکرد. دەم و دەست دەرگای چەندین سیناریۆی جودا جودا بەڕووی عێراقدا کرانەوە کە ئەستەمە هێچێک لەم سیناریۆ جیاوازانە پێشبینی بکرێن، لە کاتێکدا شەقامی عێراق (بەغدا و باشووری عێراق) لە کەلەژانێکی بەردەوامی خۆپێشاندان و ناڕەزاییدایە بەرامبەر هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی دەسەڵاتی عێراق کە ئێستا لە حوکمڕانیدان و داوای هەڵوەشاندنەوەی هەرسێکیان دەکات و دەخوازێ سیستمێکی سەرتاپای نوێی حوکمڕانی پێک بهێنرێ . بۆیە ئەستەمە پەرلەمان یاخود سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بتوانێ لە ئایندەیەکی نزیکدا بە ئاسایی حکوومەتێکی نوێ لە عێراق پێک بهێنێ کە ببێتە جێگای ڕەزامەندی هەرێەکە لە ئەمریکا و ئێران بەرلەوەی ببێتە جێگای ڕەزامەندی شەقامی عێراق کە ئەوان دەخوازن خودی پەرلەمان هەڵوەشێتەوە و هەڵبژاردنێکی پێشوەختە لە عێراق ئەنجام بدرێ و حکوومەتێکی نوێ پێک بهێنرێ دوور لەو حزب و ئەو بەرپرس و سیاسیانەی کە هەرلە ساڵی 2003وە تاکو ئێستا ڕانیەری پڕوسەی شکستخواردووی عێراق بوون. بەم شێوەیە عێراق خزاوەتە نێو تونێلێکی تاریک کە دەرچەی لێ بەدی ناکرێ و ئێستاکە لە بەردەم قەیرانێکی گەورەدایە کە چارەسەر ناکرێ.

ئاشکرایە دوابەدوای دەست لە کارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی، دۆخی عێراق ڕووی لە ئاڵۆزی زیاتر و نائارامی کردووە لە بواری سیاسی و سەربازیدا. بێگومان هەموومان دەبینی کەوا کەلەژانی خۆپێشاندان و ناڕەزایی خەڵک لە بەغدا و شارەکانی باشووری عێرق ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕوو لە زیادبوون و خوێناوی بوونە. بۆ نموونە ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕابردوو خۆپێشاندەرانی لایەنگری لایەنەکانی حەشدی شەعبی (ئەوانەی ئێران پاڵپشتییان دەکات) خزانە نێو خۆپێشاندەران و ئاڵا جۆراوجۆرەکانی حەشدی شەعبیان بەرزکردەوە، دواتر کۆمەڵێک چەکداری دەمامکدار لە دیوی (ڕەسافە) نزیک پردی (سنک) باڵەخانەیەکی چەند نهۆمییان داگیر کرد و لە و باڵەخانەیەوە بەرووی گۆڕەپانی (خەڵلانی) تەقەیانی لە خۆپێشاندەران کرد. ئەوەی تاکو ئێستا زانراوە 19کەس کوژاوە و 177کەس بریندار بووە. ئەمەش پێشهاتێکی خوێناوی نوێیە لە قەیرانی ئێستای عێراقدا.پاش دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی، دۆخەکە بەئاراستەی چاوترساندنی خۆپێشاندەران گوزەردەکات و دیاردەی تیرۆرکردن و ڕفاندنی میدیاکا و وێنەگر و چالاکوانانی نێو خۆپێشاندانەکان بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە زیادبوون کردووە. بۆ نموونە ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو، پاش ڕفاندی، تەرمی کچە چالاکوانێکی خۆپێشاندەر لە نزیک ماڵەکەیان دۆزرایەوە کە تەمەنی 19ساڵ بوو، بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەری شوێنەواری لێدانی کارەبا بەسەر جەستەیەوە دیاربوو. هەروەها میدیاکارێکی وێنەگر بەناوی (زەید ئەل خەزرەجی) ڕفێنراوە و تاکو ئێستا بێ سەروشوێنە، بەهەمان شێوە ڕۆژانە چەندین حاڵەتی تیرۆرکردن و ڕفاندن و هەڕەشەکردن لە بەغدا و شارەکانی باشووری عێراق ئەنجام دەدرێ، بێجگە لە حاڵاتی تاڵان و دزی کردنی شەوانە و بەربڵاوبوونی بەڕچاوی بارزگانی کردن بە مادەی هۆشبەرەکان و...هتد.

دوابەدوای ئەم ڕووداوانە، بەتۆمەتی کوشتنی خۆپێشاندەران و پڵپشتی تیرۆر و گەندەڵی، ڕۆژی هەینی ئەمریکا سزای خستە سەر سێ بەرپرس هەرێەکە لە (قەیس ئەل خەزعەلی) و براکەی (لەیس ئەل خەزعەلی) و (حسێن عەزیز ئەل لامی) کە هەرسێکیان بەرپرسن لە میلیشیای (عەسائب ئەهل ئەلحەق) لە نێو حەشدی شەعبیدا کە ئێران پاڵپشتییان دەکات، هەروەها سزایان خستە سەر بازرگانی بەناوبانگی عێراق (خەمیس ئەل خەنجەر) بەرپرسی ڕێکخراوی سیاسی (ئەل محوەر ئەل عەربی)، هەروەها بەرپرسانی ئەمریکا ڕایانگەیاند کە ئەمانە باجێکی گەورەی کردەوەکانیان دەدەن.

لەسەر ئاستی سەربازیش، ئەمرۆ عێراق لەبەردەم قەیرانێکی گەورەدایە و باجی مللمانێی نێوان ئەمریکا و ئێران دەدات. هەر ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو دوو مووشەک لە جۆری (مۆرتەر) ئاراستەی بنکەی فڕۆکەوانی (ئەل بەلەد)کرا کە هێزی سەربازی ئەمریکا تێیدا جێگیرە، بێ ئەوەی زیانی گیانی لێ بکەوێ. دەربارەی ئەم هێرشە بەرپرسانی ئەمریکا دەڵێن ئێمە چاوەڕوانی زیانیاری زیاتر دەکەین، بەڵام پەنجەی تۆمەتی ئەم مووشەک بارانە ئاراستەی ئێران دەکەن. شایانی باسە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردووش پێنج مووشەک ئاراستیە بنکەی سەربازی (عەین ئەل ئەسد) کرابوو لە پارێزگای ئەنبار کە هێزەکانی ئەمریکا تێیدا جێگیرە.

بۆیە بە شێنەیی دەڵێم... بەم شێوەیە سەرەڕای دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهیدی لە پۆستی سەرۆکایەتی وەزیرانی عێراق، بەڵام دەبینین کە ڕۆژ دوای ڕۆژ دۆخی ئەمنی و سەربازی و گوزەرانی خەڵکی عێراق ڕوو لە دارمان و نائارامی و شڵەژانە. کەواتە سەرەڕای بوونی گەندەڵی و پاشاگەردانی لە عێرادا، بەڵام کێشەی سەرەکی عێراق لە حکوومەت و حوکمڕانی و عادل عەبدولمەهدی و فلان و فلان نییە، بەڵکو ئەمرۆ عێراق لە بەردەم قەیرانێکی گەورەدایە کە هۆکار و ئەگەر و چارەسەرێکەی لە دەستی خۆیدا نییە. بەڵکو (خۆشیمانبێ ترشیمانبێ) ئەمرۆ عێراق بۆتە مەیدانی مللمانێی نێوان ئەمرکیا و ئێران، ئەمە واقعێکە و دەبێ حکوومەت و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە کوردیشەوە دان بەم واقعە بنێن و هەنگاو و سیاسەت و ستراتیجیای خۆیان لەسەر ئەم واقیعە بونیاد بنێن و هەوڵ بدەن بە کەمترین خوێن و زیان لەم مللمانێیە نێوان ئەمریکا و ئێران دەربچن. ئینجا دواتر دەستبکەن بە چاکسازی و هەمواری دەستوور و هەڵبژاردن و دیاریکردنی بەرپرسانی هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق.

وون بوون

مەمەنەفێست بەناوی کۆمپانیا سلاڤا جۆری ئۆتۆمبێل: فارشە (اسفلت فوللبی) ڕەنگ نەفتی- کەسک مۆدێل:1999 ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٧٠٨٠٣ ژمارەی شاصی: ٠٦١٩٠٠٠١ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێست بەناوی کۆمپانیای رازاوە جۆری ئۆتۆمبێل مقطورە تریلە مقبط ڕەنگ نفتی + سپی ژمارەی شاصی: WSM٠٠٠٠٠٠٥٠٠٣٥٠١ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ١ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٧٨٢١١٩ بەرواری ٢٠١٩/٩/٤ بەبری ٣٠٠٠٠٠ بەناوی طلعت عبدالرحمن علی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٨٧١٠٩٤ بەرواری ٢٠١٤/٤/٢٥ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی کارزان کیفی حمەصالح وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٠٩٩٨٨٣ بەرواری ٢٠١٩/٧/٣٠ بەناوی شال حمید محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

محكمة بداءة الشيخان

العدد/ ٦٤/ب/٢٠١٩

التاريخ/٢٠١٩/١٢/٤

اعلان

الى المدعى عليه (فوزي نايف سليم) يسكن بعشيقه سابقا ومجهول محل الاقامة حاليا

اقام المدعي (صلاح محمد ابراهيم) الدعوى المرقمة (٦٤/ب/٢٠١٩) لدى هذه المحكمة طالبا فيه الزامك بتاديتك له مبلغا قدره (١٨٧٢٠٠٠٠) ثمانية عشر مليون وسبعمائة وعشرون الف دينار ولثبوت مجهولية محل اقامتك حسب اشعار مركز شرطة بعشيقه ومختار المنطقة تقرر تبليغك بصحيفتين يوميتين للحضور امام هذه المحكمة يوم ٢٠١٩/١٢/١٦ الساعة الثانية عشرة ظهرا او ارسال وكيل عنك وبعكسه ستجري المرافعة بحقك غيابيا حسب الاصول

القاضي / حسام الدين احمد علي

* * *

محكمة بداءة ئاكرى

العدد /٨١٣/ب/٢٠١٩

التاريخ /٢٠١٩/١٢/٨

الى / المدعى عليه (سگڤان علي حجي)

ب/ اعلان

اقام المدعي (سمير طه علو) الدعوى البدائية المرقمة اعلاه عليك امام هذه المحكمة يطلبون فيها اعادة المبالغ المالية التي بذمتك اليه والبالغة (٨٥٠٠٠٠٠) ثمانية ملايين وخمسمائة الف دينار عن قيمة السيارة التي اشتريتها منه نوعها تويوتا صالون بيضاء اللون تحمل الرقم (٢٩٥٢٤/دهوك) ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار (ناحية فايدة محلة كولان) المرفق بكتاب مركز شرطة فايده المرقم (٢٤٢٠) في ٢٠١٩/١١/٦ قررت المحكمة تبليغك عن طريق النشر في جريدتين يوميتين محليتين بالحضور في اليوم المعين للمرافعة امام هذه المحكمة والموافق ٢٠١٩/١٢/١٨ استنادا للمادة ١/٢١ من قانون المرافعات المدنية وبعكسه ستجري المرافعة بحقك غيابيا واصدار القرار المناسب وفق القانون

القاضي / خالد عثمان يوسف

* * *

محكمة بداءة دهشتي هەولێر

العدد: ٢٦٤/ب/٢٠١٩

التاريخ: ٢٠١٩/١٢/٤

اعلان

المدعية (شنوك عمر حسو) اقامت الدعوى المرقمة (٢٦٤/ب/٢٠١٩) ضد مديرية البطاقة الوطنية في كەسنەزان اضافة لوظيفته تطلب تصحيح اسمها من (شنوك) الى (شنۆ) لذا قررت المحكمة نشر طلبها في جريدة رسمية و على من لديه اعتراض مراجعة المحكمة المذكورة خلال مدة ١٠ عشرة ايام و بعكسه يتم البت في طلبها امام المحكمة.

القاضية/ نيگار احمد محمد اغا

* * *

مديرية الجنسية والاحوال المدنية ا لسليما نية

(شؤون الاحوال المدنية)

العدد: ١١٨٦٧

التاريخ: ٢٠١٩/١١/٢٨

اعلان

قدم المواطن (شورش رؤوف محمود) طلب في هذه المديرية تسجيل اللقب (الجاف) في قيده لعام (١٩٥٧) فمن لديه اعتراض مراجعة هذه المديرية خلال عشرة أيام من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية و بعكسه فسوف تنظر هذه المديرية في الدعوى وفق احكام المادة ٢٤ من قانون البطاقة الوطنية رقم (٣) لسنة ٢٠١٦. مع تقدير

العميد الحقوقي

محمد سعيد محمد صالح

مدير الجنسية و الاحوال المدنية السليمانية

* * *

دادگای لێکۆڵینەوەی پیرەمەگرون

ژمارە: ٥٦٦

ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/٢١

ئاگاداری

عارەبانەی تانکەر ٣ دنگیر تاك تایە بێ ژمارە ڕەنگی سپی خەت سور دەستی بەسەرداگیراوە لەبنکەی پۆلیسی پیرەمەگرون هەرکەس خۆی بەخاوەنی دەزانێنێت با لەماوەی (٦) شەش مانگ لەبەرواری دەرچوونی ئەم ئاگادارییەوە سەردانی بنکەی پۆلیسی پیرەمەگرون بکات بەمەبەستی سەلماندنی خاوەندارێتی عارەبانەی تانکەری ئاماژە بۆ کراو بەپێچەوانەوە بەبڕیاری دادوەر بەپێی یاسا جێبەجێکردن دەفرۆشرێت و داهاتەکەی دەبێتە مۆڵکی دەوڵەت.

دادوەر/ شنۆ محمود علی

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا: ٨٧١/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٧

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: لاوچاك عبدالقادر اسماعیل

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢١ لە یاسای هاتوچۆ) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆتان بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / ازاد اکرم مجید

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا: ٢٧٢٧/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٧

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: دیلان عبدالله علی/ سەفین عزیز حمە (غیابی)

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٧٧ ی سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوتان نییە بریارمان دا لەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٣/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێین بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.

دادوەر / ازاد اکرم مجید

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا: ١١٩٣/ك/٢٠١٧

بەروار: ٢٠١٩/١١/١٠

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: گۆران ابوبکر سعید

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤١٣ لە یاسای سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆتان بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێین بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.

دادوەر / ازاد اکرم مجید

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا: ٢٩٤٨/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/٢١

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سمیرە کریم علی / هەڵەتو

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٣) لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (راپەڕین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆتان بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێین بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.

دادوەر / ازاد اکرم مجید

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا: ٢٦٥٨/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٧

بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: سەرخیل کۆرش عزت/ شاهۆ انور علی (هەڵهاتوو)

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٣ ی سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوتان نییە بریارمان دا لەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێین بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.

دادوەر / ازاد اکرم مجید

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا: ٢٧٢٧/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٧

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سمیرە کریم علی / هەڵەتو

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٧٧ ی سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوتان نییە بریارمان دا لەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٣/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێین بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.

دادوەر / ازاد اکرم مجید

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا: ٣٢٦٢/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٤

بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: حمزە عباس عبدالله/ باسم خالد عبدالرحمن (هەڵهاتوو)

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بەپێی مادەی (٤٥٦ لە یاسای سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ابراهیم احمد) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوتان نییە بریارمان دا لەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٥/١٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێین بەبێ ئامادەبوونتان بەپێی یاسا.

دادوەر / ازاد اکرم مجید

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا: ٢٤٥٢/ج/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٥

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ڕێباز سردرار حمە صالح

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (عەربەت) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٤/٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / سەروەر علی جعفر

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا: ١٥٠٩/ك/٢٠١٩

ڕۆژ: ٢٠١٩/١١/١٨

بۆ/ تاوانبارکراو میثول روشون مطلیف

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٠ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ١٥٠٩/ك/٢٠١٩ بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ٣٩/یاسایی مانەوەی/ بیانی) حوکم درا بەسەرتا بە ٧ مانگ بەندکردن

وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/سەروەر علی جعفر

* * *

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا: ٥٧٥/ك/٢٠١٩

ڕۆژ: ٢٠١٩/١١/١٩

بۆ/ تاوانباران سعدة جمعة محمد و اسراء حنجر ورور

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لەڕۆژی دادگایی کردنتان لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٤ سەرەرای ئاگادارکردنەوەتان لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کران بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ٥٧٥/ك/٢٠١٩ بریاردرا تاوانبار بکرێن بە گوێرەی مادەی ٤/یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی) حوکم درا بەسەرتا بە ٣ مانگ بەندکردنتان

وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/سەروەر علی جعفر

* * *

دادگای کەتنی سیدصادق

ژمارە: ١٠٨/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٩

بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو (دیاری طارق صدیق)

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٥ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ١٠٨/ك/٢٠١٩ وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی ١/٢١ لەیاسای هاتووچۆ ژمارە حوکم درا بەسەرتا بەغرامەکردنت بەبری ٢٥٠٠٠٠ دوو سەدو پەنجا هەزار دینار وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ جمیل جمال محمد

* * *

دادگای کەتنی سەلاحەدین

ژمارە: ٧٣/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٧

بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو/ نیان فتاح عبدالکریم

ئاگادارکردنەوە

دادخواز (احمد برایم احمد) داوای ژمارە (٧٣/ك/٢٠١٩) یان لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری ئازادی بۆیە دادگا بریاری دا بەپێی ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبونت لە بەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/١٢ کاتژمێر ٩ی بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێی مادەی ٤٤٦ لە یاسای سزادان بەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ عثمان جمال القاضی

* * *

دادگای کەتنی سەلاحەدین

ژمارە: ٧٠/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٤

بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو/ زینە اسماعیل عبدی

ئاگادارکردنەوە

دادخواز (شنو سمایل علی) داوای ژمارە (٧٠/ك/٢٠١٩) یان لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری ئازادی بۆیە دادگا بریاری دا بەپێی ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبونت لە بەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی ٢٠٢٠/١/٢٩ کاتژمێر ٩ی بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێی مادەی ٤٤٦ لە یاسای سزادان بەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ عثمان جمال القاضی

* * *

دادگای کەتنی سەلاحەدین

ژمارە: ٧٥/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٢

بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/

نورالدین محمد عبدالله

ئاگادارکردنەوە

دادخواز (عبدالستار عبدالقادر وسمان) داوای ژمارە (٧٥/ك/٢٠١٩) یان لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گوندی کوری بۆیە دادگا بریاری دا بەپێی ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبونت لە بەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٥ کاتژمێر ٩ی بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێی مادەی ٤٥٧ لە یاسای سزادان بەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ سمکۆ ڕۆستم سمین

* * *

دادگای کەتنی خەبات

ژمارە/ ١٤٠/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٢٨

بۆ تەمەتباری هەڵاتوو/ حسین فارس سلیمان

ئاگادارکردنەوە

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بۆیە پشت بەستن بەمادەی ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی سزایی دادگا بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی فەرمی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆیە پێویستە لەسەرت ئامادەبیت لە ڕۆژی دادگایی کردنت ٢٠٢٠/١/٢٨ کاتژمێر ٩ نۆی سەر لەبەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێی مادەی ٢٣ لەیاسای هاتووچۆ لە داوای ژمارە ١٤٠/ك/٢٠١٩ بەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت.

دادوەر/ سمکۆ ڕۆستم سمین

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە / ٨٨٧١

ڕێکەوت / ٢٠١٩/١٢/٢

بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)

دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (نیاندرتال) بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەمواركراو

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەمواركراو

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ٢١٧٥٥

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٥

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (السعة) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) پالپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (السعة) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (بارزان حسن ملا یحیی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەمواركراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٥

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ٢١٨٦٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سلفر ستار) بۆ هێنان و گواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان/سنوردار)

پالپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (سلفر ستار) بۆ هێنان و گواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نجاة اسماعیل صالح) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەمواركراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٨

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ٢١٨٧١

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٨

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سلفر ستار) بۆ بازرگانی گشتی و گواستنەوە/سنوردار)

پالپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (سلفر ستار) بۆ بازرگانی گشتی و گواستنەوە/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٦) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (نجاة اسماعیل صالح) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بلاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەمواركراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٨

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

دادگای کەتنی خەلیفان
ژمارە/٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ابوبکر احمد محمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە لەداوای ژمارە ٤/ك/٢٠١٩ لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٧ بەشێوەی پاشملە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ئیدانەکردنت بەپێی مادەی ٤٤٦ لە یاسای سزادان و بەبەندکردنی تۆند بۆ ماوەی سااڵێك و شەش مانگ لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆت هەیە تانە لەو بریارەی دادگا بدەیت لە ماوەی یاسایی بەپێچەوانە ئەو مافەت نامێنێ و بریاری دادگا پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادەر/ یونس عثمان محمد
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١٢/٨
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سیڤان دلنیا محمد علی) لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگێتەوە بۆ خۆی وێستا دانداوە لە (رێگای خەبات) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلەکانی هەیە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە رێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی راگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە رۆژدا, واتە رۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناراێیسوون بۆماوەی حەوت رۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سااڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- هۆپەری سێ حەوزی بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢٠.
قایش و بەرینەی کۆمپرێسەر
٢- خەباتەی تێکەڵکردن و تێکردنی چیمەنتۆ بچووك بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠ بەرینە/ غرفة سيطرة
٣- دوو سایلۆی ٨٥ طەنی بێ ژمارە دروستکراوی ئیرانی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢*١٠.
٤- مۆلیدەی کارەبایی گاز ڤالڤۆ بێ ژمارە دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٣٥٠.
٥- مۆلیدەی کارەبایی گاز ڤالڤۆ بێ ژمارە دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A١٥٠.
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٩٨٨/ش/٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٠١٩/١٢/٨
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : عبدالله جميل اسماعيل
ل دیف داخوازا داواکار(شیرین عادل احمد) وکێشا ژمارە (٩٨٨/ش/٢٠١٩) کو تێدا داخوازا ژیکڤەبون (التفريق) ، و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نفیسارا بنگەهێ پولیسین (کاریز) یا ژمارە (٤٣٩٠) ل (٢٠١٩/١٢/٥) نفیسارا هەلبژارێ تاخێ (روژین) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهدارێا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامیت روژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل روژا (١٢/١٢/ ٢٠١٩) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادەر/ معتصم امين ليلانى
* * *
رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٣٨/٣٠٠/١/١
رێکەفت: ٢٠١٩/١٢/٣
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و تەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (٣٧) سیە و حەفت دوکانا لسەر پارچە زەڤیا ژمارە (٩) کەرتێ (١٢٢) اسکێ کەلەك بو ماوێ ٢ سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا کەلەك بکەت د ماوێ ٣٠ سیە روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا کەلەك دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ ديار بحرى رسول
رێڤەبەرێ گشتی
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٥٩٩٩/ش/٢٠١٩/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٥
جاردان
بۆ داوالێکراو (ئاوات عبدالله حسين)
ئاماژە بە داوای ژمارە (٥٩٩٩/ش/٢٠١٩/٣) کە تایبەتە بە داواکار (پەریا حسین رضا) وە داوالێکراو (ئاوات عبدالله حسین) کە جۆری داوای (جیابوونەوە بەهۆی جێهێشتن – التفریق للهجرة) یە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە, بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (کۆمەڵگەی لاوان ستی-هەولێر) دادگا بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/١٥ کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێك یاسایی لەجاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادەر/ صباح قادر كاملا
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە/٣١٠/ب/٢٠١٩
رێکەفت/٤/١٢/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (علی صالح علی) شوێنی دانیشتنا تە نەدیارە داواکاران پارێزەران (عادل ابراهیم حسن وهشیار عبدالکریم احمد) ل داوای ژمارا وێ ل سەری دیارکری تومارکریە دژی تە داوا دکەت دانا پارێ وی لتە ماندیبونێت پارێزەری ددواایێت ژمارە (٢٠١٩/٣٠٩ و٢٠١٩/٣١٥ و٢٠١٩/٣١٧) بنگەهێ پولیسێن سمیل ئەفجا داوا (حادثة منضمة) کریە کوژمێ دیارکری دراپورتا شارەزای دادوەری یا روژا ٢٠١٩/١١/٢٧ کو دبیتە (٧٥٠٠٠٠٠) حەفت ملیون وبینج سەد هزار دینار ژبەر نەشتەجیبوونا تە نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری تاخی کومەلگەها مەرینا ل روژا ٢٠١٩/١١/٢٨ بۆیە دادگەهێ بریاردا تە ب ریکا دوو روژنامەی ناوخویی روژانەدا ئامادەبی ل بەرامبەری ڤێ دادگەهێ ل روژا ٢٠١٩/١٢/١٢ دەمژمێر نەهی سپێدێ وبەروڤاژی ڤێ چەندێ دادبینی دێ هێتەکرن ب پاش ملە ل دیف یاسایی
دادەر / ابراهيم خشمان گرگرى
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١٧٤٢ /ب/٢٠١٩
رێکەوت/٥/١٢/٢٠١٩
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکراوان: ١- حلمی سعید قادر/ ریڤەبەری رێپێدای کومپانیا عادل یا یەکگرتی/زیدەباری کاری وێ /جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە ٢- رشدی سعید قادر/جهێ ئاکنجیبوونا وێ نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکارێ (جعفر مکی عبید) ئەوا تێدا داوای زڤراندنا قەرزێ خۆ دکەت کوژمێ پارە ($٢٤٠٠٠) بیست وچار هزار دولار امریکی بەرامبەر دیناری عراقی بکوژمێ پارە (٢٨٨٠٠٠٠٠) بیست وهشت ملیون وهشت سەد هزار دیناری وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ریڤەبەریا راگەهاندنا دادی ل دهوکێ ژمارە (٢٨٦٧) رێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٣١ وراپورتا هەلبژێری گری باصی تاخێ شورش رێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٣٠ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/١٢/١٧ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
القاضی / رییوار محمد حسن
* * *
دادگای باریّ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ١٣٨٩/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٨/١٢/٢٠١٩
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (شفان علی ابراهیم) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/١٢/٨ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (کاژین رمضان عبدالحمید) بریاردا ب (تصديق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهئینان
دادەر / مروان عادل اسماعيل
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٥٥٧/ ٢٠١٣
رێکەوت/ ٥/١٢/٢٠١٩
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا ترومبێلا ژمارە (١٦١٣٧ دهۆك - کرێ) جۆرێ (نیسان التیما صالون) مۆدێل (٢٠١٢) رەنگ (تبنی) ئەوا تۆمارکری بناڤێ قەردار (شیرزاد صالح محمد) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (مصرف الموصل) بکوژمێ (٢٢٦١٢٥٠٠) بیست ودوو ملیون وشەش سەد ودوازدە هزار وپێنج سەد دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەردانا ریڤەبەریا مە بکەت ل دەمژمێر (١٢) دوازدەی نیڤرو ل روژا (٣/سێ) پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠ ٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (١٣٢٥٠٠٠٠) سێزدە ملیون ودوو سەد وپێنجی هزار دینار دگەل رەگەزناما عیراقی بو زانین رە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
ژڤان عزیز محمد
ریڤەبەر (جێ بەجێ کاری داد)
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ
ب. گومرگی فرۆکەخانەی
نێوەدەولەتی ئەربیل
بەشی یاسایی
ژمارە: ٢٤٧٧
رێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١
بۆ/ تاوانباری هەڵاتوو/ رفاء علی عبدالمجید
ئاگادارکردنەوە بەجێبەجێکردنی بریار
لە ئەنجامی دادگای کردن لە داوای ژمارە ٣٩/گ/٢٠١٥ لەبەرواری ٢٠١٩/٣/٦ وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە دادگای گومرگی هەولێر بەشێوەی پاشملە (غیابی) بریاریدا بە ئیدانەکردن و سزادانت بەبری ٤٥٠,٠٠٠ چوار سەدو پەنجا هەزار دینار وەك پێبژاردنی سزایی بەپێی مادەی ١٩٤/ یەکەم/أ لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە ٢٣ی سااڵی ١٩٨٤ی هەموار کراو ئەگەر نەیدات ئەوا بەند دەکرێیت بۆ ماوەی (٤ چوار مانگ) وە بری ٤٦١,٢٥٠,٠٠٠ چوار سەدو شەست و یەك ملیۆن و دوو سەدو پەنجا هەزار دینار وەك پێبژاردنی گومرگی بەپێی مادەی ١٩٤ یەکەم/ب/٤ لە هەمان یاسا وە پاڵپشت بە مادەی ٧/١٩٢ لە یاسای گومرگی عێراقی ژمارە ٢٣ی سااڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو ئەگەر نەیدات ئەوا بەند بکرێیت بۆ ماوەی (٢ دوو ساڵ) بۆیە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئاگادارت دەکاتەوە لەرێگەی دوو رۆژنامەی فەرمی ناوخۆیی رۆژانە کە بریاری سەرەوە جێبەجێ بکەی لەماوەی ٣٠ سی رۆژ لەبەر ئەوەی بریارەکە پلەی بنبری وەرگرتووە بەبریاری دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان/ دەستەی گومرگی بە ژمارە ١١/ دەستەی گومرگی/٢٠١٩.
موسى حسن عبدالله/ بەڕێوەبەر
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ١٧٠/٢٠١٩
رێکەوت: ٨/١٢/٢٠١٩
ئاگاداری
بۆ/ یزن سلیمان ایلیا
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بریاردرا لەرێگای رۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) رۆژ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی یەکە تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردەگرێت.
سەرۆك/ تحسين طه رسول
* * *
دادگای تاوانی هەولێر/٤
ژمارە: ١٧٤/ج/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٨/١١/٢٠١٩
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ (مشير مصطفى عبدالله) و (لقمان سعيد عبدالله) و (محمد خالد سعيد) و (كاروخ لقمان سعيد) و (ئاسو لقمان سعيد) و (جليل لقمان سعيد)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادەی ٤٠٦ بە دەلالەی مادەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لە یاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنتان وە نادیاری جێگاکەتان لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی چوار لە هەولێر لەرۆژی ٢٠٢٠/٣/١٧ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ تحسين طه رسول
* * *
دادگای تاوانی هەولێر/٤
ژمارە: ٨٣/ج/٢٠١٩
رێکەوت: ٢/١٢/٢٠١٩
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ بێوار
محمد محمد محمدامين
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/٤ لە داوای ژمارە ٨٣/ج/٢٠١٩ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٢ دادگا بریاریدا بە حەبس کردنت بۆ ماوەی یەك ساڵ بەپێی مادەی ٢/٤١٢ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی مادەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردەگرێت.
سەرۆك/ تحسين طه رسول
* * *

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (سلفر ستار) بۆ هێنان و گواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (سلفر ستار) بۆ بازرگانی گشتی و گواستنەوە/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (السعة) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

چارەنووسی نەتەنیاهۆ لە نێوان پەڕاوی تۆمەتبارکردن و سەرکۆنەکردندا



ئا: خالید گەردی

ماوەی چەندین ساڵە گومانی گەندەڵی لە بنیامین نەتەنیاهۆ سەری هەڵداوە،چ لەو کاتەی بە کردەنی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بووە یا ئەو ماوەیەی دوای بیست و یەکەمین هەڵبژاردن بۆتە سەرۆک وەزیرانی کاربەدەست و رێککەوتنێکی لەگەڵ رۆژنامەی (یەدیعوت ئەحرەنوت) نەبووە، بوونی پەیوەندی لە نێوان سیاسەتمەدارو راگەیاندکارەکان، تاوان نییە تا لێپرسینەوەی لەسەر بکرێت.دەرباری دوا دۆسیەش کە ژمارە (1000)ە، تیمی بەرگری رایانگەیاند، وەرگرتنی دیاری لە دۆست و هاوڕێکانی، هیچ کێشەیەکی یاسایی دروست ناکات، بەتایبەتیش ئەوە روون نەبۆتەوە ئەندامانی خانەوادەکەی داوای پێدانی دیاریان کردبێت.

ئایینەدەی سیاسی نەتەنیاهۆ

ئایینەدەی نەتەنیاهۆی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل پەیوەستە بەو کێشە یاسایی و دادوەری و سیاسییە ئاڵۆزەی کە رووبەڕووی ناوبراو بۆتەوە.لە رووی سیاسیەوە، پێشکەش کردنی پەڕاوی تۆمەت لەدژی نەتەنیاهۆ بەرهەمهێنەری هولیود، لە بەرامبەر پێشکەشکردنی تەزکیەو خزمەتگوزاری سیاسی. کە ئەمەش بەئەنجامدانی فێڵ و ناپاکی لە ئامانەت و لەباربردنی متمانە بە دەسەڵاتی گشتی لەقەڵەم دراوە. لەراستیدا ئەمە یەکەمجارە لە مێژووی دەولەتی ئیسرائیل شتی وا رووی نەداوە پەڕاوی تۆمەت لەدژی سەرۆک وەزیرانێک پێشکەش بکرێت، کە هێشتا چ وەک سەرۆک وەزیرانی کردەنی، یا سەرۆک وەزیرانی کاربەڕێکار پەیڕەوی دەسەڵاتەکانی بکات، پێشتر ئیهود ئولمەرتی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل کە تۆمەتی ئاراستە کرا، یەکسەر دەستی لەکار کێشایەوە پێی گونجاو نەبوو لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە، بەڵام پێچەوانەی ئیهود، بەهۆی مانەوەی نەتەنیاهۆ لە پۆستەکەی سەرەڕای ئاراستەکردنی چەندین تۆمەت لە دژی، رووبەڕووی رەخنەیەکی زۆر بۆتەوەو پێیانوایە نەتەنیاهۆ لەجیاتی بایەخ بەئیسرائیل بدات زیاتر بایەخ بە تۆمەتبارکردنە ئاماژە بەدەستهێنانی بەڵگەی پێویست بۆ تۆمبارکردنەکەی کراوە وەک پێدانی دەست و دیاری زۆرو بە شێوەیەکی نا ئاساییانە بە نەتەنیاهۆ بەرامبەر ئەو هەنگاوانەی لەبەرژەوەندی لایەنی سوودمەند گرتوویەتیە بەر.هەرچی دۆسیەی دووەمیشە کە ژمارەی (2000)ی هەڵگرتووە، تایبەتە بەو رێککەوتنەی لەنێوان نەتەنیاهۆو ئەرنون موزیسی خاوەنی رۆژنامەی (یەدیعوت ئەحرونت) کراوە، بە پێی رێککەوتنەکە لایەنی یەکەم واتا نەتەنیاهۆو خانەوادەکەی لەلایەن رۆژنامەکە بە شێوەیەکی باش هەواڵیان بڵاو بکرێتەوە، لەبەرامبەر ئەمەشدا نەتەنیاهۆ رێوشوێنی وا لە دژی رۆژنامەی (ئیسرائیل هیوم) کە شیلدون ئەدیلسون خاوەنیەتی بگرێتەبەرو زیان بە رۆژنامەکە بگەیەنێت.

لەو دۆسیەشدا تۆمەتی فڕوفێڵ و ناپاکی لە ئامانەت لەخۆ دەگرێت.

دوا دۆسیەش کە ژمارەی (1000)ی هەڵگرتووە بە پێی بەیاننامەی داواکاری گشتی ئیسرائیل نەتەنیاهۆ هەڵساوە بە وەرگرتنی دیاری لە ئارنون میلشانی بەرژەوەندی تاکە کەسی خۆی دەدات.تیمی پارێزەرانی داکۆکیکاریش لە نەتەنیاهۆ، لە دانیشتنەکاندا لە کێشەی ژمارە (4000)دا گوتیان لەلایەن داواکاری گشتی سەر بە حکوومەت بە شێوەیەکی فەرمی بە تاوانی ناپاکی لە ئامانەت و لەباربردنی متمانە بەدەسەڵاتی گشتی، گەیشتۆتە قۆناغێکی پێشکەوتوو بۆ دادگایی کردنی نەتەنیاهۆ، بەتایبەتیش دوای ئەوەی تیمی یاسایی داکۆکیکار نەیتوانی بڕوا بە داواکاری گشتی لەسەر بێ تاوانی بریکارەکەیان بهێنن، ئەمەش نەتەنیاهۆی خستۆتە نێو کێشەیەکی سیاسییەوە. بەڵێنەکانی نەتەنیاهۆ بە فراوانترکردنی ئیسرائیل و دروستکردنی بااڵخانەی نیشتەجێ لە کەرتی رۆژئاوا و دۆڵی ئەردەن، هەروەها شانازی کردنی بە دانپیانانی ئەمریکا بە قودس وەک پایتەختی هەمیشەیی ئیسرائیل و هەروەها خستنەسەری بەرزایی جۆلان بۆ سەرخاکی ئیسرائیل، نابێتە هۆکاری بەدەستهێنانی دەنگی زیاتری دەنگدەران وەک ئەوەی ئەو ئومێدی لەسەر چنیبوو، چونکە دەنگدەرانی ئیسرائیلی پێیانوایە بەرفراوانتر کردنی گەندەڵیی و لەباربردنی متمانە وناپاکیی لە ئامانەت بەردەوام بێتجگەلەمەش ئاراستەکردنی پەڕاوی تۆمەت بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن داواکاری گشتی، نەتەنیاهۆی لەبەرامبەر دەنگدەرانی ئیسرائیل خستۆتە حاڵەتێکی نەخوازراو وێنەکەی نەتەنیاهۆی لەبەر دیدەیان لێڵ کردووە، کە وا پێویست دەکات سەرۆک وەزیران کەسێکی دەستپاک و بێ گەرد بێت. رەنگە ببێتە زیاتر گوشارخستنە سەری بۆ دەستبەردار بوون لە پۆستەکەی، وەک پێشتر کاتێ ئیهود ئۆلمەرت لە کاتی سەرۆکایەتی تۆمەتی ئاڕاستە کرا لەژێر گوشار ناچار دەستی لەکارکێشایەوە ، ئێستا کەشی سیاسی لە ئیسرائیل لە هەمان کەشی ئەو سەردەم دەچێت، بەڵام نەتەنیاهۆ خۆی وەک قوربانی پیلانگێڕی و هەوڵی کودەتا لەلاین لیکۆڵەران و دەزگای یاسای و دادوەری لەدژی دەخاتەڕوو، دەپرسێت نازانم لەسەر راهی کردنی کارەکانم وەک سەرۆک وەزیران بەردەوام بم، یا دوای دانیشتنەکانی دادگاو دادگایی کردنەکەم بکەوم.ئەوەی روونە ئەو دەقە یاساییانەی تا ئێستا لە ئیسرائیل کاری پێدەکرێت، دەقێکی یاسایی تیا نییە ئەگەر تۆمەت ئاراستەی سەرۆک وەزیران کرا، یا لە قۆناغی لیکۆڵینەوە، تەنانەت لە کاتی کردنەوەی پەڕاوی سەرەتایی تۆمەتباری، سەرۆک وەزیران ناچار بکات دەست لە پۆستەکە بکێشێتەوە. بەڵکو هەلی مانەوەو داواکردنی پارێزبەندی لە کنێست پێ دەدات، تا ئەو کاتەی تاوانەکەی لەسەر دەچەسپێت ئینجا ئەو کات بە پێی هەندێ رێکاری یاسای دەست لە پۆستەکەی بەردەدات.

بەرهەڵستکارانی ئیسرائیلیش وا هەست دەکەن هەلێکی باشیان بۆ لادانی نەتەنیاهۆ بۆ ڕەخساوە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی جانتس لە پێکهێنانی حکوومەت سەرکەوتوو نەبوو، ئەوان بەنیازن گوشاری سیاسی زیاتر بخەنە سەر نەتەنیاهۆو رای گشتی لەدژی بۆ وەرگرتنەوەی شەرعیەت لێی بوروژێنن.



خاک چ سوودێکی دەبێت ئەگەر هەوڵەکانی نەتەنیاهۆ بۆ بەرتەسکردنی دەسەڵاتەکانی داداگای باڵای ئیسرائیل و بەردەوامبوونی

سەرچاوە: العین الاخباریە

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1917:
لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهاندا شانشینی یەکگرتوو شاری قودسی داگیر کرد .



سالی 1961:
کۆتایی بە دادگاییکردنی ئەدۆلف ئیخمانی سەرکردەی نازی هێنرا .



سالی 1987:
ئەندامانی بازاڕی ئەورووپا پەیماننامەی مایستریخت تایبەت بە یەکێتی ئابووری و دراویان مۆر کرد .



سالی 2015:
کۆبوونەوەی لوتکەی 36ی وڵاتانی کەنداو لە ریاز ساز کرا .



سالی 2017:
حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری عێراق هەواڵی کۆتاییهاتن و سەرکەوتنی بەسەر رێکخراوی داعش راگەیاند.



ئاستەنگەکانی پەرەپێدانی سیاسی لە عێراق (2003-2005)



بەشی یەکەم

بەهزاد حەویزی

بەرایی

لە ساڵی(2003)بەدواوە، پرۆسەی پەرەپێدانی سیاسی لە عێراق زۆر بە سستی هەنگاوی ناوە، بۆیە نەیتوانیوە بگاتە ئامانج لە زۆر رووەوە لەوانەش: بەدیهاتنی سەقامگیریی سیاسی، ئەوەش بۆ چەندین هۆ دەگەڕێتەوە لەوانە: بەدامودەزگایی نەکردنی دەوڵەتەکە بەراست و دروستی لەسەر بنەما مۆدرن و پێشکەوتووەکان، پشککاریی پێکهاتەوتایەفەو لایەنەئیتنیەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق، کە شکستی بە دیموکراسی هێنا ، بەربڵاویی گەندەڵیی کە رەنگە زۆربەی بوارەکانی گرتبێتەوە.قۆناغی حکومڕانیی عێراق دوای ساڵی(2003)قۆناغێکی هەم نوێ و موژدەبەخش و هەمیش دژواروسەرسەخت بوو، بۆ خاڵی یەکەم کۆتایی هێنانی سەردەمێکی تاریک و ستەمکاری حوکمی بەعس بوو لە ساڵی(1968-2003)نالەبارودۆواریەکەیشی لەوەدایە ئەو ئامانجەی گەلانی عیراق ساڵها بۆ تێکۆشان و قوربانیان بۆ دا بەپێی ئەو خەباتە نەبوو، دەبوایە عیراق وەک دەوڵەت و کۆمەڵگە ئەو میحنەت و دژواریانەی ڕەتدابا لەو قۆناغەی شازدە ساڵی تەمەنی وەک ناویان نا"عێراقی نوێ"بەجۆرێک سیستەمی سیاسی بتوانێ بنەماکانی پەرەپێدانی سیاسی دابڕێژێ و پەرەی پێبدات و ئایندەیەکی ڕۆشن بۆ گەلانی عیراق دابین بکرێ لە سەقامگیریی و دیموکراسیی.مەبەست لە پرۆسەی پەرەپێدانی سیاسی بناغەڕێژیی کۆمەڵایەتی و سیاسیە ، ئەو پرۆسانەش هەندەجاربارگرژیی و لێکترازان دێنن، کۆمەڵە ئاستەنگێک دێنە پێش سیستەمی سیاسی، کە پێویستە چارەسەر بکرێن و سیستەمێکی دیموکراسی مۆدرن بینا بکرێ، نەخاسمە سیستەمە نوێیەکان، لەوانەش سیستەمی سیاسی لە عێراق پاش ساڵی(2003).



دەستپێکردنی دەرەکی

رزگارکردنی ئێراق لەلایەن ئەمەریکاوە یەکێک بوو لە کێشەکانی بەردەم گۆڕانکاری سیاسی بۆ هەنگاونانی ئەو وڵاتە بەرەو قۆناغ و سەردەمێکی دیکە"چوون پاش کشانەوەی-سوپا-ی دەوڵەتێکی پەلاماردەر حاکمێکی ئەلتەرناتیڤ دانراوە هەروەک پاش پەلاماردانی عێراق لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکان، کە حاکمێکی شکلی دانا(1). لەراستیشدا هەر وابوو، بۆیە ئەو خاڵە هۆکارێکی پاشەکشە و ئاستەنگێک بوو بەردەم پەرەپێدانی سیاسی، لەگەڵ ئەوەشدا"لە ئاداری ساڵی 2003وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پرۆژەیەکی ئەوتۆی خستەڕوو بۆ ڕووخاندنی رژێمی سەدام بەجۆرێک عیراقیش ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراسی ئەکتیڤ، هەروەک جۆرج بوش لەو وتارەی رۆژی(26شوبات(2003ئام اژەی پێدا گوایە عێراق بەرەو دیموکراسیی دەبەن((2هەر لەو ڕووەوە فۆکۆیاما لە کتێبی(ئەمریکا لەبەردەم چاوڕیاندا)دەڵێ"گۆڕینی حکوومەت بە سیستمێکی دیموکراسی لە ڕێگەی دەستێوەردانی سەربازی لەڕووی ئابووریەوە زۆری تێدەچێت"((3کەواتە کێشەی ئابووری یەکێکە لەو ئاستەنگانەی لە بەردەم پرۆسەی پەرەپێدانی سیاسی. یەکێک لەو هۆکارانەی ناسەقامگیریی و کێشەی ئابووری بریتیە لە سزاکانی سەر عێراق"پاش هێرشی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر عیراق یاش ساڵی 2003نێوەندی دەرامەتی تاک لە عێراق لە 25دۆلار لە ساڵی 2003بۆ 144دۆلار لە ساڵی 2004دابەزی، جگە لە کەمیی کەرستەوکەلوپەل وەکو: برنج و شەکروشیر،..تد.هەروەها سزای ئابووری ئەمریکا-بەریتانیا ئاستەنگێکی دیکەی بەردەم پێشکەوتن و پەرەپێدان بوو لەعێراق و کۆمەڵگەی مەدەنی تێکشکاند(4) .هەر سەبارەت بە پرسی پەلامارەدانی عێراق و پرۆسەی ڕزگارکردنی و سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی"ئید هاریان سەرنج دەدات کە رامسفیلد وبریمەر"ڕژد بوون لەسەر ئەوەی بونیاتنانەوەی عیراق لەسەر حسابی خودی وڵاتە-ڕزگارکراوەکەیە-بۆیە دەسەڵاتی بریمەر، دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتیی 22ملیار دۆلاری لە دارایی عێراق خەرج کرد بەرامبەر بە 300ملیۆن دۆلار لە دارایی ئەمەریکا(5).سەرکردە شیعیە دینی و سیاسیەکان لە عێراق پەیوەندیەکی زۆر بەتینیان لەگەڵ ئێران هەیە، لەسەردانێکی وەزیری بەرگری عێراق بۆ ئێران پاش هەڵبژاردنەکانی 2005 رایگەیاند"لاپەڕەیەکی نوێ"ی پەیوەندی لەگەڵ ئێران دەکەنەوە لەوانەش هەماهەنگی لەشکریی لەسەر سنوور، بەشداری ئێران لە مەشقپێکردنی هێزە چەکدارەکانی عیراق(6)جا وەزیری عێراق مەترسی وڵاتەیەکگرتووەکانی لەمەڕ دەستێوەردانی ئێران لە ناوچەکە ڕەتکردەوە، هەروەها بەسەرش بووە دەوڵەتۆکەیەکی تێۆکراسی ژێر سایەی حوکمڕانی شیعە، کە وا ئێستاکە دەرەنجام و ئاسەواڕەکانی دەبینین لە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕینی خەڵکی ئەو شارە دژ بەو سیاسەتە هەڵەیە.

بەدامەزراوەییکردن

لەلایەکی دیکەوە پرسی دامودەزگایی لەپاش ساڵی(2003)ەوە ئاستەنگێکی دیاری بەڕێوەبردن وحوکمڕانی بوو لە عێراق، هەرچەندە پرۆسەی بە دامودەزگاییکردن پرۆسەیەکی درێژخایەنەو چەندین ڕەگەزوفاکتەری خۆی هەیە، بەڵام تارادەیەک دەکرێ بنەماکانی دابڕێژرێ، ئەگەر هاتوو کاری بۆ کرا، فۆکۆیاما لەو ڕووەوە، دەڵێ"هەر سی ستەمێکی سیاسی دەوەستێتە سەر توانستی دامودەزگایی خۆی بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتن، کەواتە بەدامودەزگاییکردن پرسێکی بنەڕەتیە لەو پرۆسەیەدا، لێرەدا چوار لایەن یا ڕەگەزی گرنگ هەیە تەسمیمی ڕێکخستن و ئیدارە، تەسمیمی سیستەمی سیاسی، بنەمای شەرعیەت، فاکتەرە ڕۆشنبیریەکان و بونیاتگەریەکان(7).پرۆژەی سیاسی لە عێراق پاش ساڵی 2003لەسەر بنەماوبیرۆکەی بونیاتنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی مەدەنی فەریی سیاسی سەرچاوەی گرت، لەو قۆناغەدا سیستەمی حوکمڕانی بەپێی بنەماوەرگەزەکانی دەوڵەتی پێشکەوتوو و دیموکراسی دەبوایە لەسەر بنەماکانی هەڵبژاردنی پاک و ڕێکخستنی میکانیزمی دەستاودەستکردنی دەسەڵات دوور لە قۆرغکاری تاکەکەسی یا تایەفی یا دینی پێکبێ و دابەزرێ، بەڵام هاوکێشەکە پێچەوانە بوویەوە لەرووی کێشەو قەیرانەکان و تا دێ قوولتریش دەبنەوە، قەیرانی ناسەقامگیریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.

ململانەی پێکهاتەیی-سیاسی

ئاستەنگێکی دیکەی بەردەم پرۆسەی پەرەپێدانی سیاسی لە عێراق قۆرغکاریی تایەفی و ئایینی ومەزهبی بوو، ڕاستە شێوازی حوکمڕانی لە عێراق وەک دەوڵەتێکی ئیتیحادی لەسەر بنەمای فیدرالی بوو، بەڵام کارپێنەکردنی زۆربەی بڕگەکان ئاستەنگێکی دیکەی بەردەم پەرەپێدانی سیاسی بوو.سەبارەت بە کاروئەرکی حزبە سیاسیەکان ڕوونە وەزیفەکانی حزب لە سیستەمی سیاسی بەگشتی و سیستەمی سیاسی وڵاتانی دواکەتوو چین"لە وڵاتانی جیهانی سێیەم هەوڵی نوێکاریی و پەرەپێدانی سیاسی دەدات، وەک هێزی دامودەزگایی سەربەخۆ کاردەکەنە سەر نوێبوونەوەوپەرەپێدانی سیاسی8بەڵام لەعێراق ئەو پرۆسەیە ون بوو.

دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات بنەمایەکی گرنگی پەرەپێدانی سیاسییە، هەروەها زەوینەی زیاتری دەرفەتی سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی دەستەبەر دەکات، لە دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی 2005لە سێ بابەتەوە ئاماژە بە پەرەنسیپی دەستاودەستکردنی دەسەڵات کراوە، لە دیباجەکە-برگەی(2)لە مادەی(6)وبابەتی سێیەم ماددەی(9)یەکەم برگەی(1)کە ئاماژە بەوە دەکات هێزە چەکدارەکان هیچ جۆرە ڕۆڵێکیان نییە لە پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات(بۆزانیاری زیاتر، بڕوانە:دەستوری هەمیشەیی عێراق ساڵی .(2005 مۆریس دۆفرجێ ئاوا پێناسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات دەکات"بریتیە لە بزاوتێکی بەردەوامی هەر حزبێک لە ئێژزسیۆنەوە بۆ حوکمڕانی، ئینجا لە حوکمڕانییەوە بۆ ئۆپۆزسیۆن"(9).

پرسی گەندەڵی

ئاستەنگێکی دیکەی کوشندە، پرسی گەندەڵیە ، کە شێرپەنجەی حکومڕانییە"چونکە گەندەڵی متمانە بە دامەزراوەکانی دەوڵەت لاواز دەکات و توانای دەوڵەتیش سنووردار دەکات لە هێنانەکایەی پەرەپێدانداا "".(10)"هنتنگتن باس لە گەندەڵیی دەکات بە واتای ڕەفتاری فەرمانبەرانی گشتی کە لە ڕێسا پەسەندکراوە کۆمەڵایەتیەکان لادەدا، بەمەبەستی بەدیهاتنی (مەرامە شەخسیەکانی)بەو پێیەی بەرهەمێکە پەیوەست بە پرۆسەی خێرای نوێبوونەوە لەبەرچەند هۆیەک، وەک شێبوونەوەی بەهایی، خولقاندنی سەرچاوەی نوێ بۆ دەوڵەمەندیبوون و نفوز)جا ئاماژە بەوە دەدات(گەندەڵی لەو وڵاتانە باڵ دەکێشێ کە بێ حزبی سیاسین، لەو کۆمەڵگەیانەی بەرژەوەندیی هەندە تاکی دیاریکراو بالادەستە یا خێزان یا عەشیرەتێکی دیاریکراو(11).ئەو کێشەیەی گەندەڵی زۆربەی بوارەکانی خزمەتگوزاریشی گرتەوە، وەک چۆمسکی ئاماژەی پێدەدات"تۆماری گەندەڵی لە سایەی دەسەڵاتی هاوپەیمانی کاتیی چەند جومگەیەکی گرتەوە: قوتابخانە، نەخۆشخانە، کەرتی ئاووئاوەڕۆکارەبا، کە دەبوایە لێیان خەرج بکرێن، بەڵام بەلێندەرە بیانیەکان پشکی زۆریان لەو پارەوپوولە برد.

مانشێت



سکای نیوز:
لە ناوەڕاستی شاری دلهی پایتەختی هیند ئاگر لە کارگەیەک کەوتەوە و لە ئەنجامدا 43 کەس گیانیان لەدەست دا .



ئەی ئێف پی :
لە ئۆگەندا بارینی بارانێکی زۆر و لافاو بوە هۆی کوژرانی 12 کەس ، هاوکات خەڵکێکی زۆر شوێنی نیشتەجێی خۆیان بەجێ هێشت .



ئیلاف:
لە درێژەی هەوڵەکان بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ئەفغانستان ، ئەمەریکا و بزووتنەوەی تاڵیبان لە قەتەر دەستیان بە دانوستان کردەوە .



ڕۆیتەرز:
کۆریای باکوور لە پێگەی سوهای تایبەت بە بەرهەمهێنانی مووشەک، بزوێنەری مووشەکی تازەی بە سەرکەوتوویی تاقی کردەوە .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت :
مارک ئەسبری وەزیری بەرگری ئەمەریکا رایگەیاند وڵاتەکەی هێزی پێویستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر مەترسیەک .



کەنالی ئارتی :
لە مەکسیکۆ سیتی پایتەختی مەکسیک و لەبەردەمی کۆشکی سەرۆکایەتی چەند کەسێک تەقەیان لەیەک کرد و لە ئەنجامدا 4 کەس کوژران .



جیاوازی چییە لەنێوان قەتیسبوونی گەرمیی و گۆڕانی ئاو و هەوا؟


دەربڕینی بەرزبوونەوەی دریژخایەنی نێوەندی پلەی گەرمیی هەوا لەسەر رووی زەوی لە دەرئەنجامی کەلەکەبوونی گازە گەرمکارەکان لەنێو بەرگە هەوای زەویدا، وەک دووانۆکسیدی کاربۆن و ئەکاسیدی نیترۆزۆ پێکهاتەکانی کلۆرۆفلۆرۆکاربۆنەکان، کە دەبێتە هۆی دووبارە گەڕاندنەوەی تیشکی بەرکەوتووی خۆر بەر رووی زەوی لە رۆژە شەودا و ریگەنادات بۆ بۆشایی ئاسمانەدەربچێت، بۆیە پلەی گەرمیی زیاتر بەرز دەبێتەوە. جگە لە قەتیسبووین گەرمیی، ئەم دیاردەیە ناسراوە بە (مالّی شووشەیی) وەک ئەوانەی لە بواری کشتوکاڵیدا بەکار دەهێنرێن.

ئاوو هەوا نێوەندی بار و دۆخی بەرگە هەوای زەویبە بۆ شوێنێکی دیاریکراوو بۆماوەیەکی دووردرێژ، بەڵام کەش و هەوا بریتییە لە چەند بارێکی کەش و هەوا لە شوێنێکی دیاریکراوو بۆماوەیەکی کورت، کە چەند شەوو رۆژێک زیاتر ناخایەنێ.

بێگومان چالاکییە مرۆییەکان و چەند هۆکارێکی سروشتی دیکەی وەک تەقینەوەی گرکانەکان و ئاگرکەوتنەوە مەزنەکان و تەنانەت جوولەی کیشوەرەکان بە درێژایی کاتدا بوونەتە هۆی گۆڕانی ئاوو هەوای جیهان بە شێوەیەکی گشتی.

کەواتە، بە تێپەڕبوونی کات ئاوو هەوا دەگۆڕێ، نەوەک تەنها لە دەرئەنجامی رووداتی گۆڕان لە ریتمی پێکهاتیی بەرگە هەوای زەوی، بەڵکو بەهۆی ئەو کارلێکانەش دەبێت کە لەنێوان بەرگە هەواو کاریگەرییە جیۆلۆجی و کیمیایی و بایۆلۆژی و جوگرافییە جیاجیاکانەوە روودەدەن.


شوێنی تێکشکانی کەشتی ڤیکرامی هیندی لەسەر رووی مانگدا دۆزرایەوە



دوای ئەنجامدانی هەوڵی نیشتنەوە لەسەر رووی مانگ لە مانگی ئەیلوولی رابردووداو، پەیوەندی لەگەڵ کەشتی ئاسمانی هیندی (ڤیکرام) پچڕاو لەوکاتەوە هیچ هێمایەکی نەگەڕایەوە بۆ زەوی و لە هەمان کاتیشدا نەزانرا چی بەسەرهات! بەڵام وادیارە کەشتی ئاسمانی (LRO) بەم دواییە سۆراغی کەشتییەی بە تێکشکاوی دۆزییەوە.

پلان دانرابوو کەوا کەشتی ڤیکرام بێتە بەشێک لە پرۆژەی (شاندرایان -2) و لە 2019.9.6 لەسەر رووی مانگدا بنیشێتەوە، بەڵام پێش نیشتنەوە پەیوەندی لەگەڵیدا پچڕاو ئەوکاتە هەندێ لە پسپۆڕانی (ئاژانسی بۆشاییگەریی هیندی -ISRO) رایانگەیاندبوو کە گوای توانیوایانە کەشتییەکە لەسەر رووی مانگدا بدۆزنەوەو لە هەوڵی ئەوەن پەیوەندی پێوە بکەن، بەڵام وێنەکانی مانگی تشرینی یەکەم و دووەمی ئەمساڵ کە لە ریگەی MRO وەرگیراون، گرتەی زۆر وردی رەوانە کردەوە بۆ شوێنی تێکشکان و پاشماوە پەرش و بڵاوبووەکەی کەشتی ڤیکرام ی رەوانەکردەوە.

گەردەلوولەکانی تۆزو خۆڵ گورزی کوشندە لە مەریخ دەدەن



ماوەیەکی دوورو درێژە فەلەکناسانی پسپۆڕ لە هەسارەی مەریخ لێکۆڵینەوەو روانگەکردنی بەردەوام ئەنجام دەدەن لەسەر گەردەلوولەکانی مەریخ کە بە (تاوەرەکانی تۆزوخۆڵ) ناسراون و تا بەرزایی دەیان کیلۆمەتر لەسەر رووی ئەو هەسارەیەدا بەرز دەبنەوەو دەرکەوتووە لەم چاخەدا زیانێکی زۆر بە ژینگەی ئەو هەسارە دەگەیەنێ.

ئەو لێکۆڵینەوەیە لەنێو گۆڤارەکانی: Journal of the Atmospher- Journal of Ge- ىic Sciences ophysical Research: Planets دا بڵاوکراوەتەوەو تیایدا هاتووە ئەو جۆرە گێژەڵووکانە یەکێکن لەو هۆکارانەی کەوایان کردووە ئەو هەسارەیە بێتە بیابانێکی وشک و ساردو مردوو بە هەموو ماناکانی وشە.

زانراوە کەوا ئەو جۆرە گێژەڵووکە مەزنانە لەماوەی 10 ساڵ جارێک رووەدات و کاتێکیش رووەدات تەواوی هەسارەکە دادەپۆشێ، وەک ئەوەی لەساڵی 2007 و 2018دا رووبداو بەرزایی بارستەی تۆزو خۆڵەکەی نێویان گەیشتبووە سنووری 70 تا 90 کیلۆمەتر لەسەر ئاستی رووی مەریخ و رووبەری 10 ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشە داپۆشێ و بە ئەستوورایی 35مەتر خۆڵ و لم لەسەر ئەو ناوچانەدا نیشتاندۆتەوە، هەربۆیە، گێژەڵووکە مەزنەکەی ساڵی 2018 بووە هۆی لەکارکەوتنی تاهەتایی گەرۆکی (ئۆپرتیونیتی) لەسەر رووی ئەو هەسارەیەدا.

جێگای ئاماژەپێدانە ئەو جۆرە گێژەڵووکە تۆزوخۆڵەی مەزنەی مەریخ بۆماوەی چەندین هەفتە دەخایەنێ، نەوەک چەند کاتژمێر یان رۆژێک وەک ئەوەی لەسەر هەسارەکەماندا روو دەدەن.

ماددەی ئۆرگانیی لەئاسمانی (ئینسیلادۆس)ی پاشکۆی (زوحەل)دا دۆزرایەوە



لەگەڵ ئەوەی گەشتی مێژوویی کەشتی ئاسمانی (کاسینی) بە دەوری هەسارەی زوحەل و پاشکۆیەکانیدا لە 2017.9.15 کۆتایی پێهات، بەڵام تاوەکو ئێستاو بۆ چەندین ساڵی داهاتووشدا پسپۆڕان خەریکی شیکردنەوەی ئەو داتایە یەگجار زۆرو پڕ بەهایانە دەبن کە رەوانەی زەوی کردۆتەوە، یەکێ لەوانە بەم دواییە دەرکەوتووە کە بریتییە لە دۆزینەوەی ماددەی ئۆرگانی لە جۆری (ترشی ئەمینی) لەنێو ئاسمانی (ئینسیلادۆس) ی پاشکۆی ناوداری هەسارەی (زوحەل).

(ئینسیلادۆس) شەشەم گەورەترین پاشکۆیەکانی زوحەلە بە تیرەی 504 کیلۆمەترو 200 مەترو رووکەی بە تەواوی بە سەهۆڵ داپۆشراوە بەڵام یەکێ لە سیما هەرە ناوازەکانی بریتییە لە دەرچوونی (سەهۆڵ پرژە) لەسەر شێوەی ستوونی بەرزبوونەوەی سەهۆڵ تا بەرزایی 500 کیلۆمەتر لەسەر رووکەیدا.

پسپۆڕان دەڵێن کەوا ئەو ماددە دەرچووە ئۆرگانییە لەچینەکانی ناوەوەی پاشکۆیەکەدا هەیەو کاتێک بەرزدەبێتەوە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ ئەو ئاوە شلەی کە ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ژێرەوەی رووە سەهۆڵییە بەستووەکەی، ئینجا لەژێر گۆشاری ناخیدا لەگەڵ ئەو سەهۆڵ پرژە مەزنانەدا بەرز دەبنەوە ئاسمانی ئەو پاشکۆیە.

لە رووی زانستیشەوە، ترشە ئەمینییەکان یەکێکن لە پێکهاتە سەرەکییەکانی بوونی ژیان، بەڵام تاوەکو ئێستا نەزانراوە ئاخۆ بوونی ئەو ترشە لەنێو سەهۆڵی ئینسیلادۆس هێمایەکە بۆ بوونی جۆرە ژیانێک لەو پاشکۆیەدا یان نا؟

وێنە و زانیاری سەرسامترین گێژەڵووکەکانی هەسارەی موشتەری بڵاوکرایەوە



لە 5ی ئابی 2011، ئاژانسی ناسا کەشتییەکی ئاسمانیی هەڵدایە بۆشایی ئاسمان بەرەو هەسارەی زەبەلاحی (موشتەری) بەمەبەستی ئەنجامدانی تازەترین لێکۆڵینەوەو گرتنی وردترین و جوانترین وێنە بە ناوی (جونۆ).

ئەم کەشتییە ئاسمانییە لە 5ی تەموزی 2016، واتە دوای زیاتر لە 5ساڵ لە هەڵدانی ئینجا گەیشتە هەسارەی موشتەری.

لەتازەترین هەواڵەکانی ئەم کەشتییە ئاسمانییە، ڕەوانەکردنەوەی داتای سەرنجڕاکێش و گرتنی وێنەی سەرسامکار بۆ یەکێ لە گەورەترین گێژەڵووکە لەنێو بەرگە هەوایەکەیدا کە ناونراوە Perijove 23 کە بەهیچ شێوەیەک لە شێوەکان لە گێژەڵووکەکانی هەسارەکەمان ناچێت و دەکەوێتە ناوچەیەک کە ناسراوە بە (پڕێتنی هەوریی گەرمیی باکوورییی)

گێژەڵووکەکە لەسەر شێوەی گرێ گرێتی پێکوە نووساوی ئەو گازانەیە کە لە ریگەی چالاکی بای یەگجار زۆر بەهێزەوە لەناو یەکتریدا دەخولێنەوەو بەپێی لێکۆڵینەوەکان تیرەی دەگاتە 2000 کیلۆمەتر

ئەو گرتەیە لەلایەن فەلەکناس (کیڤن ئیم گیل) لە 2019.11.3 وەرگیراوە کاتێک کەشتی (جونۆ) لە بەرزایی 8500 کیلۆمەتر بوو لەسەرووی ترۆپکی هەورەکاندا.

بە یادتان دێنمەوە ئازیزان کەوا تیرەی موشتەری 139820 کیلۆمەترەو زەویش 12742 کیلۆمەترە، واتە هەسارەی موشتەری 1300 جار لە زەوی گەورەترەو 90%ی پێکهاتەی بەرگە هەواو هەورەکانی لە گازی هایدرۆجینەو نزیکەی 10%ی هیلیۆمە، لەگەڵ ئامۆنیاو گۆگردو میتان و هەڵمی ئاو

شێوەی زەوی بەرەو گۆڕان هەنگاو دەنێ

دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی نوێی ئەمریکی دەریخست کەوا پێدەچێت کەمەری هەسارەی زەوی بۆ دەرەوە بچێت، ئەوەش لە دەرئەنجامی توانەوەی سەهۆڵی گرینلاند و کیشوەری بەستووی باشوور.

(ستیڤن نیریم) ی ئەندازیاری بۆشاییگەری و لێکۆڵەر لە زانکۆی (کۆلۆرادۆ) گوتوویەتی: "توانەوەی سەهۆڵ وایکردووە ئەو پاڵەپەستۆیەی کە پێشووتر لەسەر کەمەری زەویدا هەبووە کەمتر ببێتەوە کە پێشتر خستبوویە سەری، بەمەش پەستان لەسەر رووی زەوی لە خودی ئەو ناوچانەدا کەم دەکاتەوە و لە کۆتاییدا شێوەی زەوی بازنەیی دەکات، ئەمەش وەکو کاریگەریی لەسەر نیسفەنج وایەو ماوەیەکی گەرەکە تا بگەڕێتەوە ئاست و شێوەی پێشووی خۆی.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە هەردوو جەمسەری بەستووی باکوورو باشووری زەوی سالانە بڕی 382ملیار تەن سەهۆڵ لەدەست دەدەن، بەمەش وورد وورده ناوچە وشکانییەکان کەم دەبنەوەو وادەکات شێوازی زەوی بەرەو بازنەیی بچێت، ئەوا ئاستی گەورەبوونی کەمەری زەوی دەگاتە بڕی 71 سانتیمەتر لەماوەی هەر 10 ساڵێکدا.

ئەمڕۆکە نیوە تیرەی کەمەریی زەوی دەگاتە 6378 کیلۆمەتر و تیرەی جەمسەریشی دەگاتە 6357کیلۆمەتر، واتە تەنها جیاوازی 21 کیلۆمەتر هەیە کە وا دەکات زەوی شێوەی بازنەیی وەرنەگرێت!.





کاپتنی یانەی هەولێر و مامۆستای وەرزشی لە دیمانەیەکی خەبات دا

وەلید عارف: رەوشی ئێستای وەرزش لە کۆلێژەکاندا لە ئاستێکی مام ناوەندیدایە

خەبات: سولێن سلێمان

وەلید عارف یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی عێراق و کاپتنی ئێستای یانەی وەرزشی هەولێرە لە تۆپی بالە، لە هەمان کاتیشدا قوتابی دکتۆرایە لە کۆلێژی پەروەردەی هەولێر، وەلید بۆ ماوەی 10 ساڵ یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق بووە و ماوەی 15 ساڵیش لە ریزی یانەی هەولێر یاری کردووە، لە هەموو خولێکی عەرەبی بەشداری کردووە کاتێک لە هەڵبژاردەی عێراق بوو، بەشداری چەندین خولی کردووە چ لەگەڵ یانەکەی و یان یانەی پێشمەرگەی سلێمانی.

لەم دیمانەیەدا بۆ خەبات لە بارەی رەوشی ئێستای وەرزش لە کۆلێژەکاندا دەڵێت: رەوشی وەرزش لە کۆلێژەکاندا ئێستا لە ئاستێکی مام ناوەندیدایە، چونکە ئەو کەسانەی کە سەرەتا دێنە کۆلێژەکەمان بۆ خوێندن، هەموویان وەرزشوان نین، وەک پێویست نین، بەڵام سەرەرای ئەوەش یاریزانی باشمان هەیە هەروەها وەرزشوانانی باشیشمان هەیە.

لە پرسیارێکدا کە ئایا لە کۆلێژە وەرزشییەکاندا توانیویانە وەرزشوانێکی دیار پێ بگەیێنن؟

لە وەڵامدا دەڵێت: لە کۆلێژەکەمان یاریزان دروست ناکرێت، بەڵکو مامۆستایەکی ئەکادیمی باش پێدەگەیێنین، چونکە ئێمە ناتوانین یاریزان دروست بکەین، بەڵکو پێویستە ئەو کارە لە یانەکاندا ئەنجام بدرێت، زیاتر لەسەر ئەوان پێویستە یاریزانانی باش پێ بگەیێنن، چونکە ئەوە تەنها بابەتێک نییە و تەنها وانەیەکیش نییە لەسەری بخوێندرێت، و لەلای ئێمە هەموو جۆرە وەرزشێک دەخوێندرێت، بەڵام دەتوانین مامۆستایەکی باش و چالاک پێ بگەیێنین کەلە هەموو بوارەکانی وەرزش شارەزا بێت و ئەکادیمی بێت، نەوەک یاریزان.

لەپرسیارێکدا کە پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی بواری وەرزش پێشبکەوێت؟

ئەو دەڵێت: بەرای من پێویستە لە هەموو بوارەکانی وەرزش چ لە تۆپێ پێ یا تۆپی باسکە یان باسکە یا گۆرەپانی مەیدان، پێویستە قوتابخانەیەکی ئەکادیمی بکرێتەوە کە لە منداڵییەوە فێربکرێن و بە شێوەیەکی باش راهێنانیان پێ بکرێت و دەبێت راهێنەرەکانیش ئەکادیمی بن تا بتوانن بەشێوەیەکی ئاست بەرز قوتابی پێ بگەیێنێت، بەم شێوەیە دەتوانین لە کاتێکی نزیکدا لە هەموو بوارەکانی وەرزشدا پێشکەوتوو بین، چونکە من خۆم ئێستا یاریزانی تۆپی بالەم و هۆڵە داخراوەکانمان لە ئاستێکی پێویست دا نییە ، هەر بۆیە داوام لە هەموو بەرپرسێکی وەرزش ئەوەیە کە گرنگی بدەن بە هۆڵە داخراوەکان بتوانرێت لە ئاستێکی پێشکەوتوودا دروست بکرێن، چونکە تا ئێستا هۆڵێکی پڕۆفیشنالی وەرزشی لە هەموو کوردستان دا نییە ئەگەر هەشبێت نێودەوڵەتی نییە، و هەر بۆیە پێویستە هەموو یانەیەک هۆڵێکی وەرزشی تایبەت بە خۆی هەبێت، تا بتوانن یاریزانەکانیان بە شێوەیەکی باش راهێنانیان پێ بکەن، دروستکردنی ئەمانە بە گشتی پێشکەوتنی وەرزشە، دوو ساڵە بەڕێوبەری یانەی ئەکادیمی هەولێرم لە تۆپی بالە و چەند یاریزانێکی مندالم هەیە کە مەشق و راهێنانیان پێ دەکەم ، بەڵام لە ئێستادا رامان گرتووە بەهۆی نۆژەنکردنەوە، لە ئێستاشدا دەمەوێت زیاتر گرنگی بە یانەکەم بدەم.



گرنگی بە وەرزش بدەن بۆ منداڵەکانیان فێری گرنگی وەرزش بکەن، بۆ لەش و لاریێکی ڕێک تەندروست یان هەبێت، تا داهاتوویەکی باشیان هەبێت بۆ خۆیان ، ئەمەش پابەندە بە یانەکان کە تا چەند گرنگی بە یاریزانەکانیان دەدەن، و هەروەها خولەکانیش بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوامیان پێ بدرێت، و هیواداریشم هۆڵی وەرزشی ئەکادیمی زیاتر بکرێتەوە ، چونکە لە کۆلێژەکەمان مامۆستای ئەکادیمی زۆرباش هەیە کە دەتوانن قوتابی پێ بگەیێنن.

لە کۆتاییدا پەیامم ئەوەیە کە زیاتر گرنگی بە وەرزش بدرێت چونکە لە ئێستادا زۆربەی گەنجەکانمان لە وەرزش دوور کەوتوونەتەوە، پێویستە لەسەر هەموو دایک و باوکێک

لەمەودوا چێڵسی دەتوانێت یاریزان بکڕێت

سولێن سلێمان

پاش هەوڵێکی زۆر، ئەو سزاییەی بە سەر یانەی چێڵسی ئینگلیزییدا سەپێنرابوو هەڵگیرا و سزاکەی لەسەر کەمکرایەوە، کە بە هۆی ئەو سزاییەوە یانەی چێڵسی نەیدەتوانی گرێبەست لە گەڵ هیچ یاریزانێک ئەنجام بدات.

تاس لە بەیاننامەیەکدا رووبی کردۆتەوە کە یانەی چێڵسی بە پێشێلکردنی یاساکان و گرێبەستی نا یاسی ڕووبەڕووی ئەو سزایە ببۆوە، ئەوەش لە دوای ئەوە دێت کە یانەی ناوبراو نەیدەتوانی کرینی یاریزانانی لە گواستنەوەی زستانەدا ئەنجام بدات، چونکە ئەو یانەیە گرێبەستی لەگەڵ چەند یاریزانێک واژۆ کردبوو بە شێوەیەکی نایاسایی، هەروەها دادگا بریاری دا بە کەمکردنەوەی **607** هەزار دۆلار لە سەر سزای یانەکە.

لە کۆتاییدا بە هۆی کەمکردنەوەی سزا لەسەر ئەو یانەیە، لەمەودوا چێڵسی بە فەرمی دەتوانێت یاریزان بکرێت.

دارەتوو لاوانی هەولێرەوت بووە پاڵەوانی خولی ناوەندی باڵای دەشتی هەولێر

خەبات: تریفە ئازاد

بە ئاماژە بوونی جەوهەر تاهیر بەرپرسی لیژنەی ناوچەی دارەتوو و سەفین کاوێس بەرپرسی ناوەندی باڵای دەشتی هەولێری یەکێتی لاوانی دیمکراتی کوردستان و جەماوەرێکی زۆری وەرزشی سنورەکە ، ناوەندی لاوانی دارەتووی سنورە.

یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان سەر بە ناوەندی باڵای دەروووبەر کۆتایی بە خولێکی تۆپی پێی یانزە یایزانی هێنا کە بۆ **56** تیپی سنوری ناوەند ڕێکخرابوو، کە یەکەمین خولی تۆپی پێ بوو لەسەر ئاستی ناوەندی باڵای دەروووبەرە بۆ تیپە وەرزشییەکانی ئەو هەردوو تیپی لاوانی هەڵکەوت و تیپی لاوانی ئاگرین گەیشتنە یاری کۆتایی و لە ئەنجامدا تیپی لاوانی هەولکەوت توانی ببێتە پاڵەوانی خولەکە بە **2** گۆڵی بێ بەرامبەر سەرکەوت بەسەر تیپی لاوانی ئاگرین.



جیهان ڕێز لە خانمە شەترەنجزانە ئەفسانەکەی پۆڵەندا دەگرێت

هاوار موڕتکەیی

لە گردبوونەوەیەکی نموونەییدا لە وارسۆ، شەترەنجزانانی جیهان ڕێز لە خانمە شەترەنجزانێکی پۆڵەندی دەگرن.

کریستیان رادزیکفسکا کە لەساڵی 1931لە دایک بووە و لە ساڵی 1984نازناوی گراندماستەری بەدەستهێناوە، 9جار پاڵەوانی پۆڵەندا بووە لە ماوەی نێوان 1951تا 1969، هەروەها 5لەگەل پۆڵەندا بەشداری ئۆڵۆمپیادی شەترەنجی ئافرەتانی کردووە لە ساڵانی 1957، 1963، 1966، 1969، 1972 ، ساڵانە وەک ڕێزلێنانێک لە ئەفسانەیەی پۆڵەندی شەترەنجزانانی جیهان لەبۆنەیەکی تایبەتدا کۆدەبنەوە و یارییەک ڕیک دەخەن، ئەم نەریتە لە ساڵی 2011ەوە ڕێک لە ماوەی نێوان 5تا 12ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک بەڕێوەدەچێت.

لەو یادەدا جگە لەیادکردنەوەی بەهێزترین ئافرەتی پۆڵەندی، یارییەک لەنێوان پاڵەوانی ئافرەتانی جیهانی ڕیک دەخرێت، کە یادکردنەوەیەکی دەگمەنە و ئافرەتانی جیهان لەو بۆنەیەدا یاریی کلاسیکی و بلیتز و فیچەر دەکەن، ئەمەش ڕیزلێنانێکە لە کریستیان کە لە ساڵی 2006کۆچی دوایی کردووە.





KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

Sun 8. Dec. 2019 No: (5887)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

ئەمجارەش سەلامەت دەرچووین، سەعات **29**و **7**ی بەرەبەیانی دووشەمە **25/11/2012**هەسارۆکەیەک بەختیارییەکی یەگجار زۆر، بەتەنیشت هەسارەکەی ئێمەدا تێپەڕی، زانا گەردوون ناسەکان دەڵێن(تیرەی ئەو هەسارۆکەیە **150**مەترە و لەیەک سەعاتدا **61956**کم دەبڕێت و **62**جار لە فڕۆکەی بۆینگ **747**خێراترە.

بەریەککەوتنی ئەو جۆرە هەسارۆکانە بەرووی گۆی زەوی، کارێکی ترسناکە و چەندان جار رووی داوە، بەڵام ئەمجارەیان هیچ ئاسەوارێکی جێنەهێشت، دیارە دڵی بەدانیشتوانی سەر گۆی زەوی سووتاوە، چونکە هەسارەکەی ئێمە سەدان شەڕ و شۆڕ و بەریەککەوتن و تەقینەوەی تێدایە، بەرگەی ئەوە ناگرێت هەسارەیەک خۆی پێدابکێشێت.

دیسان زاناکان دەڵێن(لەتشرینی دووەمی ساڵی **2026**دیسان ئەو هەسارەیە لێمان نزیک دەبێتەوە، تا ئەو ڕۆژە هەزار سەر بێ کلاو دەبن، نازانم تا دەگەینە ئەو وادەیە:

کورد و بەغدا ڕێک دەکەون یان نا؟

پاشەکەوتی موچە وەردەگیرێتەوە؟

ترەمپ خەریکی چ دەبێت؟

کورد هەروا ناکۆک دەبن؟



پەیکەرتاش ئاسۆس جاف:

پێشمەرگە و شەهید و شەرەڤان گرنگی تایبەتی هەیە شانازیان پێوە دەکەم



دیمانە: ناسیح عەلی خەیات

ئاسۆس ئەحمەد قادر ناسراوبە(ئاسۆس جاف) لەدایکبووی 1989ی شاری سلێمانی دەرچووی کۆلێژی هونەر بەشی پەیکەرسازی ساڵی2015 یە، خاوەنی زیاتر لە 48کاری هونەریە،بەشداری زیاترلە 30 پێشانگای هونەری لە ناوەوەدەرەوەی وڵات کردوە،خاوە نی 27 خەڵاتی ڕێزلێنانە ،کاریبۆ(نیشتیمان ، ئەنفال، شەنگال، ژنان، پێشمەرگەو شەرەڤان و منداڵ و کەسایەتیە دیارە کان و.....هتد)کردوە،هەروەها خاوەنی 7 پڕۆژەی سەرشەقامە وەک : مۆنۆمێنتی هونەرمەند شەماڵ ساڵیب لەساڵی 2017?پڕۆژەی سێگۆشەی سێکوچکەی بابان لەساڵی2017، شاعیریگەل بەنگین لەساڵی?2017مامۆستای گەورە ئیبراهیم ئەمین باڵدار دانەری ئەلف وبێی نوێی کوردی لەساڵی 2017 پڕۆژەی تیوار 2018 لە شاری چەمچەماڵ،ژنینی پێڵاو لەساڵی 2018، هومەر دزە یی لەساڵی ٢٠١٩ ، ئەوهونەرمەندە پەیکەرتاشە دەربارەی هونەر و کارەهونەرییەکانی دڵی بۆخەبات کردەوە و وا بۆمان دوا:لە ئێستادا خەریکی پڕۆژەیەکم بۆ(دایکی نەوەی ئەنفال) کە بریارە لە شاری کەلار دایبنێین،کەئەم کارە گێرانەوەی رووداو وەبیرهێنانەوەی مێژوو کەسایەتیەکانە بۆ نەوەی داهاتوو پاراستنیانە لە لەناو چوون،دواتر دەربارەی هونەری پەیکەرتاشی گوتی:ئەکرێت من وەک خۆم بڵێم هونەرێکە زوو دەگاتە ڕۆح،بەپێچەوانەی پێشوو لە ئێستادا بە پێچەوانەوە پەیکەری هونەرمەندانی خۆمان جێی باخی زۆرینەی کەسایەتیە روشنبیری و دیارەکانی کوردستانە، دەربارەی چیی بۆپێشمەرگە و شەهیدان هەیە ئاسۆس جاف گوتی: بەدڵنیاییەوەپێشمەرگە وشەهید و شەرەڤان گرنگی تایبەتیان هەیە و دەبێت شانازیا پێوە دەکەم.دەربارەی دواپڕۆژەی هونەری ئەوپەیکەرتاشە گوتی: لەم دووهەفتەداپڕۆژە تازەکەم بۆ (دایکی نەوەی ئەنفال)نمایش دەکەم.

عەمار کوفی ئازارەکانی ڕۆژئاڤا دەکات بەکلیپ

هەمزە سەرحان

هونەرمەند و گۆرانیبێژ عەمار کوفی نوێترین کلیپی بۆ ڕۆژئاڤای کوردستان بڵاوکردەوە.عەمار کوفی، لە چەنالی تایبەتی خۆی لە یوتیوب نوێترین قیدیۆ کلیپی خۆی بە ناوی ڕۆژئاڤا بڵاوکردەوە، لە تێکستی خالید عومەرە، کاری ئەرێنجمێنی لەلایەن ڕێناس کورداخ بۆ کراوە، لە دەرهێنانی کاروان میسکیە.عەمار کوفی خەڵکی شاری زاخۆیە، یەکێک بو لە بەشداربوانی بەرنامەی بەناوبانگی عەرەبی "عەرەب ئایدڵ" کە بەناوی کوردستانەوە بەشداری کرد و بەزمانی کوردی و عەرەبی گۆرانی دەوت و توانی بە دەنگی سەرنجی جەماوەرێکی زۆری کورد و عەرەب ڕابکێشیت.





ئێوارەیەکی دیکە بۆ عەشق

بە ئامادەبوونی بەشێک لە نووسەران و شاعیران و هەوادارانی شیعر، کۆڕێکی شیعری بۆ شاعیری لاو، هاشم چەمخارا لە کافێی مۆزەخانەی نیشتیمانیی ئەمنەسوورەکە لە سلێمانی ڕێکخرا.هاوکات هونەرمەندانی موزیکژەن بەژەنینی چەند ئامێرێکی مۆزیک هاوشانی خوێندنەوەی شیعرەکان، کۆڕەکەیان خۆشترکردبوو.



سەلما ئێزدی کچۆڵەیەکی ژەنیاری بە توانا


خاتونی بچکۆلە (سەلما ئێزدی) خونچەیەکی گوڵزاری موزیک ، ئاوازی سۆلاف دەژەنێت .. ئەم خونچە بەهرەمەندە دانیشتوی وڵاتی بەلجیکایەوە لە تەمەنی(**7**) ساڵیەوە مامۆستاکەی موزیسیانی ناودار (سهاد نەجم) و خێزانەکەی هاوکارو هاندەری بوون بۆ فێربوونی ئامێری قانون ، ئێستا لە تەمەنی (**11**) بەهاریدایەو بووەتە ناوێکی دیار لە دنیای موزیکی جیهانیدا بەوەی کە لەو تەمەنە کورتەدا توانیویەتی بەهرەیەکی خەیاڵی پێشکەش بکات و ببێتە خاوەنی چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتی ..

ڕێبوار هەورامی

دەستەکانی ئەلیسا

دوای ئەوەی گۆرانیبێژی شۆخی لوبنانی ئەلیسا توانی بەسەر نەخۆشی شێرپەنجەی مەمکدا زاڵ بێت،کە دووچاری ببووەوە، ئەمجارە بە گوێرەی لێکۆڵینەوە پزیشکیەکان دەستی ڕاستی بەهۆی ئەو دەرمانانەی وەری گرتبوون دووچاری نەخۆشییەکی دەگمەن بۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لە بڕۆکسل نەشتەگەریەکی بۆ ئەنجامدا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، ئەمجارەیان نەشتەگەری دووەمی لە ئەلمانیا بۆ ئەنجامداوە. لەگەل ئەوەشدا هەوادارانی ئەلیسا لەو بروایەدان کە ناوبراو سەرباری دوو نەشتەگەری هێشتا دەستەکانی وەک جاران باش نەبۆتەوە، ئەم دۆخەش نیگەرانی کردووەن.





هەڵوێست نوێترین بەرهەمی بڵاوکردەوە

هونەرمەند و گۆرانیبێژ هەڵوێست نوێترین بەرهەمی بە ناوی ئاسمان بڵاوکردەوە، کە یەکێک بو لە گۆرانیەکانی ناو فیلمی سینەمایی کوردی، پەیکەری دڵ.هەڵوێست لە چەنالی تایبەتی خۆی لە یوتیوب، ئاسمان-ی بڵاوکردەوە، لە تێکستی هونەرمەند خۆیەتی، کاری میکس و ئەرێنجی لەلایەن ئەفشین شوکری بۆ کراوە، لە دەرهێنانی شوان عەتوفە.هەڵوێست موحەمەد لەدایکبوی شاری هەڵەبجەیە، لە ساڵی 2002دەستی بە کاری مۆنەری کردوە، خاوەنی چەند گۆرانی و ڤیدیۆ کلیپێکە.